# هەرێمی کوردستان و مافی کەمینەکان


د.عەبدولڕەحمان کەریم درویش
پ. د. مونا یوخەننا یاقۆ
عەلی کوردستانی
پ.ی.د.چواس حەسەن
پەیڕەو ئەنوەر
مەحموود بابان



ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Centre

# هەرێمی کوردستان و
# مافی کەمینەکان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center

# هەرێمی کوردستان و
# مافی کەمینەکان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
مرکز دراسات رووداو
Rudaw Research Center

چاپی یەکەم
2721 ـی کوردی - 2022 ـی زایینی
ناونیشان: هەولێر - باشووری کوردستان
چاپی یەکەم : ئابی 2022

هەموو مافەکانی ئەو پەرتووکە پارێزراوە بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوەو بەکارهێنانەوەیەکی قەدەخەیە.

ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی هەرێمی کوردستان ( 680 )ی 2022 بۆ تەرخانکراوە.

www.rudawrc.net

# نێوەڕۆک


**جیۆگرافیای هەمەڕەنگیی کولتووری لە هەرێمی کوردستان** 7
د.عەبدوڕەحمان کەریم درویش

**چوارچێوەی یاسایی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق** 45
پ.ی.د.چواس حەسەن

**بەشداری سیاسیی کەمینەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق** 89
پ. د. مونا یوخەننا یاقۆ

**کۆمەڵگەی کوردستانی و مافی کەمینەکان** 111
پەیڕەو ئەنوەر

**روانگەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان سەبارەت بە رەوش و مافەکانیان لە هەرێمی کوردستان** 135
عەلی کوردستانی - مەحموود بابان

# جیۆگرافیای هەمەڕەنگیی کولتووری لە هەرێمی کوردستان

د.عەبدولڕەحمان کەریم دەروێش

## پێشەکی

کوردستان ناوچەیەکی شارستانیی دێرینە، لەچاخە هەرە کۆنەکانەوە ئاشنای ژیانی مرۆڤ بووە و چەندین گەل و نەتەوەی جیاوازی تێدا نیشتەجێبوون. ئایین، ئایینزا و کولتووری هەمەجۆر لەسەر خاکەکەی گەشەیان کردووە، دەکەوێتە ناوچەی ململانێی ئایینی و ئیتنیکیی خوێناوی کە هەر ئەمەش هۆکاربووە لەوەی نەبێتە خاوەنی سەروەریی خۆی وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵام دانیشتووانەکەی بە هەموو رەنگە جیاوازەکانییەوە توانییان کولتووری پێکەوەهەڵکردن و پێکەوەژیانی خۆیان بپارێزن و جیهانێکی تایبەت بۆ خۆیان بخولقێنن و خۆیان لە هەر باندۆرێکی نێگەتیڤی سیاسەتی دەوڵەتان و هێزەکانی دراوسێیان بپارێزن، بەمجۆرەش کوردستان تاوەکو ئەمڕۆش پەناگەیەکی ئارامە بۆ ئەوانەی رای جیاوازیان هەیە و عەوداڵی ئازادین لە ناوچەکەدا.

ئـەم لێکۆڵینەوەیـە، بـەو سـیفەتەی کـە لێکۆڵینەوەیەکـی وەسـفیی شـیکارییە، هەوڵـدەدات هەمەڕەنگیی ئایینی و ئیتنیکی و مەزهەبی لە هەرێمـی کوردسـتان پێناسـە بکات و باسـێکی جیۆگرافیای هەمەڕەنگیی کولتـووری و گرنگییەکـەی بـکات و فۆکـەس بخاتـە سـەر شـیکردنەوەی ریشـەداریی بەهاکانـی کـە پێگـە و رۆڵـی ئـەو دیـاری دەکـەن نـەک ژمـارە و رێژەکـەی. لێکۆڵینەوەکـە لـەو گریمانەیـەوە سـەرچاوە دەگـرێ کـە دەڵێـت پەیوەندییەکانـی فرەڕەنگیـی کولتـووری لـە کوردسـتان رەسـەن و خـودان رەگوڕیشـەیە و دەتوانـن پەرەبسـتێنن و دەشـکرێ گەشـەی پێبـدرێ و وەهـای لێبکـرێ کـە ببێتـە تیۆرییەکـی بنەڕەتـی بـۆ کاروبـاری گشـتی. توێـژەر بـۆ ئەنجامدانـی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە سـوودی لـە میتـۆدی وەسـفیی شـیکاری وەرگرتـووە و پشـتی بـە ژمارەیـەک سـەرچاوە و ژێـدەری هەمەجـۆر بەسـتووە. لێکۆڵینەوەکـەش لەسـەر پەیکەربەندییەکـی پێکهاتـوو لـە دوو تـەوەری سـەرەکی رێکخـراوە، هەریـەک لـەم دووانـەش چەنـد لـق و پۆپێـک لەخۆدەگـرن. یەکەمیـان لێکۆڵینەوەیـە لـە جیۆگرافیـای فرەڕەنگیـی نەتەوەیـی و ئیتنیکـی لـە کوردسـتان و دووەمیـان، لێکۆڵینەوەیـە لـە جیۆگرافیـای فرەڕەنگیـی ئایینـی و مەزهەبـی. لەڕێـی ئـەم لێکۆڵینەوەیەشـەوە پەرژاوینەتـە سـەر کێشـە بنەڕەتییەکـەی دیمۆگرافیـا و فرەکولتـووری و هـۆکاری بەدەسـتنەهێنانی مافەکانـی و ئاینـدەی نارۆشـنی.

**یەکەم: جیۆگرافیای نەتەوەیی و ئیتنیکی لە هەرێمی کوردستان**

**لقی یەکەم: پێناسەی هەرێمی کوردستان**

هەرێمـی کوردسـتان، کـە هەنـدێ جـار بـە هەرێمـی باکـوور یـان هەرێمـی نەینـەوا یاخـود باکـووری عێـراق و زۆر نـاوی دیکـە دەناسـرێ، ئاماژەیـە بـۆ ئـەو ناوچـە شـاخاوی و گردۆڵکەییـەی لـە چیاکانـی حەمریـن و مەکحولـەوە بـەرەو باکـوور درێـژ دەبێتـەوە. ناوچەیەکـی هەمەڕەنگـی

کولتوورییە کە زۆر ناوچەی کولتووری نەتەوەیی، ئایینی و مەزهەبی لەخۆدەگرێ (خصباک 1973: 123- 157)، کوردستان لەڕووی شارستانی و فکرییەوە بەشێکە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان کە دەکەونە ناو دەوڵەتەکانی: ئێران، تورکیا و سووریا. دانیشتووانەکەی پێیانوایە خاکەکەیان بەشێکە لە نیشتمانی گەورەی کوردستان کە لە نێوان عێراق، تورکیا، ئێران، سووریا، ئەرمینیا و ئازەربایجان دابەش بووە. هەر بەمجۆرەش ناسنامەی گەلی کوردستان لەنێوان ئەم دەوڵەتانەدا دابەش بووە و هەر دەوڵەتێک هەوڵدەدات ناسنامە کوردستانییەکەی بندەستی خۆی لەناوببات. گرێدراوییەکی جیۆگرافی و مێژوویی و شارستانیش هەیە لەنێوان گەلی هەرێمی کوردستان و هەریەک لەو پارچانەی دیکە، وەکچۆن بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازیی نیشتمانیش هەیە کە بۆ رزگاریی ئەم گەلە و بەدیهێنانی یەکێتی نیشتیمانی تێدەکۆشن (ئێزدی 1992: 23-42).

## یەکەم: جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان

ئەم هەرێمە لە دوو ناوچەی سەرەکی پێکدێ: یەکەمیان ناوچەی شاخاوی (درێژییەکەی 490 کم و پانییەکەی لەنێوان 20- 120 کیلۆمەترە) (الطائي 1969: 30)، هەروەها ژمارەیەک دەشتایی لەخۆدەگرێ، لەوانە: شارەزوور، سلێمانی، رانیە و سندی (خصباک 1973: 30). بەڵام ناوچەی دووەم ناوچەی شەپۆلاویە کە وەک دەستپێکی ناوچەی شاخاوی دەردەکەوێ و لە کۆتاییەکانی ناوچەی شاخاوییەوە دەستپێدەکات، لەلای باشوورەوە هاوسنوورە لەگەڵ زنجیرە چیایەکی پچڕ پچڕی وەک زنجیرەکانی عەدیە، مەکحێل، مەکحول و حەمرین. ئەم چیایانە دەبنە سنووری جیاکەرەوەی زۆر دیاردەی سرووشتی و مرۆییش، ژمارەیەک دەشتیش لەخۆدەگرن وەک دەشتەکانی حەمرین، دیبەگە، هەولێر و دەشتی باکووری شنگال،

هەروەها بەرزاییەکانی کەرکووک، ئاشوور لە نەینەوا (خصباک 1973: 41-42). درێژیی ئەم ناوچەیە نزیکەی 1050 کیلۆمەترە و پانییەکەشی لەنێوان -150 180 کیلۆمەترە (الطائي 1969: 33). کەشوهەوای هەرێمی کوردستانیش جیاوازە لە ناوچەکانی دیکەی عێراق و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کەشوهەوای دەریای ناوەڕاست، ئەمەش سیفەتێکی مامناوەندی دەداتێ کە هاوکارە بۆ رووانی رووەکی سرووشتیی زۆر و بەرفراوانبوونی لەوەڕگە، هاوکات دەوڵەمەندیشە بە سەرچاوەکانی ئاو و ژمارەیەک رووباری پێدا تێدەپەڕێ وەکو دیجلە، پێشخابوور، زێی گەورە، زێی بچووک، سیروان ، ئاوەسپی ، ئەڵوەند و زۆری دیکە، ئەم رووبارانەش ژینگەیەکی گونجاویان خوڵقاندووە بۆ پەیدابوونی کۆمەڵگەی مرۆیی و کشتوکاڵ (عمر 2006: 53).

**دووەم: فیزیۆگرافیای مرۆیی لە هەرێمی کوردستان**

خاکی هەرێمی کوردستان لە دێرزەمانەوە شیاو بووە بۆ ژیان، ناوچە شاخاوییەکان هەمیشە وەکو پەناگەیەک بوونە بۆ مرۆڤ و لە ئەشکەوتەکانی ناوچە شاخاوییەکاندا پاشماوەی ئێسکی مرۆڤ دۆزراونەتەوە کە بۆ چاخی زۆر دێرین دەگەڕێنەوە. دۆڵ و دەشتەکانیشی لانکەی گەشەکردنی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان بووە. هەندێ لە شوێنەکانی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە ناوچە شاخاوییەکان تاوەکو ئەمڕۆش هەر ئاوەدانن. شارۆچکەکانی وەکو رواندز، ئاکرێ، پیرمام، چوارتا، ناوچەی هەورامان، هێرۆ و هەڵشۆ و دەیان ئاوەدانیی دیکە لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە ئاوەدانن و شاهیدێکی زیندوون لەسەر بەردەوامیی ژیان لەو ناوچانە (دەروێش 2009). ناوچە شەپۆلاویەکان و دۆڵەکانیش بەهەمان شێوە پەناگەیەکی گونجاو بوونە بۆ مرۆڤی سەرەتایی کە دواتر بوونە کۆمەڵگەی گەورە و سەرهەڵدانی شار و شارستانێتی. دەشتە بەرینەکانیشی

بوونە سەنتەری شارستانێتی گرنگ و چەندین ئاسەواری شاری کۆن و شارستانێتییان تێدا دۆزراونەتەوە. زۆرینەی خەڵکی کوردستان لەو شارانەدا کۆبوونەتەوە کە لە نزیک چیاکان بنیاتنراون، یان لەو دەشتانەی نزیکن لە ناوچە شەپۆلاوییەکان. ناوداترین و کۆنترین شارەکانیشی لەو ناوچە دەشتاییە کراوانەدا بنیاتنراون کە هاوتەریب لەگەڵ چیاکان درێژبوونەتەوە هەر لە بەدرە و مەندەلییەوە تاوەکو کەرکووک و هەولێر و شنگال. ئەمڕۆش دەشتەکانی سندی، زاخۆ، شارەزوور، سۆران، رانیە و دەشتی نەینەوا بوونەتە ناوچەی چڕبوونەوەی دانیشتووان کە دەیان گوند و شارۆچکە و شاری گەورەی وەک سلێمانی، دهۆک، رانیە و سۆران لەخۆدەگرن (دەروێش 2009). بوونی زنجیرە چیای تەریب لە کوردستان و هەروەها دۆڵ و رووبارە زۆرەکانی هۆکار بوون بۆ سەرهەڵدانی رووبەر و ناوچەی ئەوتۆی خاوەن تایبەتمەندی کە بە تێپەڕینی کات کولتووری تایبەت بە خۆیان دروستکردووە و ئەمەش دەوڵەمەندییەکی داوەتە هەمەڕەنگیی کولتووری لە کوردستان.

## سێیەم: جیۆگرافیای مێژوویی لە هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان وەک گوتمان لە دێرزەمانەوە پەناگەی مرۆڤ بووە، شارەزایانی مێژوو وای دەبینن کە ئەو زەمەنەی لە مێژووی کورددا شایانی ئاوڕلێدانەوەیە، زەمەنی پەرەسەندنی تەکنیکی بەراییە (لە 30 هەزار تاوەکو سێ هەزار ساڵ پێش زایین) کە ئاسەواری ژیان بەشێوەیەکی روون لە ئەشکەوتەکانی شانەدەر لە بارزان و هەزارمێرد لە سلێمانی دۆزراوەتەوە، هەروەها ئەشکەوتەکانی زەرزی، بێستوون، تامتاما و کورکورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان (باقر 1987: 77) و (ئێزدی 2004: 84).

دۆزینەوەکانی شوێنەوار وا دەردەخەن کە یەکەمین گوندی کشتوکاڵی

لە جیهاندا لە هەرێمی کوردستان دۆزراوەتەوە، گوندی چەرمۆ لە چەمچەماڵ کە ئێستاش ئاوەدانە و ژمارەی دانیشتووانەکەی دوو هەزار بۆ 2500 کەس دەبن (پیربال 2007: 7)، ئەمەش کۆنترین شوێنە کە تاوەکو ئەمڕۆ بە ئاوەدانی مابێتەوە و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەی بەشێوەیەکی سرووشتی گەشەی کردبێ (رەشید 2003: 87).

ئەم هەرێمە بە درێژایی مێژوو بەهۆی هەڵکەوتەکەیەوە مرۆڤی بۆ خۆی کێشکردووە (رەشید 2003: 163)، دەشتوانین بە روونی پۆلێنی زنجیرە ئیتنۆلۆجی و ئیتنۆگرافییەکان و ئەو ئایین و مەزهەب و باوەڕانە بکەین کە لەم ناوچەیەدا هەبوون (پیربال 2007: 30)، هەربۆیە ئەم ناوچەیە وا پۆلێن دەکرێ کە ناوچەی پێکەوەگرێدانەوەی ئیتنۆلۆجی و ئیتنۆگرافی و کولتووری بووە و نیشتیمانی چەندین گرووپی مرۆیی و باوەڕ بووە کە رەگوڕیشەیان بە قووڵایی مێژوودا رۆچووە و لە پێکداچوون و کارلێکی بەردەوامدا بوون لەنێوان خۆیان، لەبەرئەوەشە دەبینی ئەم گرووپە مرۆییە جیاوازانە چەندین رووی هاوبەش و لێکچوویان هەیە، بەڵام بە تایبەتمەندیی خۆیانەوە کە جیایاندەکاتەوە لە هاوشێوەکانی خۆیان لە شوێنەکانی دیکەی جیهان (دەروێش 2020).

**چوارەم: ئیشکالیەتی جیۆگرافیای هەرێمی لە هەرێمی کوردستان**

باشووری کوردستان کاتێک پەیدابوو کە بەشێک لە خاکی کوردستان بە عێراقەوە لکێنرا، پاش ئەوەی لەلایەن بەریتانیاوە کرایە دەوڵەت. بەریتانییەکان سەرەتا ئەم بەشەیان بە کوردستانی باشوور ناودەبرد (ئێزدی 1992)، پاشان ناوی عێراقیان پێکەوە لکاند بۆ جیاکردنەوەی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان (میرزۆیێڤ 2010: 201-109). پاش راپەڕینی ئاداری 1991 بەشێک لە خاکی کوردستان ئازادیی بەدەستهێنا

و هەرێمی کوردستان پێکهات، بەڵام بەشێکی هەر لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی دا مایەوە، دواتر چوارچێوەیەک بۆ چارەسەری کێشەی ئەم ناوچانە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی 2005دا و لە چوارچێوەی مادەی 140 دانرا، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم مادەیە تاوەکو ئێستا بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە و ئەم ناوچانە ئێستا وەک ناوچەی ناکۆکی لەسەر دەناسرێن (دەروێش 2020: -192 194).

کورد زۆرینەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان پێکدێنن، ئەم خاکەش لە چەندین سەدە لەمەوبەرەوە بەناوی ئەوانەوە ناونراوە. کورد گەلێکی دێرینی ناوچەی چیاکانی زاگرۆسن، سەر بە ئیتنیکی گەلانی دێرینی ناوچەکەن و تێکەڵ بەو شەپۆلی کۆچبەرانە بوون کە لە رۆژهەڵات و رۆژئاواوە هاتوون و لەوێ نیشتەجێبوون (زەکی بەگ 2005: -59 63). زمانی کوردییش لە کۆمەڵێک شێوەزاری سەرەکی پێکهاتووە (قومەندار 2014).

1 - کورمانجیی سەروو: دانیشتووانی ناوچەکانی بەری رۆژئاوای زێ و حەوزی لای باکووری دیجلە قسەی پێدەکەن، ئەمە شێوەزاری زۆرینەی کوردە. کتێبە پیرۆزەکانی ئایینی ئێزدی و هەندێ تەریقەتی سۆفیگەری بەم شێوەزارە نووسراون.

2 - کورمانجیی ناوەڕاست: دانیشتووانی ناوچەکانی نێوان زێی گەورە و رووباری سیروان قسەی پێدەکەن.

3 - کورمانجیی خواروو: ئەمەش شێوەزاری کوردی ناوچەکانی باشووره وەک لوڕ، کەلهوڕ و لەک، بە دێرینترین شێوەزارەکانی زمانی کوردی دادەنرێ و دانیشتووانی ناوچەکانی بەری رۆژهەڵاتی رووباری سیروان تا بەدرە و جەسسان قسەی پێدەکەن و چەندین لقی لێدەبێتەوە.

4 - گۆرانی: ئەمەش شێوەزارێکی کۆنی زمانی کوردییە، لە کۆندا زمانی باڵا بووە لەسەر ئاستی ئەدەبی و ئایینی. زۆرینەی

دەقــە کۆنــەکان بــەم شــێوەزارە نووســراون کــە ئێســتا بــە هەورامــی، شــەبەک، یــان ماچــۆ و باجەلانــی دەناســرێ. کتێبــە پیرۆزەکانـی کاکەیـی و شـەبەک کـە بـە زۆر ناوچـەی کوردسـتاندا بڵاوبوونەتــەوە، بــەم شــێوەزارە نووســراون.

هــەر یەکێــک لــەم شــێوەزارانە خــودان بونیادێکــی کولتووریــی تایبەتــن، کۆمەڵگــەی کوردییــش کۆمەڵگەیەکــی ئیتنۆگرافییــە کــە کۆمەڵێــک پێکهێنــەری ســەرەکی هەیــە و هەموویــان پێکــەوە بڕبــڕەی پشــتی نەتــەوەی کــورد پێکدێنــن. کــورد بــە هەمەڕەنگیــی پێکهێنەرەکانــی جیادەکرێتــەوە کــە هەمەڕەنگییەکــی ئایینــی و مەزهەبــی و ناوچەیــی و کولتوورییــە. سرووشــتی شــاخاویی کوردســتان و مێــژووە دێرینەکــەی رۆڵیـان لـە فۆرمولەبوونـی ئـەم هەمەڕەنگییـەدا گێـڕاوە. کـورد لـەڕووی ئایینــەوە لــە موســوڵمان، جــوو، کریســتیان، ئێــزدی و کاکەیــی و.. هتــد پێکدێـن. لـەڕووی ئایینـزاوە سـەر بـە مەزهەبـی جۆراوجـۆرن، بـۆ نموونـە موســڵمانانی کــورد دابەشــبوون لەنێــوان ســوننە، شــیعە، حەقــە و عەلـەوی و..هتـد. ئیسـلامی کوردییـش بـەوە ناسـراوە کـە رەهەندێکـی ســۆفی و عیرفانــی هەیــە (مکــدول 2004: 40 - 47).
جگــە لــەوە، کــورد وەکــو نەتــەوەش لــە چەندیــن پێکهاتــەی گرنگــی وەکــو شــەبەک، هەورامــی، گــۆران، باجــەلان، فەیلــی، زازاکــی، دۆم و لـەک و..هتـد پێکهاتـووە، چونکـە هـەر ناوچەیەکـی کوردسـتان خـودان ژینگەیەکــی کولتووریــی تایبەتــە (ئێــزدی 1992: 22-1). ئــەو خاکــەی کــوردی لەســەر نیشــتەجێن بــە چەندیــن نــاوی جیــاواز ناســراوە، وەکــو وڵاتــی چیــاکان، یــان هاوینەهەوارەکانــی کــورد، وڵاتــی کــورد و زۆربــەی ئــەم ناوانــەش ئامــاژەن بــۆ وڵاتێــک کــە کــورد تێیــدا نیشــتەجێیە. نــاوی کوردســـتانیش کاتێــک پەیدابــوو کــە ســەلجوقییەکان بــە فەرمــی بــۆ ناوچــە زۆرینــە کوردەکانیــان بەکارهێنــا و لــە کــۆی ئــەو ناوچانــەش ولایەتێکیـان بـەو نـاوە پێکهێنـا. لەوکاتـەوە ئیـدی نـاوی ئـەم خاکـە کـە

لـە دێرزەمانـەوە کـوردی لەسـەر ژیـاوە، بـە کوردسـتان ناسـرا (زەکـی بـەگ 2005: -30 32). ئـەم وڵاتـە لـە پـاش جەنگـی یەکەمـی جیهانـی بەسـەر چـوار وڵاتـدا دابەشـکرا و لەوکاتـەوە ئیـدی دۆزی ئـەم گەلە بووە یەکێـک لـە ئاڵۆزتریـن دۆزە سیاسـییەکانی ناوچەکـە (Hennerbichler 2011).

**لقی دووەم: جیۆگرافیای ئیتنۆ - نەتەوەیی هەرێمی کوردستان**

لەگـەڵ گەلـی کـورد، ژمارەیـەک گەلی دیکەش لەسـەر خاکی کوردسـتان دەژیـن کـە پێکـەوە ناسـنامەی نیشـتمانیی کوردسـتان پێکدێـن. ئـەم گەلانـە هـەر لـە بنەڕەتـەوە لـە دانیشـتووانی ڕەسـەنی کوردسـتانن، هەندێکیشـیان لـە ناوچـەی دیکـەوە هاتـوون و کوردسـتانیان وەک پەناگەیەکـی ئـارام بـۆ ژیـان و مانـەوە بینیـوە. گرنگترینـی ئـەو گرووپـە ئیتنیکییانـەش ئەمانـەن:

**یەکەم: گرووپی کلدانی، سریانی، ئاشووری**

گرووپێکـی نەتەوەیـی ئیتنۆگرافیـن و لـە کلـدان و سـریان و ئاشـووری پێکدێـن. بـە شـێوەزارێکی زمانـی سـریانی دەپەیڤـن کە لـە زمانـی ئارامیی کۆنـەوە داکەوتـووە (بـراون 2006: -21 39)، ئەمـان لـە پاشـماوەی ئـەو گەلانـەن کـە لـە دێرزەمانـەوە لـە میزۆپۆتامیـا نیشـتەجێبوون، وێـڕای ئـەوەش زەحمەتـە بتوانـی ناسـنامەی ئیتنۆلۆجییـان بـە وردی دەستنیشـان بکـەی (خصبـاک 1973: 230). بـەڵام بێگومـان یەکێکـن لەو گەلـە دێرینانـەی لـە هـەزاران سـاڵ لەمەوبـەرەوە لـەم ناوچەیـە ژیـاون. تـەواوی ئـەم پێکهاتانـە سـەر بـە ئایینـی کریسـتیانن، بـەڵام هەریـەک لەم پێکهاتانـە ئینتیمایـان بـۆ تایفەیەکـی ئایینـی جیـاواز هەیـە و کەنیسـەی تایبـەت بـە خۆیـان هەیـە، بـەم جـۆرەش سـێ کەنیسـەی جیاوازی سـریانی

و کلدانــی و نەســتووری هــەن. قەتیســبوونی کریســتیانێتی بەهــۆی هەڵمەتەکانــی کوشــتن، ڕاگواســتن و ســەرکوتکاری لەســەر دەســتی دەوڵەتــی عوســمانی، هــاوکار بــووە لــە گردبوونــەوەی کریســتیانەکان لــە دەوری یەکــدی و لێکنزیکبوونەوەیــان لەپێنــاوی مانــەوە و پارێــزگاری لــە ئایینــی خۆیــان، ئەمــەش بــە تێپەڕینــی کات ناســنامەیەکی هاوبەشــی بــۆ دروســتکردوون و لەمەشــدا قووڵایــی مێــژوو، یەکێتــی زمــان و ئاییــن هاوکاریــی کــردوون.

**کلدان**

کلــدان گرووپێکــی ئیتنیکــی خــودان مێژوویەکــی دێرینــی ناوچــەی میزۆپۆتامیــان، زۆرینەیــان ســەر بــە کەنیســەی کلدانیــی کاتۆلیکیــن. ئەمــڕۆش بــە زۆر ناوچــەی کوردســتاندا بڵاوبوونەتــەوە. ڕای جیــاواز هەیــە ســەبارەت ریشــە و ڕەچەڵەکــی کلدانــەکان، بــەڵام هەرچــۆن بێــت ئــەوان ئەمــڕۆ گرووپێکــی خــاوەن تایبەتمەنــدی و ناســنامەی خۆیانــن (فتوحــی 2004) و پەیوەنــدی نزیکیــان لەگــەڵ گرووپــە ئیتنیکییەکانــی دیکــەی کوردســتان هەیــە (نعمــان 2005).

**سریان**

ســریانەکانیش گرووپێکــی دێرینــن کــە ڕەگوڕیشــەیان بــە قووڵــی بــە مێــژوودا ڕۆچــووە. نوێنەرایەتــی شارســتانێتی و زمــان و ئایینێکــی دێریــن دەکــەن و خاوەن ناســنامەی خۆیانــن. زۆرینەی کریســتیانەکانی ڕۆژهەڵات بــە زمانــی ســریانی دەپەیڤــن، لەکاتێکــدا لــەڕووی نەتەوەییــەوە ئینتیمــای خۆیــان بــۆ ڕەچەڵەکــی جیــاواز دەگێڕنــەوە، بــەڵام هەندێکیــان خۆیــان بــە نەتــەوەی ســریان دەزانــن کــە ڕەگوڕیشــەکەی دەچێتــەوە ســەر ئارامــی (نیســکۆ 2020).

## ئاشوورییەکان

بونیــادی کۆمەڵایەتــی ئاشــووری لەســەر ڕێکخســتنێکی عەشــیرەتی دامــەزراوە. دیارتریــن هۆزەکانیــان بریتیــن لــە: تیــاری، جولەمێــرگ، بــاز، دێــرا، بانــزی، توخــۆی، ڕۆنتکــی، بێلانــی، داڵتــۆن، دیــزۆ، کاڵ، کووشــەر و نیــروە. هــەر هۆزێــک لەمانــە ســەرۆکی خۆیــان هەیــە کــە وەکــو میــرن. مــار شــەمعوون ســەرۆکایەتی کەنیســەکەیان دەکات و هــەر خۆیشــی بەرپرســە لــە بەڕێوەبردنــی کاروبــاری گشــتی و هەروەهــا ئایینییشــیان، بەمــەش هەمیشــە هاوبەشــییەک هەبــووە لەنێــوان هــەردوو بونیــادی ئایینــی و نەتەوەیــی لای ئاشــوورییەکان و کەنیســەش نوێنەرایەتــی ئــەم کیانــە نەتەوەیــی- ئاینییــەی کــردووە و بەرزتریــن دەســەڵاتی سیاســی نــاو ئــەم گرووپــەی هەبــووە، ئەمــەش بونیادێکــی ڕێکخراوەیــی- سیاســی و ســەربازی بــەم گرووپــە بەخشــیوە کــە لــەڕووی ئایینییــەوە ســەر بــە کەنیســەی نەســتوورین و ئــەم کەنیســەیەش وەکــو میراتێکــی مێژوویــی و بەشــێکی گرنــگ لــە ناســنامەی خۆیــان دەبینــن. ئاشــوورییەکان چ لــە ســەردەمی دەوڵەتــی عوســمانی و چ دواتــر لەســەردەمی دەوڵەتــی عێراقــدا، ڕووبــەڕووی هەڵمەتــی لەنێوبردنــی بــە بەرنامــە بوونەتــەوە. لــەو ســاڵانەدا کــە بــەرەوڕووی ڕاگواســتن و لەنێوبــردن و تواندنــەوە دەبوونــەوە، ژمارەیەکــی زۆریــان بــەرەو ئەوروپــا، ئەمریــکا و ئوســترالیا کۆچیانکــرد. لەگــەڵ ئــەوەدا ئێســتاش هــەر ڕێژەیەکــی گــەورە لــە کریســتیانەکانی کوردســتان پێکدێنــن، وەک چــۆن لــە ئێــران، تورکیــا و ســووریاش هــەن، واتــە ئەوانیــش وەکــو نەتــەوە دابەشــی ســەر چــوار وڵات بــوون (افــرام 2003: 8- 22)- (شــیبرا 2001: 53).

ئــەم گرووپانــەی ئاماژەمــان بــۆ کــردن، مــاوەی چەندیــن ســەدەیە تایبەتمەندییــە هاوبەشــەکانیان پێکــەوەی گرێــداون، ئــەو تایبەتمەندیانەی کــە بــۆ شــێوەگرتنی نەتەوەیــەک پێویســتن. لەنێــوان ئــەم گرووپانــەدا

زۆر شتی هاوبەش هەن، هەر لە زمان و ئایینەوە تاوەکو ناوچەی نیشتەجێبوونیان. هەمووشیان جگە لە ئاشوورییەکان کۆمەڵگەی ناعەشیرەتین و زۆرتر بە کاری بازرگانی و پیشە دەستییەکانەوە سەرقاڵ بوون، پەیوەندی نزیک و پێکداچوویان لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان و بەتایبەتی کورد هەیە. سەرجەم پێکەوە نزیکەی ٪5ی دانیشتووانی کوردستان پێکدێنن، لە پەرلەمانی کوردستانیش دا پێنج کورسی کۆتایان هەیە (ویکرام 2004: 7) (بابو اسحاق 2008: 183).

**دووەم: ئەرمەن**

ئەرمەن یەکێک لە نەتەوە دێرینەکانی ناوچەی زاگرۆس و قەوقازن و لە سێ هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە نیشتەجێی ئەم ناوچەیەن. بە زمانی ئەرمەنی دەپەیڤن و بە رەچەڵەک لەو هۆزانەن کە لە دێرزەمانەوە لەم ناوچەیە ژیاون (المدور 1980: 167- 185). بە باوەڕ کریستیانی ئەرتۆدۆکسن و کەنیسەکەیشیان بە کەنیسەی گریگۆری ناودەبرێ، هەندێکیشیان کاتۆلیکن (عثمان 2013: 11-34)، بەشێکیان لە ترسی ئەو کوشتارەی کە دەرحەقیان کرا و بە کوشتاری ئەرمەن دەناسرێ، بەرەو باشوور هەڵاتن. لە ئەنجامی ئەو کوشتارەدا کە لەسەر دەستی دەوڵەتی عوسمانی کرا، کریستیانێتی لە ناوچەی ئەناتۆلیا بە تەواوی لەناوچوو (توفیق 2012)، ئەوانەی بەرەو باشوور هەڵاتن و گەیشتنە کوردستان، لە دهۆک و هەندێ ناوچەی هەولێر گیرسانەوە. ئەمڕۆش لە پەرلەمانی کوردستاندا یەک کورسی کۆتایان هەیە. بەشێکی ئەرمەنەکان لە ناوچەکانی دیکەی عێراقیش نیشتەجێ بوون، بەڵام دواتر زۆرینەیان بەهۆی ئەو سەرکوتکارییەی لەلایەن حکومەتەکانی عێراقەوە بەرەوڕووی بوونەوە، بەرەو دەرەوەی عێراق کۆچیان کرد (غفور 2006: 50).

بەشـێوەیەکی گشـتی، ئـەو گرووپانـەی لەسـەر ئایینـی کریسـتیانن، هەموویـان لەسـەر دەسـتی حکومەتەکانـی عێـراق بـەرەوڕووی پرۆسـەی لەنێوبردنـی بـە بەرنامـە بوونەتـەوە. ریشـە و ڕەچەڵەکیـان بەهـۆی سیاسـەتی تەعریبـەوە کەوتووەتـە بـەر هەڕەشـە و ئەمـەش ناچـاری کـردوون کـۆچ بکـەن و دەسـت لـە موڵـک و ماڵیـان هەڵگـرن، ئامانـج لـە هەمـوو ئەمانـەش گـۆڕینی کەتـوار (واقیـع)ی دیمۆگرافـی کوردسـتان بـووە بـۆ ئـەوەی نەتـەوەکان نەتوانـن ئیرادەیەکـی هاوبـەش بـۆ بڕیـاردان لـە چارەنووسـی خۆیـان و دوور لـە دەسـەڵاتی ناوەنـدی دروسـت بکـەن.

**سێیەم: عەرەب**

نەتەوەیەکـە لـە نیمچـە دوورگـەی عەرەبییـەوە سـەریهەڵداوە و بـە رووبەرێکـی بەرفراوانـی باکـووری ئەفریقیـا و باشـووری رۆژئاوای ئاسـیادا بڵاوبوونەتـەوە. لـە ژمارەیـەک هـۆز پێکدێـن و زۆرینـەی هەرەزۆریـان موسـڵمانن. ئەمـڕۆ ژمارەیـەک دەوڵـەت هـەن کـە هەڵگـری ناسـنامەی عەرەبیـن و لـە عێراقیـش زۆرینـەی دانیشـتووان پێکدێنـن (فوسـتر 2006: 42-33). عـەرەب لـە باشـووری کوردسـتان، بەتایبەتـی لـەو ناوچانـەدا بـڵاون کـە دەشـتن و درێژبـووەوەی دەشـتەکانی نێوەڕاسـتی عێراقـن. ئـەو هـۆزە عەرەبانـەی بـۆ ئـەم ناوچانـە کۆچیـان کـردووە، لەبـەر ناکۆکییـان لەگـەڵ هۆزەکانـی دیکـە، یـان لـە ترسـی دەسـەڵاتی ناوەنـدی هەڵاتـوون. کۆنتریـن بوونـی هـۆزە عەرەبییـەکان لە کوردسـتان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی عوسـمانی کاتێـک لای سـنووری باشـووری رۆژئـاوای کوردسـتانیان کـردە لەوەڕگـەی هاوینـە (جمیـل 1956: 280). بەشـی هـەرەزۆری ئـەو هـۆزە عەرەبانـەی لـە کوردسـتان ئاکنجـی بوونـە، لـە موسـڵمانی سـوننەن و ئـەو تەریقەتـی سـۆفیگەرییەش کـە لەنێویانـدا بڵاوە، هەمـان ئەوەیـە کـە لـە ناوچەکانـی کوردسـتاندا هەیـە و بـە تێپەڕینـی کات پەیوەندیـی گەرموگوڕیـان لەگـەڵ پێکهاتەکانـی

دیکـە دامەزرانـدووە. رژێمـە یـەک لـەدوای یەکەکانـی عێـراق ئـەم هۆزانەیـان وەکـو ئامرازێـک بەکارهێنـاوە بـۆ سـەپاندنی دەسـەڵاتی خۆیـان بەسـەر کوردسـتاندا و هـەر بـۆ ئـەم ئامانجـەش عەرەبـی زێدەتریـان لـە ناوچـە کـوردی و تورکمانییـەکان نیشـتەجێکردووە و بـە خسـتنەڕووی هەنـدێ تیـۆری هەوڵیانـداوە رەچەڵەکـی هەمـوو نەتـەوە و تیـرە و هـۆزە ناعەرەبـەکان بکەنـە عـەرەب. بـەم جـۆرەش دوو جـۆر عـەرەب لـە کوردسـتاندا پەیدابـوون: جـۆری یەکـەم ئەوانـەن کـە بـە عەرەبـی رەسـەن ناسـراون و ئەوانـەن بـە هـۆکاری ناسیاسـی لـە ناوچەکـەدا نیشـتەجێبوون، بـەڵام هـاوردەکان ئەوانـەن کـە لەلایـەن حکومەتەکانـی عێراقـەوە بـە ئامانجـی گۆڕینـی دیمۆگرافیـای ناوچەکـە هێنـراون (دەروێـش 2009: 16- 17) (غەفـوور 2006: 41-24).

### چوارەم: تورکمان

کۆمەڵگەیەکـی ئیتنۆگرافیـن، رەچەڵەکیـان دەگەڕێتـەوە سـەر گەلانـی ئاسـیای ناوەنـد، بەتایبەتـی مەنگۆلیـا، تورکمانسـتان و تورکسـتانی رۆژهـەڵات (لـە چیـن). رەچەڵەکـی تورکمانـەکان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئاغـوز کـە بـە چاینـی بـە (تۆکۆمنـک) ناودەبرێـن. لـەو دەشـت و بیابانـە بەرینـەوە هاتـوون کـە لـە نێوەڕاسـتی ئاسـیایە و بـە بیابانـی تورکمـان ناسـراوە. نیشـتیمانی سـەرەتایان دەشـتاییەکانی ئاسـیای نێوەڕاسـتە کـە دەکەوێتـە نێـوان دەریـای خـەزەر، دەریـای خواریـزم و رووبـاری جەیحـوون (غەفـوور 2006: 49). تورکمـان لـە چەنـد سـەردەمێکی جیـاوازدا گەیشـتوونەتە کوردسـتان و ئـەو زمانـە تورکمانییـەی قسـەی پێدەکـەن، لـە چەنـد شـیوەزارێکی جیـاواز پێکهاتـووە (مطـر 2008: 436)، لـە ناوچـە دەشـتایی و شـەپۆلاوییەکان دەژیـن هـەر لـە تەلەعفـەر، مووسـڵەوە تاوەکـو کەرکـووک، داقـوق، ئامرلـی، خورماتـوو، کفـری، قەرەتەپـە و خانەقیـن (الصمانجـی 1999: 24-23)، تورکمـان بەشـداربوون

لەو کۆسیستەمی بەهایەی لە کوردستاندا هەیە و مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان و بەتایبەتی کورد، هەمیشەش بەشێکی کارابوون لە پێکهاتنی ناسنامەی نیشتیمانیی کورد، تەنانەت ناوی کوردستان ئەوکاتە بە فەرمی بڵاوبووەوە کە سوڵتان ئەرتوغروڵی سەلجوقی بۆ ئەم ناوچەیەی بەکارهێنا (دەروێش 2009: 9-7). تورکمان لەڕووی مەزهەبەوە بۆ سوننە و شیعە دابەشبووە، لە چەندین هۆز و بنەماڵە پێکهاتوون و هۆزەکانیان لەگەڵ هۆزەکانی کورد پێکداچوون، بۆیە ئەوە شتێکی باوە کە دەبینین هەندێ هۆز و تیرە هەن هەندێکیان کوردن و هەندێکی دیکەیان تورکمان (ادموندز 1971: 169- 173). سیستمی کۆمەڵایەتی تورکمانی لە بنچینەدا لەسەر پایەی خێزانی بەرفراوان یان بنەماڵە راوەستاوە و ئەم شێوە رێکخستنە کۆمەڵایەتییەشیان لە ئاسیای نێوەڕاستەوە هێناوە (دەروێش 2009: 17) (خصباک 1973: 219). بەهۆی ئەوەی کە زۆربەی ناوچە تورکمانییەکان دەکەونە ئەو شوێنانەی بە ناوچەی ناکۆکی لەسەر ناسراون، ئەمڕۆ بەرەوڕووی رەوشێکی فرەئاڵۆز بوونەتەوە. بەشێکیان کەوتوونەتە ناو هەرێمی کوردستان، بەڵام زۆرینەیان دابەشی سەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بوونە بەگوێرەی مادەی 140ی دەستوور. تورکمان پێنج کورسی کۆتایان لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە.

## دووەم: رەگەزەکانی هەمەڕەنگیی ئایینی و مەزهەبی لە هەرێمی کوردستان

سەرەڕای فرەڕەنگیی ئایینی و مەزهەبی لە هەرێمی کوردستان، هەندێ رەگوڕیشەی هاوبەشیش هەن کە بەشدارن لە بەهێزکردنی پەیوەندییە ناوەکییەکانیان، بۆنموونە دەتوانین سەرچاوەی بەها و باوەڕی ئایینێک لە ئایینێکی دیکەشدا بدۆزینەوە (عوسمان 2002:

92) (میران 2000: 25)، ئەم پێکداچوونە قەبارەی شتە هاوبەشەکان و ئەو میراتە مێژووییە گەورەیەمان بۆ دەردەخات کە ئایینەکان پێکەوە گرێدەدەن. سەرچاوە هەمەجۆرەکانی ئایین لە کوردستان زۆر بەهێز کاریان کردووەتە سەر سرووشتی هەریەک لەو ئایینانە و مۆری هەمەچەشنی و ڕەنگاڵەیی کۆمەڵایەتییان لێداون، هەربۆیە دەبینی سیمبوولی باوەڕە جیاوازەکان و بەهاکانیان زۆر جار هاوبەشن و چەند ئایین و مەزهەبێک پێکەوە هەمان سیمبوولیان هەیە، بەڵام بە کەمێک جیاوازی و دەستکارییەوە (مرعی 2006: 109) ( جەمال نەبەز 2006: 9). کوردستان بە درێژایی مێژوو پەناگەیەکی ئارام بووە بۆ باوەڕە ئایینییەکان و ئەمەش نەریتگەلێکی ئایینی و ڕێچکەیەکی تایبەتی پەرەسەندنی خولقاندووە کە کاریگەر بووە بە ڕەهەندە شارستانی و کەلەپوورییەکانی گەلی کوردستان. لەم نیشتیمانەدا هەشت ئایینی فەرمی و دانپێدانراو هەن کە هەریەکەیان کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر کۆمەڵگەی کوردستانی و فۆرموولەبوونی بەشێکی گرنگ و بنچینەیی بونیادە ڕۆحی و بەهاییەکەی هەبووە و بەشێکی گرنگ لە مێژووەکەی دەگێڕنەوە. کاریگەریشیان بەند نییە بە ژمارەی باوەڕدارانیانەوە هێندەی کە بەندە بە ڕۆڵیان لە دەوڵەمەندکردنی بەها رووحییەکانی بەشێوەیەکی گشتی (دەروێش 2009: 32).

### لقی یەکەم: ئایینە زاگرۆسییەکان (تاوەکووییەکان)

یەکەم: زەردەشتی: بەربڵاوترین ئایین بووە لەنێو کورد پێش ئەوەی ئایینی ئیسلام بگاتە ناوچەکە. پەیدابوون و گەشەکردنی لە کوردستان بە سێ قۆناخدا تێپەڕیوە پێش ئەوەی ببێتە ئایینی دەسەڵات و پاشان چەند مەزهەبێکی تێدا پەیدا بووە. یەکێک لە پایەکانی ئەوەیە کە رووناکی سیمبوولی دادپەروەری و تێکۆشانە لە دژی هێزی خراپە، چونکە هەر مرۆڤێک دەبێ ڕێی خۆی لەنێوان

چاکـە و خراپـە جیابکاتـەوە: (ئاهورامـەزدا- خولقێنـەر- چاکـەکار) و (ئەهریمـەن- خراپـەکار- دروسـتکراو لـە ئاگـر)، لەسـەر سێ پایـەش دامـەزراوە: (بیـری چـاک، گوفتـاری چـاک، رەفتـاری چـاک) (سـندی 1967: 242)، لـەم ئایینـەدا کشـتوکاڵ و پیشـەی دەسـتی کـە لـە بنەڕەتـدا پەیوەسـتن بـە ئابووریـی کشـتوکاڵییەوە، دوو کاری پیـرۆزن. کارکـردن و بەرهەمهێنـان بنچینـەی فەلسـەفەی زەردەشـتین، هەربۆیـە درەخـت و ئاژەڵـی ماڵـی و خاوێنـی و پێکهێنانـی خێـزان کاری پیـرۆزن، ئـەم ئایینـە توندوتیـژی جگـە لـەوەی کـە ناچـاری و بـۆ بەرگـری لەخۆیـە، رەتدەکاتـەوە (مسـتەفا 2006: 50). لـە کوردسـتاندا، ئایینـی زەردەشـتی لـە پەیوەندییەکـی ئۆرگانیکـی و پێکداچوودایـە لەگـەڵ ئیسـلام. ئیسـلام لـە کوردسـتان رێـزی لـە ئایینـی زەردەشـتی گرتـووە و پارێـزگاری لـە زۆر سـەرچاوەی بەهـای ئـەو ئایینـە کـردووە و هێشـتا کاریگەریـی گـەورەی ناڕاسـتەوخۆی لەسـەر خەڵکەکـەی هەیـە. لـەڕووی تیۆرییـەوە خەڵکێکـی کـەم هـەن لەسـەر ئـەو بـاوەڕە مابـن، بـەڵام هێشـتا بەشـی هـەرەزۆری کـورد رێـز لـە ئامۆژگارییەکانـی دەگـرن (حەبیـب 2005: 170).

دووەم: ئێـزدی: کەڵتێکـی دێرینـە، لەسـەر بنەماگەلێکـی فەلسـەفەی ئایینیـی پوخـت دامـەزراوە کـە رەگوڕیشـەی دەچێتـەوە سـەر ئایینـە خـووری- میتراییە کۆنـەکان. خـودان قووڵاییەکـی مێژوویـی دەگمەنـە و زۆر رەگـەزی ئایینـی و کولتووریی ئایینەکانی دیکـەی لەخۆیدا هەڵگرتووە. ئێـزدی ئایینێکـی کوردییـە و هـەر لـە وڵاتـی کـوردان دا پەیدابـووە و گەشـەی کـردووە. ئـەم ئایینـە سـەر بـە چاخـی کۆنـە و لـە ئایینـی میترایی داکەوتـووە (وەهبـی 2004: 27). خـۆر لـەم ئایینـەدا پێگەیەکـی گرنگـی هەیـە و شـوێنکەوتووانی باوەڕیـان بـە (ئێـزدان= خـودای پـەروەردگار) هەیـە، رەچەڵەکـی ئێزدانیـش بـۆ وشـەی ئێزدانـی دەگەڕێتـەوە (ئێـزدی 1999: 5)، هەروەهـا ئێـزدی بـە مانـای (بـاوەڕداران بـە خـودا) دێـت و بـە (داسـنی) دەناسـرێن (فەرحـان 2004: 17). رەنگـی سـپی لـەم ئایینـەدا رەنگێکـی سـیمبوولیکە، لـە چاخەکانـی نێوەڕاسـتدا گـۆڕانی گـەورە لـە

بەهاکانیـدا روویـداوە و هەنـدێ رەنـگ و بـۆی ئیسـلامی و کریسـتیانێتی وەرگرتـووە، هـەر لەوکاتەشـەوە بووەتـە ئایینێکـی دامـەزراو لەسـەر سیسـتەمی پلەبەنـدی (خصباك 1971: 186) (حبیـب 2005: -172 173). ئێزدییـەکان بـە کوردیـی شـێوەزاری کورمانجیـی باکـوور دەپەیڤـن، کتێبـە پیرۆزەکانی مەسـحەفا رەش و جیلوە بەم شـێوەزارە نووسـراون. شوێنی نیشـتەجێبوونیان شـنگال، شـێخان، دهـۆک و هەنـدێ ناوچـەی دیکـەی هەرێمـی کوردسـتانە. لالـش کـە ناوەنـدی ئـەم ئایینەیـە، دەکەوێتـە قـەزای شـێخان، زۆربـەی مـەزار و شـوێنە پیرۆزەکانـی دیکەشـیان هـەر لەنێـوان قەزاکانـی شـنگال، شـێخان، باشـیک و بەحزانێدایـە. ئێزدییـەکان لـە باکـووری کوردسـتان و رۆژاڤـاش هـەن، بەشێکیشـیان لـە ئەرمینیـا و جۆرجیـان (حەمـۆ 2012: 30). لەسـەر ئاسـتی عێـراق رێژەیـان نزیکـەی ٪5-4ی ژمـارەی دانیشـتووانە. زۆربـەی ناوچەکانیـان دەکەونـە ئـەو شـوێنانەی لـە دەسـتووری عێراقـدا بـە ناوچـەی ناکۆکـی لەسـەر ناسـراون. بەشـێکی زۆریـان بـەر راگواسـتن کەوتـوون. لـەدوای دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێراقـەوە، چەنـد جارێـک بـەرەورووی هەڵمەتـی کوشـتن و لەنێوبـردن بوونەتـەوە. هەڵمەتـی یەکـەم لـە سـاڵی 1933 بـووە و دواترینیـان لـە ئابـی 2014 و لەسەردەسـتی چەکدارانـی دەوڵەتی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام (داعـش) کـە هەزارانیـان کـوژران و دەیـان هەزاریـش ئـاوارە بـوون و گوندەکانیـان خاپـوور کـران و ئافرەتەکانیـان بـەر تـاڵان کەوتـن.

سـێیەم: کاکەیـی (یارسـان): ئـەم نـاوە لـە وشـەی کاکـە داکەوتـووە کـە لەنـاو گەلانـی زاگرۆسـی، باپیرانـی کـورد و بەتایبەتـی لەنێـو کاشـییەکان، گووتـی و پاشـان میدییـەکان بـۆ پادشـا و ئەمیـرەکان بەکارهاتـووە و بـە تێپەڕینـی رۆژگار ئـەم مانایـەی ئەمـڕۆی وەرگرتـووە (رشـید 2003: -7 43). کاکەیـی ئایینێکـی کۆنـە و کوردسـتان لانکەیەتـی. لـە ئایینـی خـووری داکەوتـووە کـە ریشـەی دەچێتـەوە سـەر میترایـی. ئـەم نـاوە لـە وشـەیەکی دێرینـی کوردییەوە پەیدابووە کە هاومانایە لەگەڵ هاوکاری،

لێبووردەیی و برایەتی، ئەمڕۆش لەنێو کوردی موسڵمان بۆ ڕێزگرتن لە ئەویدی بەکاردێت. ئەم ئایینە بەرامبەر باوەڕە ئایینییەکانی دیکە زۆر لێبووردەیە و پایەکانی لەسەر هاریکاریی کۆمەڵایەتی وەستاون و مۆرکی سۆفیگەری بەسەردا زاڵە. کاریگەرییەکی زۆریشی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی لە کوردستان هەبووە (خصباک 1973: 189-184) (زەند 1971: 78). بۆ کاکەیی چەندین ناو بەگوێرەی سەردەمە مێژووییەکان و ناوچەکان بەکارهاتووە وەک ئیلاهی، سارلوویی و یادگاری (دەروێش 2018: 37- 38). کاکەیی بە شێوەزاری گۆران دەپەیڤن، لەگەڵ زەنگنە، باجەلان، شەبەک و هەورامی لەم شێوەزارەدا هاوبەشن و کتێبە پیرۆزەکەشیان بەم شێوەزارە نووسراوە (مینۆرسکی 2005: 63).

کاکەیی لە سەردەمی ئیسلام و بەتایبەتیش لە کۆتاییەکانی خەلافەتی عەباسی دا بە چەند قۆناخێکی گۆڕانی بیروباوەڕدا تێپەڕی. شوێنکەوتووانی زۆرتر لەو ناوچە دەشتاییانەدا نیشتەجێن کە لە مەندەلییەوە لە باشوور بەرەو کەرکووک و دەشتی هەولێر و دەشتی نەینەوا درێژ دەبێتەوە، بەڵام کەرکووک بە ناوەندی سەرەکی ئەم ئایینە دادەنرێ و مەزارە گرنگەکانیان لەم پارێزگایەن، هەروەها هەڵەبجە و ناوچەی هاوار و بەرزنجە لە ناوچە پیرۆزەکانیانن. لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان دا پێگەیەکی تایبەتیان هەیە و ڕێژەیان نزیکەی ٪1ی دانیشتووانە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ژمارەیەکی زۆری کاکەیی دەژین و لە هەندێ ناوچەی وەک کرماشان و ئیلام زۆرینە پێکدێنن (دەروێش 2018: 48).

کاکەییەکان شوێنی تایبەتی خوداپەرستییان هەیە کە بە جەمخانە دەناسرێ و بۆ هەموو جۆرە بۆنەیەک بەکاردەهێنرێت. میوزیک یەکێک لە سیمبوولە پیرۆز و بنەڕەتییەکانی ئەوانە لەکاتی بەجێگەیاندنی سرووتە ئاینییەکاندا. جەژنەکانیشیان بریتین لە نەورۆز، خاوەندکار و قوڵتاس. کاکەیی خێزان وەکو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی

پیـرۆز سـەیر دەکـەن و پێکهێنانـی خێـزان لەسـەر بنەمـای خۆشەویسـتی وادەبینـن کـە ڕەحمەتێکـی خوداییـە و تەنیـا بـە نسـیبی بـاوەڕداران و ئـەو کەسـانە دەبـێ کـە پـڕن لـە خۆشەویسـتیی خودایـی، هەربۆیـە ئـەم پەیوەندییـە پیـرۆز رادەگـرن و چەنـدی بتوانـن دەیپارێـزن، چونکـە فرەژنـی و جیابوونـەوەی ژن و مێـرد لـەم ئایینـەدا لـە حەرامکراوەکانـە. کۆمەڵگـەی کاکەیـی بەپێـی ئەرکـە ئایینییـەکان دابـەش دەبـێ. هەنـدێ میـوە و درەخـت لـەم ئایینـەدا پیـرۆزن. رێـز لـە درەخـت دەگـرن و فەزڵـی هەنـدێ رەنـگ بەسـەر رەنگـی دیکـەدا دەدەن، ئەمـەش بەهـۆی پەیوەندیـی ئـەم رەنگانـە بـە یادەوەریـی دەسـتەجەمعی و هەروەهـا ناوهاتنیـان لـە کتێبـە پیرۆزەکانیانـدا. لـەڕووی رووخسـار و رواڵەتیشـەوە گرنگـی بـە هەنـدێ شـت دەدەن کـە پەیوەندییـان بـە کولتـوورەوە هەیـە، وەک هێشـتنەوەی سـمێل لای پیـاوان (بایەزیـدی 1982: 43) (دەروێـش 2008: 44).

**لقی دووەم: ئایینە ئیبراهیمییەکان**

**یەکەم: سابیئەی مەندایی**

گرووپێکـی ئایینـی دێرینـە و لـە چاخـە کۆنەکانـدا لـە میزۆپۆتامیـا سـەری هەڵـداوە. بـە زمانـی ئارامیـی رۆژهەڵاتـی دەپەیڤـن کـە بـە مەندایـی ناسـراوە (حسـنی 1963: 105)، ئـەم ئایینـە بـە چەندیـن قۆناخـی مێژوویيـدا تێپەڕیـوە و لـە دوو بەشـی سـەرەکی پێکدێـن:

بەشـی رۆژهەڵاتـی کـە بەشـە کۆنتـر و سـەرەکییەکەیە، لـە دەشـتەکانی خـوار چیاکانـی زاگـرۆس دا گەشـەی کـردووە و لـە ناوچـەی سـنووردداری نێـوان چیـاکان و زۆنگاوەکانـی باشـووری عێـراق و رۆخـی رووبـاری دیجلـەدا تەشـەنەی کـردووە (حسـنی 1963: 207).

بـەڵام بەشـی دووەمیـان لـە دەوروبـەری رووبـاری ئـوردن پەیدابـوون، لەپـاش سـەرکوتکردنیان لەلایـەن رۆمانەکانـەوە، بـە چیاکانـی

کوردستاندا دەستیان بە کۆڕەوێکی مێژوویی کرد تاوەکو دواتر لە ناوچەی مێهران لە بەرامبەر بەدرە و جەسان لەگەڵ بەشە ڕۆژهەڵاتییەکە یەکیانگرتەوە و لەوکاتەوە ئیدی ئەو ناوچەیە بووە نیشتیمانی ئەوان (عبدالستار 2012). ئەمڕۆش لە شارە گەورەکانی وەک بەغدا، بەسرە و عەمارە نیشتەجێن (مطر 2004: 440). ئایینی مەندایی لەسەر ئاستی جیهان لە ئایینە دەگمەنەکانە و وەکو یادگارییەکی مێژوو سەیر دەکرێت. ژمارەیەک کتێبی پیرۆزیان هەیە، گرنگترینیان کتێبێکە بەناوی (کنزاربا) کە بە (لاپەڕەکانی ئادەم) یش دەناسرێت. مەندایی هەریەک لە ئادەم، شیت و یەحیای کوڕی زەکەریا بە پەیامبەری خۆیان دەزانن (حسنی 1963: 55). بەڵام وشەی مەندایی کە وەک سیفەتێک بۆ شوێنکەوتووانی ئەم ئایینە بەکاردەهێنرێت، بە مانای مەعریفە، زانست، یان ئەو کەسانەیە کە گەیشتتونەتە راستیی ئیلاهی (دراوور 2005: 39). مەندایییەکان لە مێژووی خۆیاندا بەرەوڕووی سەرکوتکاریی زۆر بوونەتەوە بە ئامانجی دەستبەرداربوونیان لە ئایینەکەیان (ا)، بەشێکیان ناچاربوون ناوچەی خۆیان جێبهێڵن و لە کوردستان نیشتەجێبن (باجەلان 2018: 30-11).

دووەم: جوو

گرووپێکی ئایینی و ئیتنیکیی دێرینن. مێژوویان لە کوردستان بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە (میران: 35). کوردستان بە یەکەم نشینگەی جووەکان دادەنرێ لە پاش نیشتیمانی رەسەنی خۆیان، ئەوەش دوای ئەوەی ئاشوورییەکان لە سەردەمی سەرجۆنی دووەم (-722 705ی پێش زایین) بە ئامانجی لێکهەڵوەشاندنیان لە نیشتیمانی خۆیان رایانگواستن (لطیف 2012: -14 17) (کووریە 1998: 5-8). لەوکاتەوە لە کوردستان دا هەبوونێکی فکری و شارستانیی گەورەیان هەبووە. لە شار و گوندەکاندا نیشتەجێبوون و چینی

کۆمەڵایەتـی جیاوازیـان پێکهێنـاوە. جـووەکان خـاوەن تایبەتمەندییەکـی کولتووریـی جیـاواز بـوون (زەنـد 2006: 217). بەشـێک لـە کـورد وەرگەڕاونەتـە سـەر ئـەم ئایینـە کـە پێگەیەکـی گرنگـی لـە کوردسـتاندا هەبـووە و مێژووەکـەی لەگـەڵ مێـژووی پێکهاتـە کولتوورییەکانـی دیکـە پێکداچـووە و بوونەتـە بەشـێک لـە مێـژووی شـار و ناوچەکانـی کوردسـتان (ئێـزدی 2001: 78). جووەکانیـش وەک باقـی دانیشـتووانی دیکـەی کوردسـتان لەسەردەسـتی حکومەتەکانـی عێـراق تووشـی چەوسـانەوە و سـەرکوت هاتـوون تاوەکـو لـە کۆتاییـدا و بـە زۆرەملـێ لـە عێـراق وەدەرنـران و وەڵاتینامەیـان لێسـەندرایەوە و دەسـت بەسـەر موڵـک و ماڵیانـدا گیـرا، ئەمـەش لـە مێـژووی عێراقـدا بـە فەرهـوود ناسـراوە. بەشـێکی جـووەکان بەڕێـی کوردسـتاندا کۆچیانکـرد، هەندێکیشـیان تاوەکـو دەیـان سـاڵ دواتـر بـە نهێنـی مانـەوە و لەپاش راپەڕینـی 1991ی گەلـی کوردسـتان دووبـارە خۆیـان ئاشـکرا کـردەوە. ئەمـڕۆش ئـەوان یەکێکـن لـە پێکهاتـە فەرمییەکانـی کوردسـتان و نوێنەریـان لـە وەزارەتـی ئەوقـاف و کاروبـاری ئایینیـدا هەیـە.

### سێیەم: کریستیانەکان

کریسـتیانێتی ئایینێکـی جیهانیـی بەربڵاوە و لـە کوردستانیشـدا هـەر لـە سـەرەتای پەیدابـوون و بڵاوبوونەوەیـەوە ئامـادە بـووە. جگـە لەوانـەی باوەڕیـان بـەم ئایینـە هەیـە، کریسـتیانێتی چوارچێـوە و مەرجەعێکـی کولتـووری بـووە بـۆ کۆمەڵێـک پێکهاتـەی کولتـووری لـە کوردسـتان، بـە مانایەکـی دیکـە ئـەم ئایینـە سـەرچاوەیەکی بەهـا رووحـی و عەقیدەییەکانـی کوردسـتان بـووە، لـە هەمـوو گرووپـە کولتوورییەکانـی دیکـەش هەمەڕەنگتـرە و شـوێنکەوتووانی سـەر بـە ئیتنیـک و نەتـەوە و کەنیسـە و ناوچـەی جیـاوازن. سـەرجەمیان پێکـەوە لەنێو کوردسـتاندا بە (دیـان) ناسـراون کـە بـە مانـای رەسـەن دێـت (میـران 36). بـە چەندیـن

شار و شارۆچکە و گوندی کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە کە گرنگترینیان بریتین لە: دیانا، عەنکاوە، شەقڵاوە، کۆیە، هەولێر، دهۆک، ئاکرێ، ئامێدی، زاخۆ، سلێمانی و کەرکووک. هەروەها دەشتی نەینەوا یەکێکە لە ناوچەکانی چڕبوونەوەیان و ئەم ناوچەیە چەند تایفەیەکی کریستیان لەخۆدەگرێت. شاری مووسڵیش سەنتەرێکی مێژوویی گرنگی کریستیانەکان بووە هەر لە سەرەتاکانی دەرکەوتنییەوە. کریستیانەکان بە زۆر ناوچەی دیکەی عێراقیشدا بڵاوبوونەتەوە. باوەڕدارانی سەر بە ئیتنیکی جیاوازن، لەوانە: کلدان، ئاشووری، سریان، کورد، عەرەب، ئەرمەن. زمانی سریانی رۆژهەڵاتی زمانی ئایینی و کۆمەڵایەتی گشت کریستیانەکانە، بەڵام لە کەنیسەکاندا زمانی دیکەش بەکاردەهێنرێ بەگوێرەی ئینتیمای باوەڕدارانی ئەو کەنیسەیە (بحو 2018). لە کوردستاندا چوارده تایفەی کریستیان هەن کە هەریەکەیان خاوەن رەگوڕیشەی مێژوویی خۆیانن (زەند 2006: 38). دەتوانین کریستیانەکان بەمجۆرە پۆلێن بکەین:

1. **کەنیسە کاتۆلیکییەکان**

- کەنیسەی کلدانی کاتۆلیکی: لە گەورەترین کەنیسەکانی کوردستان و عێراقە و زۆرینەی باوەڕدارانی ئایینی کریستیان سەر بەم کەنیسەیەن.
- کەنیسەی سریانی کاتۆلیکی.
- کەنیسەی ئەرمەنی کاتۆلیکی.
- کەنیسەی رۆمی کاتۆلیک.
- کەنیسەی لاتینی کاتۆلیک.

2. **کەنیسە ئەرتەدۆکسییەکان**

- کەنیسەی ئەرمەنی ئەرتەدۆکسی: ئەمانە زۆرینەی ئەرمەنەکانی عێراقن

- کەنیسەی سریانی ئەرتەدۆکسی.
- کەنیسەی رۆمی ئەرتەدۆکس.
- کەنیسەی قیبتییە ئەرتەدۆکسەکان.

3. **کەنیسەی پرۆتستانتی**
- پرۆتستانتی ئینجیلیی نیشتیمانی
- ئینجیلیە پرۆتستانتە ئاشوورییەکان
- ئەدڤێنتستی سەبتی.
- ئینجیلیەکانی کورد

4. **کەنیسەی رۆژهەڵاتی**
- رۆژهەڵاتیی نەستووری (مەشریقی ئاشووری).
- مەشریقی کۆن.

کریستیانێتی لە کوردستاندا بە هۆکاری مێژوویی و جیۆگرافی و نەتەوەیی بە هەمەڕەنگییە کولتوورییە دەگمەنەکەی جیادەکرێتەوە سەرباری هەمەجۆریی کەنیسەکانی، بەهۆی هەموو ئەمانەشەوە بووەتە لانکەیەکی شارستانیی دەوڵەمەند کە زۆرینەی پێکهاتە کولتوورییەکانی لەخۆگرتووە و بووەتە سەرچاوەیەک بۆ بەها رۆحییەکانی بەشێکی گرنگ لە پێکهاتە کولتوورییەکانی کوردستان. زۆرینەی تایفە کریستیانەکان لەو ناوچانەدا کۆبوونەتەوە کە ئەمڕۆ بەگوێرەی دەستووری عێراق ناوچەی ناکۆکی لەسەرن. چارەسەری کێشەی ئەم ناوچانەش دواخرا تاوەکو سەرئەنجام بوونە پارووەیەکی ئاسان بۆ تیرۆریستان و لە ئەنجامی ئەوەشدا زۆریان کەوتنە بەر هەڵمەتی کوشتن و راگواستن. پرۆسەی راگواستنی زۆرەملێی کریستیانەکان لە عێراق بە تاوانێکی رێکخراو دادەنرێ کە ئامانجەکەی لەنێوبردن و سڕینەوەی یەکجاریی هەبوونی کریستیانەکان بوو لە

عێراق هاوشێوەی ئەوەی دەرحەقی جووەکان کرا. لە ساڵی 2003 بەدواوە، هەرێمی کوردستان بووە پەناگەیەکی ئارام بۆ سەرجەم کریستیانەکان (العزاوی 2012: 24-23). کریستیانەکان زیاتر لە 100 هەزاری مێژوویی پیرۆزیان هەیە کە مێژووی نزیکەی دوو هەزار ساڵی ئەو ئایینە لە عێراقدا تۆمار دەکەن.

## چوارەم: ئیسلام

ئایینی زۆرینەی دانیشتووانی کوردستانە و لە سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینەوە گەیشتووەتە کوردستان (زەکی بەگ 2005: 196-194). پرۆسەی موسڵمانبوونی کۆمەڵگەی کوردی بە داینامیکێتییەکی بەردەوامدا رۆیشت تاوەکو ئیدی بووە ئایینی زۆرینە (مستەفا 2006: 17). زۆرینەی هەرەزۆری کورد و عەرەب و تورکمان لەسەر ئەم باوەڕەن. ئەم ئایینە لە کوردستاندا مۆرکی تایبەتمەندیی ناوچەکە و میراتە شارستانییەکەی وەرگرتووە، هەربۆیە ئیسلامێکی کراوەی میانڕۆیە. سەرەڕای رەگداکوتانی ئەم ئایینە لە رەفتار و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیدا و بوونی بە سیمایەکی گەلی کوردستان، بەڵام رۆحی کوردستانی هیچ کاتێک مەیلی بۆ دەمارگیری نەبووە (حبیب 2005: 122-120) (نیکیتین 2004: 350)، چونکە ئیسلام لە کوردستان بە توندی گرێدراوی کەلەپووری مێژوویی و سەرچاوەی بەها رۆحانی و عەقایدییەکانی پێش ئیسلامی دانیشتووانی کوردستان بووە (خصباک 1973: 262).

### 1. مەزهەبی سوننی:

مەزهەبی زۆرینەی موسڵمانانی کوردە، سەر بە قوتابخانەی شافیعین و کەمینەیەکیشیان حەنەفی و حەنبەلین. بەشێوەیەکی

گشتی مۆرکێکی سۆفیگەریانەی عیرفانیی وەرگرتووە. ئەو گرنگییەی لەنێو کورد بە ئیسلامی سوننی دراوە، زۆرتر بۆ شێوازە تەواو رۆحانییەکەی بووە کە لە تەریقەتە جیاوازەکاندا رەنگیداوەتەوە و هەمیشە مەیلی بۆ لای نەرمڕەوی بووە (لیزنبێرگ 2006: 332).

2. مەزهەبی شیعی:

زیاتر لە سێیەکی کورد، لە لوڕ و کەلهوڕ و لەک و دانیشتووانی ناوچە دەشتاییەکانی وەک خانەقین و مەندەلی و بەدرە و سەعدیە، هەروەها رێژەیەکی گەورەی شەبەک لە دەشتی نەینەوا و رێژەیەک لە تورکمان کە دەگاتە نزیکەی نیوەی ژمارەیان، لەسەر ئەم مەزهەبەن. شیعەگەرێتی لە کوردستاندا مێژوویەکی دێرینی هەیە و بۆ سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەم ئایینزایە دەگەڕێتەوە، بەڵام کارلێکی لەگەڵ تەسەوفیش کردووە و بەمەش ئەو شیعەگەرییەی لە کوردستان هەیە، هەندێ جیاوازە لە شیعەگەریی ناوچەکانی دیکە (ئێزدی 1992: -131 143).

3. مەزهەبی عەلەوی:

یەکێکە لە مەزهەبەکانی ناو ئیسلام. بەشێک لە دانیشتووانی ناوچەی گەرمەسێر و دەشتی نەینەوا و بەتایبەتی لەنێو شەبەک سەر بەم رێچکەیەن، سەنتەرە سەرەکییەکەشی لە باکووری کوردستانە، بەتایبەتی لە ناوچەی دێرسم. ئەم مەزهەبە رەگوڕیشەی دەچێتەوە سەر ئایینە دێرینەکانی کورد (ئێزدی 1992: 152-150).

4. مەزهەبی حەقە:

مەزهەبێکی ئایینیی نوێیە و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا

لـە ناوچـەی سـووورداش دەرکـەوت. لەسـەر بنەماکانـی یەکسـانیی کۆمەڵایەتـی و جێنـدەری دامـەزراوە. شـوێنکەوتووانی ئـەم مەزهەبـە زاهیدانـە دەژیـن و پەیوەسـتن بـە سرووشـتەوە. (زوهـدی 1985: 13) (عەسـکەری 1983: 29).

5. ڕێبازە سۆفییەکان:

ڕێبازەکانـی سـۆفیگەری لـە کوردسـتاندا بـڵاون. تەسـەوف ڕوانینێکـی ئایینیانـەی ئایدیاڵانەیـە بـۆ دنیـا، ڕەچەڵەکـی دەگەڕێتـەوە سـەر هەنـدێ سـرووتی زۆر کـۆن و هەوڵـدەدات پەیوەندییـەک لەنێـوان خالـق و مەخلـوق چـێ بـکات، ئـەوەش بـە ئامانجـی بەدیهێنانـی یەکێتـی لەنێـوان هەردووکیـان، یـان کەشـفکردنی ئـەو یەکێتییـە، ئەمـەش جۆرێکـە لـە درکـی سـۆفیانە و باڵاتریـن ئاسـتی مەعریفەیـە کـە لـە ڕێگەیـەوە مـرۆڤ بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ هەسـت بـە بـوون (وجـود) دەکات (ئەمیـن 1998: 16).

سـۆفیزم ڕێچکـە و قوتابخانـەی زۆری هـەن کـە لـە هەموویانـدا زوهـد و سـۆزی ئایینـی ڕۆڵێکـی سـەرەکی دەگێـڕن و تـرس و خۆشەویسـتی ئاوێتـە دەبـن (سـندی 2002: 92).

سـۆفیزم لـە کوردسـتاندا بـڵاوە، هـەر مەزهەبێکیـش ڕێچکـەی تەسـەوفی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە. ئێسـتا نزیکـەی 250 تەکیـە و خانەقـا لـە کوردسـتاندا هـەن، بەهـۆی ئەمەشـەوە کوردسـتان لەسـەر ئاسـتی جیهـان بـە سـەنتەری زۆر لـە ڕێچکـە سـۆفییەکان دادەنرێـت، ئـەم سـۆفیزمە تەنانـەت لـە ئایینـە نائیسلامییەکانیشـدا هـەر هەیـە (نیکیتیـن 2004: 254- 260) (فهـداوی: 14).

**دیارترین ڕێبازە سۆفیگەرییەکان لە کوردستان بریتین لە:**

1. **گەیلانی- قادری:** دیارترین تەریقەتی سۆفییە لە کوردستان و لە سەدەی یازدەهەمدا دەرکەوتووە. لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستانیشدا بڵاوە. دامەزرێنەرەکەی شێخ عەبدولقادر گەیلانییە. ئەم ڕێبازە چەند ڕێچکە و قوتابخانەیەکی لێدەبێتەوە، لەوانە: کەسنەزانی، بەرزنجی، بریفکانی، نەهری، خاڵسی و خالیدی (ئێزدی 2001: 80) (نیکیتین 257).
2. **نووربەخشی:** تەریقەتێکی سۆفییانەیە، لە هەردوو مەزهەبی سوننی و شیعیدا شوێنکەوتووی هەیە. سەنتەرەکەی مەندەلی و ناوچەی لوڕستانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (زەند 1971: 155).
3. **نەقشبەندی:** لە کوردستان پەیدابووە و بە جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبووەتەوە، چەندین لق و قوتابخانەی جیاوازی لێدەبێتەوە. یەکێکە لە تەریقەتە سۆفی و ڕۆحانییە نێودارەکان (ئەبازە 1994: 9).
4. **نوورسی:** تەریقەتێکی سۆفییانەی نوێیە و بەناوی دامەزرێنەرەکەی (سەعیدی نوورسی) دەناسرێت. لە باکووری کوردستان پەیدابووە و بەزۆر ناوچەی جیهاندا بڵاوبووەتەوە.
5. زۆر ڕێچکە و ڕێبازی دیکەی سۆفیگەری هەن وەک سوهرەوەردی و مەولەوی (السنوی 2007: 76) (زەند 2006: 157)، هەروەها نیعمەتوڵڵایی و فاکساری کە لەنێو شیعە بڵاون و خەڵوەتی و بەکتاشی کە لەنێو عەلەوییەکاندا بڵاون (خلیفی 1992: 259).

**پێنجەم: بەهایی**

باوەڕێکی ئایینیی نوێیە و لەسەر دەستی بەهائوڵڵا میرزا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم دامەزراوە. لەڕووی بنچینەی ئایینییەوە میراتگری بیروباوەڕی (بابی)یە، (ئاوارە 1924: 23)، لەم

رووەوە دەتوانیــن ریشــەی بیروبــاوەڕ و زۆر ســەرچاوەی بەهــای رۆحــی لــە بانگەوازەکانیــدا بدۆزینــەوە. خــۆی بــە ئایینێکــی ســەرتاپاگیر دەزانــێ، بــاوەڕی بــە یــەک خودایــی و یەکێتیــی ئایینــەکان و یــەک ئەســڵی مــرۆڤ هەیــە. ئــەوان دەڵێــن هەمــوو ئایینــەکان یــەک ئایینــن، بەڵام بــە کۆمەڵێک شــێوە و رووخســاری جیــاوازەوە، هەمووشــیان ســەرچاوەکەیان یــەک خودایــە، بۆیــە دەبــێ رێــز لــە هەموویــان بگیرێــت. شــوێنکەوتووانی ئــەم ئایینــە پێیانوایــە بــۆ رزگارکردنــی مــرۆڤ لــە خراپــەکاری، دوورکەوتنــەوە لــە جەنــگ و دەمارگیــری و یەکخســتنی جیهــان و نەهێشــتنی جیــاوازی لەنێــو گەلانــدا، دەبــێ پشــت بــە پــەروەردەی کۆمەڵایەتــی و زانســت ببەســترێ و لــە هەمــوو شــوێنێک خوێنــدن بکرێتــە ئیلزامــی (دەروێــش 2009). کتێبــی پیــرۆزی ئــەم گرووپــە ئایینیــە نــاوی (ئەقدەس)ــەو زۆر نزرگــەی پیرۆزیشــیان لــە کوردســتان هەیــە، ئەمــڕۆش یەکێکــە لــە ئایینــە فەرمییــە دانپێدانراوەکانــی کوردســتان و نوێنــەری لــە وەزارەتــی ئەوقــاف و کاروبــاری ئایینــی هەیــە.

### لقی سێیەم: واقیعی دیمۆگرافی لە هەرێمی کوردستان

ســەرەڕای ئەو گەشــەیەی کە کوردســتان لەڕووی ژمارەی دانیشــتووانەوە بەخــۆوەی بینیــوە، بــەڵام ســەدەی پێشــوو بــە هەمــوو پێــوەرەکان، بــۆ کــورد ســەدەیەکی ســەخت بــوو، ئەمــڕۆش باشــووری کوردســتان گیــرۆدەی دابەزینــی ئاســتی گەشــەی دانیشــتووان بــووە بــەراورد بــە ناوچەکانــی دیکــەی عێــراق و رێــژەی لەدایکبــوون تێیــدا تاوەکــو ئاســتێکی زۆر دابەزیــوە (2).

حکومەتەکانــی عێــراق هیــچ کاتێــک واقیعــی دیمۆگرافــی کوردســتانیان قبــووڵ نەکــردووە و هەوڵــی لێکهەڵوەشــاندنیان داوە. هەمیشــە بــەو چــاوە لێیانڕوانیــوە کــە ســەرچاوەی هەڕەشــەیە بــۆ عێــراق، بۆیــە پەیڕەویــان لــە پــلان و سیاســەتی ئەوتــۆ کــردووە کــە ئامانجەکەیــان

نزمکردنـەوەی ڕێـژەی کـورد بـووە بـەراورد بـە ناوچەکانـی دیکـە. سیاسـەتی لێکهەڵوەشـاندنی ژیانـی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و ئایینـی و کولتووریـی کـورد پەیـڕەو کـراوە. هەڵمەتـی لەناوبـردن و تۆقانـدن و راونـان و راگواسـتن و تەعریـب و رووخاندنـی گونـدەکان و وێرانکردنـی شـارەکانی پەیـڕەو کـراوە. ئەمـە جگـە لـە سیاسـەتی تواندنـەوە و ناچارکردنیـان بـەوەی ئینتیمـای نەتەوەیـی خۆیـان بـە قازانجـی نەتـەوەی باڵادەسـت بگـۆڕن، یـان ئایینیـان بـە قازانجـی ئایینـی زۆرینـە بگـۆڕن، هەمـوو ئەمانـەش بانـدۆری زۆر خراپیـان لەسـەر واقیعـی دیمۆگرافـی کوردسـتان هەبـووە و ژمارەیـان بـەراورد بـە دانیشـتووانی ناوچەکانـی دیکـەی عێـراق دابەزیـوە.
ژمـارەی دانیشـتووانی عێـراق بەگوێـرەی ئـەو سـەرژمێرییانەی دەسـەڵاتی بەریتانـی کردوونـی نزیکـەی 2.8 ملیـۆن کـەس بـووە. پـاش سـەدەیەک ژمـارەی دانیشـتووان بـۆ نزیکـەی 40 ملیـۆن کـەس هەڵکشـاوە، بـەڵام بەشـی هەنـدێ لـە پێکهاتەکانـی تەنیـا ڕێژەیەکـی کـەم لـە گەشـەکردنە، بگـرە هەندێکیـان پاشەکشـەیان کـردووە و ژمارەیـان لەچـاو جـاران کەمتریـش بـووە، هەندێکیـش هـەر بـە تـەواوی لەناوچـوون. دەوڵـەت لـە دژی ئەمانـە سیاسـەتی لەڕیشەدەرکێشـانی پەیـڕەو کـردووە، بـۆ نموونـە جـووەکان کـە لـە سـەرەتای دامەزرانـی دەوڵەتـی عێراقـدا ڕێژەیـان دەگەیشـتە ٪3ی کـۆی دانیشـتووان، بە تـەواوی لەناوچوون. کریسـتیانەکان کـە بـەرەوڕووی هەمـان سیاسـەتی دوژمنکارانـە بوونەتـەوە، ڕێژەیـان لـە ٪6ی کـۆی دانیشـتووانی عێراقـەوە لـە سـاڵی 2003، دابەزیـوە بـۆ ٪0.6ی دانیشـتووان لـە 2017 دا. بـە هەمـان شـێوە ڕێـژەی کوردیـش بەهـۆی پرۆسـەکانی راگواسـتن و کوشـتار و ئەنفـال لـە نزیکـەی ٪20ی دانیشـتووانەوە بـۆ خـوار ٪13 دابەزیـوە بەپێـی ئامارەکانـی عێـراق (3).
هەمـوو پێکهاتەکانـی عێـراق بەدەسـت ئـەم سیاسـەتەوە کـە هەڕەشـە لـە وجودیـان دەکات، دەناڵێنـن. هەموویـان جەخـت لـەوە دەکەنـەوە کـە ئـەو ژمارانـەی لـە ئامارەکانـی عێراقـدا دەخرێنـەڕوو، قەبـارەی راسـتەقینەی

ئـەوان بەدیارناخــەن و ڕێـژەی ڕاســتەقینەیان تەنیـا ئەوکاتـە دەردەکـەوێ کـە هەمـوو شـتێک ئاسـایی بکرێتـەوە. مـادەی 140ی دەسـتووری عێـراق هەنگاوێکــی زۆر پۆزەتیـڤ بــوو بــە ئاراســتەی بەدیهێنانــی عەدالــەت. گێڕانـەوەی بارودۆخ بـۆ باری ئاسـایی جـاران یەکێک بـوو لـە ڕێکارەکانی ئەم مادەیـە کـە داوا دەکات هەمـوو بڕیـارە ڕەگەزپەرسـتانەکان و سیاسـەتی تەعریـب و ڕاگواسـتن هەڵبوەشـێنەوە و پاشـان گشـتپرسـی ڕێکبخـرێ بـۆ یەکلاکردنـەوەی چارەنووسـی ناوچـە ناکۆکـی لەسـەرەکان، بـەڵام عێـراق شکسـتی هێنـاوە لـە جێبەجێکردنـی ئـەم مادەیـە سـەرەڕای تێپەڕبوونـی زیاتـر لـە 15 سـاڵ بەسـەر پەسـەندکردنی دەسـتووری هەمیشـەییدا، ئەمـە لـە کۆتاییـدا وا لـە پێکهاتـەکان دەکات متمانەیـان بە ڕێکارەکانـی حکومەت نەمێنـێ لـە مەسـەلەی بەدیهێنانـی عەدالەتـدا. بە بـاوەڕی ئێمـە پێکهاتـە کولتوورییەکانـی عێـراق ڕێژەیـان لەنێـوان 25 - 30٪ی دانیشـتووانی عێراقـە، کـورد بـە هەمـوو ڕەنـگ و ئایینەکانیـەوە نزیکـەی 25٪-20ی ئـەو ڕێژەیـە دەبێـت، پێکهاتەکانـی دیکـەش 10٪-5ی پێکدێنـن. سـەبارەت ئـەو بەشـەی کوردســتان کــە بــە عێراقــەوە لــکاوە، دیاریکردنــی ڕێــژەی ڕاســتەقینەی دانیشــتووانی کارێکــی مەحاڵــە تاوەکــو ئەوکاتــەی بەشــی زۆری ناوچــەی پێکهاتـە کولتوورییـەکان لـە چوارچێـوەی ناوچـە ناکۆکـی لەسـەرەکاندا بێـت، چونکـە ئـەم ناوچەیـە کـە لـە دەرەوەی دەسـەڵاتی کارگێـڕی هەرێمـی کوردسـتاندایە، زیاتـر لـە نیـوەی ڕووبـەری خاکـی مێژوویـی کوردسـتانە و لـەڕووی ژمـارەی دانیشتووانیشـەوە زۆر چـڕە. بەشـێکی زۆری کەمینـەکان لــەم ناوچەیــەدا کۆبوونەتــەوە، بــۆ نموونــە زۆرینــەی کریســتیانەکان لـەم ناوچەیـەدان، هەروەهـا ئێـزدی و شـەبەک و تورکمـان و کاکەیـی و ڕێژەیەکـی گـەورە لـە عەرەبـی کوردسـتان و لـە شـیعەی کـورد و تورکمـان لەخۆدەگــرێ. ســەرەڕای ئاوارەبوونــی بەشــێکی زۆری ئــەم پێکهاتانــە و نیشـتەجێبوونیان لـە هەرێمی کوردسـتان، بـەڵام ئەمە دۆخی ئاسـایی ئەوان دیـاری نـاکات. لەگـەڵ ئەوەشـدا دەتوانیـن بڵێیـن ڕێـژەی پێکهاتـەکان بـە هەمـوو ڕەنگـە نەتەوەیـی و ئایینـی و مەزهەبییەکانیانـەوە لە سـەرووی 25

- ٪30ی دانیشتووانی کوردستان دەبن لەحاڵەتی ئاساییبوونەوەی دۆخی ناوچەکانیاندا. بۆ نموونە ڕێژەی باوەڕداران بە مەزهەبە ئیسلامییەکان بەراورد بە زۆرینەی سوننە ٪30 دەبێت. ڕێژەی نەتەوەکانیش بەرامبەر بە ڕێژەی کورد دەگاتە ٪25 و ڕێژەی ناموسوڵمانەکان بەرامبەر موسوڵمانان دەگاتە ٪20 (4) (دەروێش 2020: 196-192). ئامانجی حکومەتی عێراق لەم سیاسەتە لە چوارچێوەدانی ڕۆڵی کوردستان و هەسکردنی مافەکانیەتی لەژێر ناوی کەمینە، بەجۆرێک کە بەشداری لە کاری سیاسی و مافەکانی بەگوێرەی ڕێژەیان بێت، ئەم سیاسەتەش زۆر دڕندانە جێبەجێ کرا پاش ئەوەی دیموکراسی وا وێنا کرا کە حوکمی زۆرینەیە و ئەمەشە کە ئەمڕۆ لە عێراقدا بە کردەوە جێبەجێ دەکرێ.

**کۆتایی و ئەنجامگیری**

لەم توێژینەوەیەدا دەردەکەوێ کە کوردستان لە کۆنەوە خاکی هەمەڕەنگیی کولتووری بووە و هەموو ڕەنگەکانی نەتەوەیی، ئایینی، مەزهەبی، زمان، ئیتنیک و تەنانەت هۆز و تیرەی هەمەجۆری لەخۆگرتووە. بە درێژایی مێژووی خۆی پەناگەی بیروباوەڕە جیاوازەکان بووە و سەرچاوەی بەهای هەمەجۆر بووە، سەرەڕای ئەوەی تووشی سەرکوتکاریی زۆر هاتووە، بەڵام پارێزگاری لە لانیکەمی نەریتە بنچینەییەکانی خۆی کردووە. لە شەڕ و کوشتاری ئایین و مەزهەب و نەتەوەکانی ئەم ناوچەیەوە نەگلاوە کە لە سەرەتاکانی چاخی نوێدا هەڵگیرساون و تاوەکو ئەمڕۆش بەردەوامن، ئەمە سەرباری ئەو زیانە زۆرانەی بەریکەوتوون و ئەو هەموو بەڵا و موسیبەتەی بەسەری هاتوون.
جێبەجێنەکردنی مادەی 140ی دەستوور بووە بە ئاستەنگی سەرەکی لەبەردەم یەکخستنی ناوچەی پێکهاتە کولتوورییەکان و سەرچاوەی هەڕەشەیەکی دیمۆگرافیشە لە وجود و پێگەیان.

سـەرباری هەڕەشـەکانی تیـرۆر و دەمارگیریـی نەتەوەیـی و هەڕەشـە لـە ئابوورییەکـەی، زۆر فاکتـەری دیکـەش هـەن کـە پێکـەوە رێگـرن لـە بەدیهێنانـی خـەون و ئامانجەکانـی لـە عێراقـدا.

## ئەنجامگیری

- هەمەڕەنگیـی کولتـووری لـە کوردسـتان بونیادێکـی سرووشـتیی مێژووییـە کـە دەتوانـن بەگوێـرەی پێداویسـتییەکانی سـەردەم زیاتـر پەرەبسـتێنن.

- هەمـوو پێکهێنـەرە کولتوورییەکانـی گەلـی کوردسـتان لـەو ناوچانـەدا چڕبوونەتـەوە کـە ئێسـتا بـە ناوچـەی ناکۆکـی لەسـەر دادەنرێـن بەپێـی مـادەی 140ی دەسـتوور. هێشـتنەوەی رێکارەکانـی ئـەو مادەیـە بـە هەڵپەسـێردراوی، درێـژە بـەو دۆخـە کارەسـاتبارە دەدات کـە پەیوەنـدی بـە ژیانـی هەمـوو پێکهاتـە کولتوورییەکانـی عێراقـەوە هەیـە و بـووە بـە رێگریـش لەبـەردەم ئاسـاییکردنەوەی دۆخـی کوردسـتان و یەکخسـتنی ناوچەکانـی کـە فاکتەرێکـی گرنگـە بـۆ ئـەوەی هەمـوو پێکهاتـەکان بتوانـن رۆڵـی سرووشـتیی خۆیـان ببینـن لـە پاراسـتنی پێگـە مێژووییەکـەی و هەنگاونـان بـە ئاراسـتەی بەدیهێنانـی خواسـتەکانی.

**پەراوێزەکان:**

(1) المبـادئ التوجيهيـة التأهيليـة الخاصـة بالمفوضيـة السـامية للأمـم المتحـدة لشـؤون اللاجئيـن (UNCHR) 2012، ص29.

(2) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

https://www.marefa.org/%D8%AF%D9%8A%D9%85%D9%88%D8%BA%D8%B1%D882

- cosit.gov.iq/documents%5Cstatistics_ar%5Cpopulation%5Clabour_force%5Cfull_reports%.pdf

- http://www.todayszaman.com/columnist-286504-iraqi-circassians.html. www.cosit.gov.iq.

(3) دەتوانیـن لەڕێـی بینینـی ئامـارە بڵاوکراوەکانەوە کە ئامـاری مەزەندەکراون، ئاسـتی گۆڕانـەکان لـە ڕێـژەی نەتـەوە و ئایینی کەمینەکانـدا بزانین

https://www.marefa.org/%D8%AF%D9%8A%D9%85%D8%A78%82

(4) هەمـوو ئـەم ڕێژانـە لەسـەر بنەمـای ئەنجامـی ڕاڤەکاریـن بەگوێـرەی پەرەسـەندنەکانی گەشـەی دانیشـتووان لـە دوای سـاڵی 1957 کـە وەک بنچینەیـەک وەرگیـراوە، لەگـەڵ چـای لـە دانپێدانەنـان بـە هـەر گۆڕانێکـی دیمۆگرافـی لـە سیاسـەتی گۆڕینـی دیمۆگرافیـدا کـە حکومەتـی عێـراق لـە چەنـد دەیـەی ڕابـردوودا پەیـڕەوی کـردووە. توێـژەر

**سەرچاوەکان:**


Hennerbichler, Ferdinand, The Origin of The Kurds, Borsdorf, 2011.

Izady ,Mehrdad R. The Kurds: A Concise Handbook, Washington, 2005.

1. أباظـة، نـزار، الشـيخ خالـد النقشـبندي العالـم المجـدد حياتـه وأهـم مؤلفاته، دمشق، 1994.
2. ادموندز، سي. جي. الكرد والعرب والترك، بغداد، 1971.
3. إسحاق، رفائيل بابو، تأريخ نصارى العراق (100- 2006م)، دمشق، 2008.
4. افرام، ابلحد، من هم الكلدان الأشوريون السريان، دهوك، 2003.
5. أمين، سامان كريم، النقشبنديـة في كوردستان، السليمانية، 1998.
6. درويـش، عبدالرحمـن كريـم، الفكـر السياسـي للأحـزاب السياسـية

الكردسـتانية في العـراق، بغـداد، 2009.
7. درويـش، عبدالرحمـن كريـم، إشـكالية التعدديـة الثقافيـة ودورهـا في عملية إعـادة بنـاء الدولـة، سـوران، 2020.
8. اوارة، ميـرزا عبدالحسـين، الكواكـب الدريـة في تأريـخ ظهـور البابيـة والبهائيـة، مصـر، 1924.
9. باقر، طه وآخرون، تأريخ العراق القديم، أربيل، 1987.
10. براون، جي كيلبرت، قوات الليفي العراقية، السليمانية، 2006.
11. برونسن، مارتن فان، المجتمع الكردي، دهوك، 1998.
12. توفيق، هوكر طاهر، الكرد والمسألة الأرمنية، أربيل، 2012.
13. حبيـب، كاظـم، لمحـات مـن نضـال حركـة التحـرر الوطنـي للشـعب الكـردي في كردسـتان العـراق، أربيـل، 2005.
14. الحسني، عبد الرزاق، الصابئون في ماضيهم وحاضرهم، صيدا، 1963.
15. حكيـم، هلكـوت، أبعـاد ظهـور النقشـبندية في كوردسـتان، السـليمانية، 2005.
16. حمـو، أرشـد حمـد، الايزيديـون في كتـب الرحالـة البريطانييـن، دهـوك، 2012.
17. الخرسان، صلاح، التيارات السياسية في كردستان العراق، بيروت، 2001.
18. خصباك، شاكر، العراق الشمالي، بغداد، 1973.
19. دراوور، الليدي، الصابئة المندائيون، بيروت، 2005.
20. رابـي، عبـدالله مرقـس، الكلـدان المعاصـرون والبحـث عـن الهويـة القوميـة، عمـان، 2011.
21. رشيد، د. جمال، ظهور الكورد في التأريخ، أربيل، 2003.
22. زكي بك، محمد أمين، خلاصة تأريخ الكرد وكردستان، بغداد، 2005.
23. السـاعدي، حسـين جلـوب، الأقليـات العراقيـة مـن التعذيـب إلـى التمكيـن، بيـروت، 2015.
24. سـندي، بدرخـان، المجتمـع الكُـردي في المنظـور الاستشـراقي، أربيـل، 2002.
25. سندي، بدرخان، طبيعة المجتمع الكردي، كركوك، 1967.
26. السـنوي، عبـد الله بـن الشـيخ عبـد المجيـد، موجـز في تواريخ حياة الأسـلاف الكرام، السـليمانية، 2007.
27. شيبرا، ابرام، الآشوررين في الفكر العراقي المعاصر، بيروت،2001.
28. الصمانجي، عزيز قادر، التأريخ السياسي لتركمان العراق، بيروت، 1999.
29. الضابط، شاكر صابر، موجز تأريخ التركمان في العراق، بغداد، 1960.

30. طالب، جزا توفيق، المقدمات الجيوبولتيكية للأمن القومي للإقليم كردستان، السليمانية، 2005.
31. الطائي، محمد حامد، تحديد أقسام سطح العراق، بغداد، 1969.
32. عثمان، فارس، الكرد والأرمن، السليمانية، 2013.
33. العزاوي، دهام محمد، مسيحيو العراق محنة الحاضر وقلق المستقبل، الرياض، 2012.
34. فتوحي، د. عامر حنا، الكلدان منذ بدء الزمان، 2004.
35. فرحان، عدنان زيان، الكرد الايزيديين في إقليم كردستان، السليمانية، 2004.
36. الفهداوي، خالد سليمان، القضية الكردية، دمشق، 2006.
37. فوستر، هنري، نشأة العراق الحديث، عمان، 2006.
38. قزانجي، فؤاد يوسف، أصول الثقافة السريانية في بلاد ما بين النهرين، عمان، 2010.
39. قمندار، اسماعيل، دراسة اللهجات الكردية الجنوبية، بغداد، 2014.
40. كورية، يعقوب يوسف، يهود العراق، عمان، 1998.
41. كولديفاي، روبرت، معابد بابل ولورسبا، بغداد، 1985.
42. لطيف، مازن، يهود العراق موسوعة شاملة، بغداد، 2012.
43. ليزنبرغ، ميخائيل، الإسلام السياسي بين الكرد، من كتاب الأثنية والدولة، بيروت، 2006.
44. المدور، مروان، الأرمن عبر التأريخ، دمشق، 1980.
45. مرعي، فرست، الكرد وكردستان جديلة الأسطورة والتأريخ والدين، السليمانية، 2006.
46. مطر، سليم، الذات الجريحة، بيروت، 2008.
47. نبز، جمال، مستضعفون الكورد وإخوانهم المسلمون، السليمانية، 2006.
48. نعمان، ناجي، الآشوريون والكلدان أو كنيسة ما بين النهرين، بيروت، 2005 .
49. نيسكو، موفق، اسمهم سريان لا آشوريون ولا كلدان، 2020.
50. نيكيتين، باسيلي، الكرد: دراسة سوسيولوجية وتأريخية، أربيل، 2004.
51. الهرزاني، نوري ياسين، الكاكةييه، السليمانية، 2007.
52. وهبي، توفيق، الايزيدية بقايا الميثرائية، أربيل، 2004.
53. ويكرام، ويليام وادغار، مهد البشرية، أربيل، 2004.
54. ئيزدي، ميهرداد، الطوائف الالهية في كردستان، السليمانية، 1999.

55. ئیزدي، میهرداد، الكرد نبذة وجیزة، السلیمانیة، 2004.
56. میرزویف، كنیاز ابراهیم، موسوعة الكرد الصغرى، السلیمانیة، 2010.

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

1. پیرپاڵ، فەرهاد، کرۆنۆلۆجیای کوردستان، هەولێر، 2007.
2. خلیفی، حسین کۆمەلناسی کوردەواری، بەغداد، 1992.
3. دابونەریتی کورد، و: د. شکریه رەسوڵ، 1982.
4. ز.هـ. کرامیرز، سارەلی، هەولێر، 2005.
5. زەند، کەریم، ئایین ستان، سلێمانی، 2006.
6. زەند، کەریم، ئایین و باوەڕ لە کوردستان، سلێمانی، 1971.
7. زوهدی، رەووف محەممەد، بۆ لە هەقە کەوتنە تەقە؟، بەغداد، 1985.
8. عەسکری، مستەفا، ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی حەقە، بەغدا، 1983.
9. عومەر، دارا، ئاسۆی ئابووری، سلێمانی، 2006.
10. غەفوور،عەبدولـڵا، ئەتنـۆ دیمۆگرافیـای باشـووری کوردسـتان، هەولێـر، 2006.
11. محەممـەد، خەلیـل ئیسـماعیل، دابەشـبوونی جوگرافـی و نەتەوەیـی کـورد لـە عێراقـدا، هەولێـر، 1993.
12. مسـتەفا، شـوان عوسـمان، کوردسـتان و پرۆسـەی بەئیسـلامکردنی کورد، سلێمانی، 2002.
13. مسـتەفا، شـوکور، سـەرچاوەکانی بیروبـاوەڕی کـوردەواری، هەولێـر، 2006.
14. موکریانی، گیو، فەرهەنگی مهاباد، هەولێر، 1973.
15. میران، رەشاد، رەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، 2000.
16. مینۆرسکی، ئەهلی هەق، هەولێر، 2005.
17. هەژار، فازل نیزامەدین، فەرهەنگی ئەستێرە گەشە، بەغدا، 1977.
18. ئێـزدی، میهـرداد، ئاییـن و تایفـە ئاینییـەکان لـە کوردسـتان، سـلێمانی، 2001.

## توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بڵاوکراوەکان


1. درويـش، عبدالرحمــن كريـم، الكاكائيـة في كردســتان العــراق وايـران، في: الأديـان في كردســتان العــراق، ابوظبــي، 2018.

2. باجـلان، أمـل، الصابئـة المندائيـة في كردســتان العـراق، في: الأديـان في كردســتان العـراق، ابوظبـي، 2018.

3. بحـو، غـزوان يوسـف، الديانـة المسـيحية في كردسـتان العـراق، في: الأديـان في كردسـتان العـراق، ابوظبـي، 2018.


## راپۆرت و لێکۆڵینەوە بڵاوکراوەکان لە سایتە ئەلیکترۆنییەکاندا:


1. الأمـم المتحـدة، تقريـر، انتهـاكات حقـوق الانسـان ذات الطابـع الطائفـي المتزايـد،

http://www.ohchr.org/Documents/Countries/IQ/UNAMI_OHCHR_Sep_Dec_2014.pdf

2. تقريـر منظمـة حمورابـي لحقـوق الانسـان (HHRO) عـن حالـة حقوق الانسـان للأقليـات في العـراق لعام 2011،

3. كبـة، سـلام إبراهيـم عطـوف، الطـرق الصوفيـة والمـدارس الدينيـة في كردسـتان،

www.tirej.net.

4. عبـد السـتار، د. مؤيـد، المعـدان .. الكـورد الفيليـة .. المندائيـون ... شـعوب بـلاد الرافديـن العريقـة، فبرايـر 8،

https://www.gilgamish.org/2012/02/08/25535.html، 2012.

# چوارچێوەی یاسایی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق

پ.ی.د.چواس حەسەن

## پێشەکی

باسکردن لەمافی پێکهاتەکان / کەمینەکان[1]، دەمانباتەوە بۆ باسکردنی خودی مافی مرۆڤ لەهەمبەر مرۆڤدا، جا چ لەسەر ئاستی تاك بەرامبەر تاك بێت یان گرووپ لە بەرامبەر گرووپ. لێرەشەوە دەچینەوە سەر ئەو راستیەی کە ئەگەر ئەو مافانە لەنێوان مرۆڤەکاندا رێکنەخرێن، ئەوا مانای ئەوەیە، بەگوتەی هۆبز و لۆك و رۆسۆ، هێشتا لەدۆخی سەرەتاییدا دەژین. ئەو دۆخەی ئەگەر چارەسەر نەکرێت و وەك خۆی بمێنێتەوە، واتای وایە هەمووان دوژمنی هەمووانین، لە شەڕوشۆڕی بەردەوامداین، تا هەموو یەکدی لەناودەبەین.

1 - لەڕاستیدا لەسەر ئاستی یاسایی (ناوخۆیی و نێودەوڵەتی) چەمکی (کەمینەکان) بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا چەمکی (پێکهاتەکان) لەسەر ئاستی یاسایی و سیاسی بەکاردەهێنرێت، بەهۆکاری ئەوەی کە دەستەواژەی کەمینە وەك بەکەم سەیرکردن بۆ ئەو پێکهاتانە لێکنەدرێتەوە.

لەسـەردەمی ئەمـڕۆدا کـە ژمـارەی دانیشـتووانی جیهـان نزیکـەی 7 ملیـار کەسـە، نزیکـەی یـەك ملیـاری بـە پێکهاتـە / کەمینـە لەنـاو وڵاتەکانیانـدا وەسـف دەکرێـن، ئـەوەش رێژەیەکـی گەورەیـە و دەکاتـە نزیکـەی (14.5%)ی مرۆڤایەتـی. بۆیـە بابەتـی پێکهاتـەکان دەمێکـە لـە بابەتێکـی ناوخۆیـی ئـەم دەوڵـەت یـان ئـەو دەوڵەتانـە دەرچـووە کـە لـەڕووی پێکهاتـەی دانیشـتووانەوە جۆراوجـۆرن. بەڵکو بووەتـە بابەتێکی نێودەوڵەتـی و جێـگای بایەخـی سـەرجەم کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی و، گەلێـك پەیماننامـەی لەبـارەوە نووسـراوە و پرەنسـیپی بەرفەرمانـی لەبـارەوە بـۆ دانـراوە. چونکـە ئـەوە کێشـەیەك نییـە کـە تەنیـا لـە چوارچێـوەی سـنووری دەوڵەتـدا بمێنێـتەوە، بەڵکـو ئاگرەکـەی پـەل بـۆ دەرەوەی سـنووری دەوڵەتـان و بگـرە ئاسـتی نێودەوڵەتیـش دەهاوێـت. لەوسۆنگەیەشـەوە ئێسـتا ئاسـتی مرۆڤدۆسـتی و دیمۆکراسـیبوونی کۆمەڵـگاکان بـە هەڵوێسـتی سیاسـی و یاسـایی و کۆمەڵایەتییـان لـە هەمبـەر مافـی پێکهاتـەکان دەپێورێـت و دیاریدەکرێـت.

لـەڕووی پێکهاتـەوە، گەلـی کوردسـتانیش هەمیشـە بـە گەلێکـی هەمەڕەنـگ ناسـراوە. هـەر لەمێـژەوە گەلێـك ئاییـن و ئاییـنزا و تایفـە و مەزهەبـی جیاجیـا لـە کوردسـتان ژیـاون، ئـەوەی جێـگای سەرنجیشـە، هەرێمـی کوردسـتان نـەك تەنهـا باوەشـێکی میهرەبـان بـووە بـۆ پێکهاتەکانـی، بەڵکـو لـە دوای سـاڵی 2003 وە بووەتـە پەناگەیـەك بـۆ سـەرجەم پێکهاتەکانی ناوچـە جیاجیاکانـی عێـراق، ئـەوەش بـووە مایـەی دانپێدانـان و پێزانینـی ناوەنـدە ئایینـی و سیاسـییە نێودەوڵەتییـەکان.

لـەوەش زیاتـر بەگەلێـك ناسـراوە کـە بـرەوی بـە لێبووردەیـی داوە. ئـەوەش تەنیـا لـە بۆچوونـی کۆمەڵایەتییـدا نەوەسـتاوە، بەڵکـو بووەتـە بەرنامەیەکـی سیاسـیش کـە لـە دوای راپەڕینـەوە، رەنگدانـەوەی لەسـەر ئاسـتی سیسـتەمی یاسـایی هەرێمـی کوردسـتان هەبـووە.

ئـەم بابەتـە هەوڵـدەدات چوارچێـوەی یاسـایی مافـی پێکهاتـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتاندا دیاریبـکات، لـەم خاڵانـەی خـوارەوەدا:

## 1) پێکهاتەکان / کەمینەکان

دەکرێت لەڕووی پێناسە و جۆر و مافەکانیان، لەم خاڵانەی خوارەوەدا باس لە پێکهاتەکان بکەین:

### 1-1) پێناسەی پێکهاتەکان / کەمینەکان

لەگەڵ ئەوەی گەلێک هەوڵ بۆ پێناسەی پێکهاتەکان دراوە، بەڵام هیچیان ئەوەندەی پێناسەکەی دادوەری ئیتاڵی (فرانشیسکۆ کابوتورتی) تێروتەسەل و پەسندکراو نین، چ لەسەر ئاستی زانایان و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. ئەو پێیوایە پێکهاتەکان/کەمینەکان بریتین لە (گرووپێک کە ژمارەیان کەمترە لە ژمارەی باقی دانیشتووانی دەوڵەت، لەبارێکی زاڵدانین، ئەندامەکانی ـ کە هاووڵاتی دەوڵەتن ـ تایبەتمەندیی ئیتنیکی، ئایینی، یان زمانیی جیاوازیان لەگەڵ باقی دانیشتووان هەیە. ئەگەر بەشاراوەش بێت، هەستێکی هاریکارییان بۆ یەکتری هەیە، تا کولتوور و نەریت و ئایین و زمانەکەیان بپارێزن.) [2]

لێرەوە دەتوانین لەم پێناسەیەوە گرنگترین مەرجەکانی دیاریکردنی پێکهاتە بەمجۆرە دیاریبکەین[3]:

1 - لەڕووی پێوەری ژمارە: پێکهاتە بریتییە لە ژمارەیەکی کەمی دانیشتووانی دەوڵەت، وەك ئەوەی کە لانیکەم لەنیوەی دانیشتووان کەمتربن.

2 - لەڕووی پێوەری پەراوێزخستن (التهمیش): پێکهاتەکان لە بارێکی زاڵ و بەهەژموونـدا نین، هەرچەندە چەند ریزپەڕێك لەوبارەیەوە هەن کە کەمینە حوکمی وڵاتیان کردووە و پێیاندەڵێن (کەمینەی ستراتیژی) وەك کەمینەی سپییەکان لە ئەفریقای باشوور کە لە ماوەی ساڵانی (1948

2 - بڕوانە: سعد سلوم، حماية الأقليات الدينية والإثنية واللغوية في العراق، مجموعة من الناشرين، 2017، العراق، ص24.

3 - المصدر الاعلاه، ص25-24.

-1993 ) حوکمـی رەشپێسـتی زۆرینەیـان دەکـرد. یـان کەمینەی سـوننی کە حوکمـی زۆرینـەی شـیعە لـە بەحرەیـن دەکـەن، یـان کەمینـەی عەلـەوی کە حوکمـی زۆرینـەی سـوننە لـە سـووریا دەکەن.

3 - لـەڕووی پێـوەری خەسـڵەتەوە: کۆمەڵـە کەسـانێکن کە لەنـاو دەوڵەتدا لـە زۆرینـەی دانیشـتووان لـەڕووی ڕەگـەز یـان بیـروڕا یـان زمـان، تـەواو جیـاوازن.

4 - لـەڕووی پێـوەری هەسـتی بەکۆمـەڵ یـان هاوبەشـەوە: پێکهاتـە بریتییـە لـە قەوارەیەکـی مرۆیـی کـە ئەندامەکانـی هەسـتدەکەن لـەڕووی خەسـڵەت یـان کارەکتـەری جۆرییـەوە، سـەر بـە هاوبەشـییەکی بەکۆمەڵـن کـە گرووپـی دیکـە لەنـاو کۆمەڵگاکـەدا نییەتـی.

## 1-2 ) جۆرەکانی پێکهاتەکان:

دەکرێـت لـەو پێناسـەی سـەرەوە گەلێـك جـۆر لـە پێکهاتـەکان وێنـا بکەین، بـەم شـیوەیەی خـوارەوە [4]:

یەکـەم: پێکهاتە ئایینیەکان: ئەو پێکهاتانەن کە لەسـەر بنەمـای بیروباوەڕی ئایینـی لـە زۆرینـە جیادەکرێنـەوە، جا ئایینەکە ئاسـمانی بێت وەك ئیسـلام و کریسـتیان و جـوو، یـان ئایینێکـی ئاسـمانی نەبێـت وەك بوودایـی. نموونـەی ئـەو جـۆرە پێکهاتانـەش وەك موسـوڵمانەکان لـە هیند یان کریسـتیانەکان لـە عێـراق. هەندێـك پێیانوایە ئەگەر ئاییـن بەمانا بەرتەسـکەکەی وەربگرین، ئـەوا جیاوازیـی تایفـی لـە ناوخـۆی ئایینێکـدا نابێتـە هـۆی دروسـتبوونی پێکهاتـە، (بـەڵام لەڕاسـتیدا لەبەرئـەوەی کـە جیاوازییەکـە لەسـەر بنەمـای بیروبـاوەڕی ئایینییـە، بۆیـە جیاوازیـی تایفیـش هـەر دەبێتـە هۆکارێـك بـۆ دروسـتبوونی پێکهاتـە لـە ناوخـۆی وڵاتـدا، ئەگـەر مـەرج و خەسـڵەتەکانی دیکـەی پێکهاتـەی تێـدا هاتـەدی ـ وەك لەپێشـەوە ئاماژەمـان بـۆ کـرد).

---

4 - بڕوانە: بن نعمان فتيحة، مظاهر الحماية الدولية لحقوق الاقليات، أطروحة دكتوراه مقدمة الى كلية الحقوق والعلوم السياسية ـ جامعة مولود معمري ـ تيزي وزو، 2017، الجزائر، ص25-20.

دووەم: پێکهاتـە نەتەوەییـەکان: بریتیـن لەو پێکهاتانەی کە لەسـەر بنەمای جیاوازیـی زمانیـان لـە زۆرینـەی دانیشـتووانی وڵاتێـك جیادەکرێنـەوە. وەك کـورد لـە سـووریا یـان باسـك لە فەرەنسـا و ئیسـپانیا. دەکرێـت هەندێکجار ئـەم جـۆرە پێکهاتانـە، سـەرەڕای جیاوازیـی زمـان، جیاوازیـی ئایینیشـان لەگـەڵ زۆرینـەی دانیشـتوواندا هەبێـت. وەك موسـڵمانانی تایلەنـد کـە لەهەمانکاتـدا پێکهاتەیەکـی بەڕەچەڵـەك هینـدی یـان چینـی یـان مالیزیـن.

سـێیەم: پێکهاتـەی نیشـتمانی: ئـەو دانیشـتووانەن کـە لەژێـر سـایەی دەسـەڵاتی وڵاتێکـدا دەژیـن جیـاوازە لـە وڵاتـی رەسـەنی خۆیـان و هەسـتدەکەن سـەر بـە ئوممەتێکـن جیـاوازن لـەوەی تێیـدا دەژیـن و داوای جیابوونـەوە دەکـەن. وەك کۆرییـەکان لـە چیـن، سـویدییەکان لـە فینلەنـد.

چـوارەم: پێکهاتـە رەچەڵەکیـەکان: مەبەسـت لـە چەمکـی رەچەڵـەك ئـەو گرووپانـەی مرۆڤـن کـە ئەندامەکانـی هەسـتدەکەن لەیـەك ئەسـڵەوە هاتـوون و بـە هەندێـك خەسـڵەتی بایۆلۆجـی بۆماوەیـی هاوبـەش لـە گرووپەکانـی دیکـەی مـرۆڤ جیـا دەکرێنـەوە.

پێنجـەم: پێکهاتـە ئیتنییـەکان: مەبەسـت لێـی ئـەو گرووپانـەن کـە ئەندامەکانیـان لـە خەسـڵەتە بایۆلۆجـی و کۆمەڵایەتـی و کولتـووری و مێژووییەکانـدا هاوبەشـن. کەمینـەکان لەسـەر بنەمـای بایۆلۆجـی وەك رەنگـی پێسـت یـان رەنگـی چـاو و قـژ جیـاوازن و هەسـتدەکەن کـە یـەك ئەسـڵ یـان رەچەڵەکیـان هەیـە و لـە زۆرینـەی دانیشـتووانی دەوڵـەت جیـاوازن.

## 1-3) پەرەسەندنی مێژوویی مافی پێکهاتەکان[5]

یەکـەم هەوڵـی بەرچـاو بـۆ ناسـاندنی مافـی پێکهاتـەکان لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی، لەڕێگـەی ژمارەیـەک لـە پەیماننامـەی تایبـەت بـوو کـە

5 - بڕوانە: النهوض بحقوق الاقليات وحمايتها: دليل المدافعين عنها، كراس صادر عن منظمة الامم المتحدة، 2012، جنيف و نيورك، ص9-3.

لـەدوای جەنگـی یەکەمـی جیهانـی بـە چاودێریـی ڕێکخـراوی کۆمەڵـەی گـەلان واژۆکـران. لەگـەڵ دامەزراندنـی نەتەوەیەکگرتووەکانیـش لـە سـاڵی 1945، سـەرنجەکان لەسـەرەتادا لەسـەر مافـە جیهانییەکانـی مـرۆڤ و کۆتاییهێنـان بـە کۆڵۆنیالیـزم بـوون. پاشـان هێـدی هێـدی نەتەوەیەکگرتـووەکان چەندیـن یاسـا و ڕێـکار و میکانیزمـی لەسـەر کێشـە و مافـی کەمینـەکان پەرەپێدا تـا گەیشـت بـەوەی کـە جاڕنامـەی نەتەوەیەکگرتووەکانـی سـاڵی 1992ی تایبـەت بـە مافەکانـی پێکهاتـە نەتەوەیـی ئیتنـی یـان ئایینیـەکان بڵاوکرایـەوە کـە تائێسـتا بـەرکارە. چەمکەکانـی (کەمینـە) و (زۆرینـە) لـە یاسـای نێودەوڵەتیـدا تاڕادەیـەک تـازەن. هەرچەنـدە ئاشـکرایە کـە لـە نێوخـۆی کۆمەڵگەکانـدا، بەدرێژایـی مێـژوو جیاوازیـی دانیشـتووان هەبـووە و هەندێـک حوکمڕانـی مافـی تایبەتیـان بـە پێکهاتـە نێوخۆییەکانیـان داوە. سیسـتمی (میلـەل) لـە ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانیدا، بـۆ نموونـە، ئاسـتێك لـە سـەربەخۆیی کولتـووری و ئایینـی بـۆ کۆمەڵگـە ئایینییـە ناموسـوڵمانەکانی نـاو ئیمپراتۆریەتەکـە دابینکردبـوو: وەک کریسـتیانە ئەرتۆدۆکسـەکان، ئەرمەنـەکان، جـووەکان و ئەوانـی دیکـە. هەریـەك لـە شۆڕشـی فەرەنسـی و ئەمریکـی لـە کۆتایـی سـەدەی هـەژدەدا ئازادیـی بیروباوەڕیـان وەک ڕاسـتییەکی بنەڕەتـی ڕاگەیانـد. هەرچەنـدە هیچکامیـان بابەتـی پاراسـتنی پێکهاتەکانیـان بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ نەدەگرتەخـۆ. کۆنفرانسـی ڤییەنـا لـە سـاڵی 1815 کـە ئیمپراتۆریـی ناپلیۆنـی لەنێوبـرد، تاڕادەیـەک دانـی بـە مافـی کەمینەکانـدا نـا، هەروەها پەیمانـی بەرلینـی سـاڵی 1878 دانـی بـە هەندێـک مافـی تایبەتـی تایفـەی ئایینیـی چیـای ئاتـۆس-دا نـاوە. بـەڵام زۆربـەی فۆکـەس و بایەخـە یاسـایی و سیاسـییە نێودەوڵەتییـەکان، بەدرێژایـی سـەدەی نـۆزدە، بـە ئاراسـتەی ئـەوە بـوو کـە پاسـاو بـۆ یەکخسـتنی گـەلان بهێنرێتـەوە نـەك بـە ئاراسـتەی پاراسـتنی پێکهاتـەکان. واتـا هێنـدەی سـەردەمەکە پاڵپشـتی لـە یەکجۆریـی نێوخۆیـی دانیشـتووانی وڵاتـان دەکـرد، هێنـدە

دانـی بـە جیاوازییەکانـدا نەدەنـا. بۆیـە لەگـەڵ هەڵکشـان و زاڵبوونـی بیروبـاوەڕی ناسـیۆنالیزم، ئەوانـەی ناسـنامەی ئیتنیکـی، زمانـی یـان ئایینییـان لەنێوخـۆی وڵاتەکەیانـدا هاوشـێوەی زۆرینـەی دانیشـتووان نەبـوو، زیاتـر دەکەوتنە بـەر هەڕەشـەی تواندنـەوەی زمـان و کولتـوور و تایبەتمەندییـان، ئەمـەش بنەمایەکـی ئابـووری هەبـوو، چونکـە شۆڕشـی پیشەسـازی و فراوانبوونـی بازرگانـی و پێداویسـتییەکانی گەشەسـەندنی دانیشـتووانێکی خوێنـدەوار کـە بتوانێـت لـە چوارچێـوەی شۆڕشـی پیشەسـازیدا بـە سـەرکەوتوویی کار بـکات، گوشـاری دەخسـتە سـەر گرووپـە بچـووک یـان لاوازەکان بەئاراسـتەی پابەندبـوون بـە نۆرمـە زمانەوانـی و کولتوورییـە زاڵـەکان.
لـە رۆژگاری هەڵگیرسـانی جەنگـی یەکەمـی جیهانیشـدا لـە سـاڵی 1914، مەسـەلەی پێکهاتـەکان، لانیکـەم لـە ئەوروپا، بـووە خەمـی لەپێشـینەی سیاسـەتی نێودەوڵەتـی. لـە دوای جەنگ و دامەزراندنـی کۆمەڵەی گەلان (عصبـة الامـم) بابەتـی پاراسـتنی پێکهاتـەکان پـەرەی سـەند. کۆمەڵێك پەیماننامـەی تایبـەت بەسەرپەرشـتی کۆمەڵـەی گـەلان تایبـەت بـە پێکهاتـەکان واژۆکـران کـە ناوەڕۆکیـان پەیوەندیداربـوو بـە مـاف لـە یەکسـانبوون و نەهێشـتنی جیـاکاری لەگـەڵ زۆرینـەی دانیشـتووانی وڵاتەکانیـان، مافـی رەگەزنامـە، مافـی بەکارهێنانـی زمانـی رەسـەن بـە ئاشـکرا، مافـی ئاواکردنـی دامـەزراوە ئایینـی و کولتوورییـەکان و فێرکردنـی تایبـەت و هاریکاریەکانـی تایبـەت بەخۆیـان و...هتـد.
لەڕاسـتیدا سیسـتمی چاودێریـی کۆمەڵـەی گـەلان لەبـارەی مافـی پێکهاتەکانـەوە، پتـر سیاسـی بـوو وەك لـەوەی یاسـایی بێـت، بـەڵام لەڕێگـەی سـکرتاریەتی کۆمەڵەکـەوە هەندێـک چاودێـری دەسـتەبەر کرابـوو. لەگـەڵ ئـەوەش کـە سیسـتمی دادوەری و سـزادانی کۆمەڵـەی گـەلان کارا نەبـوو، بەڵام ژمارەیەک راوبۆچوونی راوێژکاریـی گرنگـی لەسـەر کەیسـی کەمینـەکان دەرکـرد. هەروەهـا مـەودای پەیماننامەکانی ئەو سـەردەمە سـنووردار بـوو، تەنیا بەسـەر ژمارەیەکی

کـەم لـە وڵاتانـی دۆڕاوی شـەڕ یـان تازەدامـەزراودا جێبەجـێ دەکـران و هیـچ رێککەوتنێـک نەبـوو کـە مافـی کەمینـەکان لەسـەر ئاسـتی جیهـان جێبەجـێ بکرێـت. بـەڵام لێکەوتـەی پراکتیکـی بـۆ کەمینەکانـی ناو دەوڵـەت هەبـوو، هەنگاوێکـی گرنگـی لـە پەرەپێدانـی یاسـای مافـی کەمینـە نێودەوڵەتییـەکان و یاسـای مافـی مـرۆڤ پێکدەهێنـا و بوونـە دەسـتکەوتی سـەرەکی لـە گەشـەپێدانی رێسـاکانی یاسـای نێودەوڵەتـی لـەو بـوارەدا و لەسـەردەمی نەتەوەیەکگرتووەکانـدا بەهێزتـر و روونتـر دەرکەوتـن.

دوای جەنگـی دووەمـی جیهانـی و دامەزرانـی نەتەوەیەکگرتـووەکان، قۆناغێکـی نـوێ لـە بایەخـدان بـە مافـی پێکهاتـەکان دەسـتپێدەکات. هەرچەنـدە پەیماننامـەی نەتەوەیەکگرتـووەکان راسـتەوخۆ ئامـاژە بـە مافـی پێکهاتـەکان نـاکات، بـەڵام لـە مـاددەی (1/ بڕگـە 3) دا ئامـاژەی تێدایـە بـۆ پێشـتگیری لـە مافـی مـرۆڤ و ئازادییـە بنەڕەتییەکانـی هەموو خەڵـک بەبـێ جیاوازیکـردن لەسـەر بنەمـای رەگـەز، زمـان یـان ئاییـن. لـە سـاڵی 1948یـش جاڕنامـەی جیهانیـی مافەکانـی مرۆڤـی راگەیانـد کـە لـە ئەحکامەکانیـدا مافـی پێکهاتەکانـی روونتـر و راسـتەوخۆتر ئامـاژە پێـداوە.

نەتـەوە یەکگرتـووەکان، شانبەشـانی بایەخـدان بەمافەکانـی مـرۆڤ بەشـێوەیەکی گشـتی، لـە سەرتاسـەری جیهانـدا بایەخێکـی تایبەتیشـی بـە مافـی پێکهاتـەکان دا و لـەو پێناوەشـدا گەلێـك پەیماننامـەی نێودەوڵەتیـی گرنگـی بەرهەمهێنـا، لەوانـەش پەیماننامـەی پێشـگرتن لـە تاوانـی جینۆسـاید لـە سـاڵی 1948 کـە لەناوبردنـی بەشـێك یـان تـەواوی پێکهاتـەکان لـە هەرشـوێنێکی جیهـان بێـت، قەدەغـە دەکات. لـە سـاڵی 1947یـش لیژنەیەکـی بـۆ پێشـگرتن لـە جیـاکاری و پاراسـتنی کەمینـەکان وەک لیژنەیەکـی لاوەکیـی لیژنـەی مافەکانـی مـرۆڤ دامەزرانـد. لـە شەسـتەکانی سـەدەی بیستەمیشـدا سـێ پەیماننامـەی گرنگـی تایبـەت بـە مافـی کەمینـەکان واژۆکـرد. ئـەوە بـوو

رێکخـراوی یونسـکۆ لـە سـاڵی 1960 دا پەیماننامـەی دژ بـە جیاکاری لـە فێرکردنـدا پەسـەند کـرد کـە ددان بـە مافـی ئەندامانـی پێکهاتـەکان بـۆ ئەنجامدانـی چالاکـی پەروەردەیـی تایبـەت بـە خۆیانـدا دەنێت، لەوانـە دامەزراندنـی قوتابخانـەی تایبـەت بـە خۆیـان و فێرکـردن بـە زمانـی خۆیـان. لـە سـاڵی 1965یشـدا پەیماننامـەی نێودەوڵەتـی نەهێشـتنی هەمـوو شـێوەکانی جیاکاری رەگەزیـی پەسـندکرد کـە هـەر جیاکارییەک قەدەغـە دەکات لەسـەر بنەمـای رەگـەز، رەنـگ، رەسـەن، نەتـەوە یـان نـەژاد بێـت. لـە سـاڵی 1966دا پەیمانـی نێودەوڵەتـی تایبـەت بـە مافـە مەدەنـی و سیاسـییەکان لـە مـاددەی 27دا ماددەیەکـی دیاریکـراوی تایبـەت بـە پێکهاتەکانـی لەخۆگرتبـوو کـە یەکێکـە لـە ئامـرازە یاسـاییە سـەرەکییەکان لـە بەرەوپێشـبردنی مافـی پێکهاتـەکان.

لـە دوای جەنگـی سـاردیش، وڵاتانـی ئەوروپـا لـە سـاڵی 1990دا جاڕنامەی کۆپنهاگنـی تایبـەت بـە مافەکانـی مـرۆڤ و دیموکراسـی و سـەروەریی یاسـا و پێکهاتەکانیـان دەرکـرد کـە بـووە بنەمایـەك بـۆ ئـەوەی پەیماننامەیەکـی تایبـەت بـە پاراسـتنی پێکهاتـەکان لەسـاڵی 1994 لـە چوارچێـوەی رێکخـراوی (ئەنجوومەنـی ئەوروپـا)دا دەربکـەن.

لـە چوارچێـوەی نەتەوەیەکگرتووەکانیشـدا، بایەخـدان بـە مافـی پێکهاتـەکان و پاراسـتنیان هەربـەردەوام بـوو، تـا لـە سـاڵی 1992 کۆمەڵـەی گشـتیی نەتەوەیەکگرتـووەکان جاڕنامـەی پەیوەسـت بە مافی کەمینـە نەتەوەیـی یـان ئیتنـی و کەمینـە ئایینـی و زمانییـەکان دەرکـرد کـە تـا ئێسـتا بـە دەقێکـی پێشـکەوتوو لەبـارەی مافەکانـی پێکهاتـەکان دادەنرێت و لەوکاتەشـەوە هەوڵەکانـی نەتەوەیەکگرتـووەکان بەرێگـەی دامەزراندنـی لیژنـەکان و دەرکردنـی پەیماننامـە و جاڕنامـە بـۆ پاراسـتنی مافـی پێکهاتـەکان بەردەوامـە و کۆتایـی نەهاتـووە و هەنگاوی باشـیش دەنێـت.

## 1-4) چوارچێوەی مافی پێکهاتەکان

بەشـێوەیەکی گشـتی دەتوانیـن بڵێـین کـە بەرهەمـی گشـتی سـەرجەم هەوڵەکانی مرۆڤایەتی لەسـەر ئاسـتی پەیماننامـە نێودەوڵەتیە هەرێمی و جیهانییـەکان، لێکۆڵینـەوەی یاساناسـان، چالاکیـی رێکخـراوەکان و چالاکڤانـان، لـەڕووی دیاریکردنـی سـەرەکیترین و لانیکەمـی مافـە هـەرە پێویسـت و گرنـگ و سـادەکانی پێکهاتـەکان، لـە مـاوەی ئـەم سـەدەیەی رابـردودا، بریتیـن لەمانـەی خـوارەوە [6]:

### 1-4-1) مافە گشتییەکانی پێکهاتەکان:

بریتیـن لـە گرنگتریـن ئـەو مافانـەی بـۆ هەمـوو تاکێکـی نـاو کۆمەڵـگا گەرەنتیکـراون و تاکەکانـی پێکهاتەکانیـش دەتوانـن لێیـان سـوودمەند بـن. ئەوانـەش ئـەو مافانـەن کـە پەیماننامـە نێودەوڵەتییەکانـی تایبـەت بـە مافەکانـی مـرۆڤ باسـیان لێـوە دەکـەن و گرنگییەکـی تایبەتیشـیان هەیـە. لەوانـەش:

1 - مافـی ژیـان: کـە ماددەی سـێیەمی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ سـاڵی 1948 و مـاددەی دووەمـی پەیماننامـەی نێودەوڵەتـی مافـە مەدەنـی و سیاسـییەکانی سـاڵی 1966 و سـەرجەم پەیماننامـە هەرێمییەکانـی تایبـەت بـە مافەکانـی مـرۆڤ و دەسـتوورەکان باسـیان لێـوە کـردووە.

2 - مافـی خاوەنداریـی تایبـەت: مـاددەی پێنجەمـی رێککەوتننامـەی نێودەوڵەتـی نەهێشـتنی هەمـوو جۆرەکانـی جیاکاریـی رەگـەزی باسـی لێوەکـردووە و مافـی خاوەندارێـی تایبەتـی داوەتـە هەمـوو کەسـێك بەبـێ جیـاکاری لەسـەر بنەمـای رەچەڵـەك یـان رەنـگ یـان نەتـەوە.

3 - مافـی پاراسـتنی ژیانـی تایبـەت: مـاددەی دوازدە لـە جاڕنامـەی مافەکانـی مـرۆڤ بـاس لـەوە دەکات کـە نابێـت دەسـتدرێژی بکرێتـە

---

6 - بڕوانە: بن نعمان فتيحة، المصدر السابق، ص38-25.

سـەر ژیانـی تایبەتیـی هیـچ کـەس یـان کاروبـاری خێزانـی یـان شـوێنی دانیشـتنی یـان نامەگۆڕینـەوە یـان هێـرش بکرێتـە سـەر شـەرەف و ناووناوبانگـی. مـاددەی حەوتەمـی پەیمانی نێودەوڵەتی مافـە مەدەنـی و سیاسـییەکانیش جەختـی لەسـەر ئـەو مافـە کردووەتـەوە. هەروەهـا ئـەو مافـە لـە دەستوورەکانیشـدا هاتـووە.

4 - قەدەخەکردنـی ئەشـکەنجەدان و مامەڵـەی نامرۆڤانـە: مـاددەی پێنجەمـی جاڕنامـەی مافەکانـی مـرۆڤ، مـاددەی حەوتەمـی پەیمانـی نێودەوڵەتیـی مافـە مەدەنـی و سیاسـییەکان و پەیماننامـەی نێودەوڵەتیـی بەرەورووبوونـەوەی ئەشـکەنجەدان و جۆرەکانـی دیکـەی مامەڵـە یـان سـزای توندوتیـژ یـان نامرۆڤانـە یـان بەکـەم سـەیرکردن، جەختیـان لەسـەر ئـەوە کردووەتـەوە کـە نابێـت هیـچ کـەس ئەشـکەنجە بدرێـت یـان مامەڵەیەکـی نامرۆڤانـەی لەگـەڵ بکـرێ، یاخـود سـووک سـەیر بکرێـت.

### 1-4-2) مافە تایبەتی و گشتییەکانی تاک و گرووپی کەمینەکان:

لەبـەر ئـەوەی مافـە گشـتییەکانی سـەرەوە بـەس نیـن بـۆ گەرەنتیکردنـی سـەرجەم مافەکانـی پێکهاتـەکان، بۆیـە مـاددەی 27ی پەیمانـی نێودەوڵەتـی مافـە مەدەنـی و سیاسـییەکان و جاڕنامـەی نەتەوەیەکگرتـووەکان پەیوەسـت بـە کەسـانی سـەر بـە کەمینـەکان بـۆ سـاڵی 1992، بایـەخ دەدەن بـە مافـە تایبەتەکانـی پێکهاتەکانیـش چ لەسـەر ئاسـتی تـاك بەتاکیـان یـان لەسـەر ئاسـتی گـرووپ، بـەم شـێوەیەی خـوارەوە:

یەکـەم: مافـە تایبەتەکانـی تـاک: مەبەسـت لێـی ئـەو مافانـەن کـە تاکەکانـی سـەر بـە کەمینـە دەبێـت لێـی بەهرەمەندبـن و گەرەنتـی بکرێـن، ئەوانیـش خۆیـان لەمانـەی خـوارەوەدا دەبینـەوە:

1 - مافـی بەکارهێنانـی زمانـی خۆیـان: مەبەسـت لـەو مافـە ئەوەیـە

کـە تاکەکانـی هـەر پێکهاتەیـەک مافـی ئەوەیـان هەیـە زمانـی تایبـەت بەخۆیـان لـە پەیوەندییـە تایبـەت و گشـتییەکانیاندا بەکاربهێنـن. ئـەوەش بەواتـای ئەوەیـە کـە بۆیـان هەیـە کاتێـك لەگـەڵ کەسـانی دیکـەدا مامەڵـە دەکـەن، یـان لەبـەردەم دامەزراوەکانـی دەوڵەتـدان، زمانـی تایبـەت بەخۆیـان بەکاربهێنـن. لەوەشـەوە مافـی بەکارهێنانـی زمانەکەیـان لـە رۆژنامـە و رادیـۆ و تەلەفزیـۆن و خوێنـدن و تەنانـەت لەبـەردەم دادگاکانـی دەوڵەتیشـدا بەکاربهێنـن. ئـەوەش وا دەخـوازێـت ئـەو دەوڵەتانـەی کەمینەیـان تێدایـە، لـە یاسـاکانیاندا وەك پابەندییەکـی نێودەوڵەتـی ئـەو مافـە گەرەنتـی بکـەن. هەروەهـا لـە مـاددەی 30ی پەیماننامـەی مافەکانـی منـداڵان بـۆ سـاڵی 1989یـش جەخـت لەسـەر مافـی منـداڵان لـە قسـەکردن بەزمانـی خۆیـان کراوەتـەوە.

2 - مافـی پێکهاتـەکان لـە بەهرەمەندبـوون لـە کولتـووری تایبەتیـان:

بەپێـی مـاددەی (2) لـە جاڕنامـەی نەتەوەیەکگرتـووەکان پەیوەسـت بـە کەمینـەکان بـۆ سـاڵی 1992، (لەسـەر دەوڵەتانـە هەمـوو رێوشـوێنێک بگرنەبـەر کـە بـواری گونجـاو بـۆ کەسـانی سـەر بـە پێکهاتـەکان لـە پەرەپێدانـی کولتووریـان دەڕەخسـێنن.)

مەبەسـت لـە کولتـووری پێکهاتـە ئەوەیـە کـە گرووپەکـە لەوانـی دیکـە جیادەکاتـەوە، هونـەر و ئـەدەب و شـێوازی ژیـان و نەریـت و بەهـا تایبەتـەکان بـە پێکهاتەکـە دەگرێتـەوە. ئەمـە زۆر گرنگـە بـۆ تاکەکانـی پێکهاتەکـە لەبەرئـەوەی کـە وایـان لێـدەکات بـە ئـازادی بیـر لـە ناسـنامەی کولتووریـی خۆیـان بکەنـەوە و هەسـت بکـەن سـەر بـە گرووپێکـی جیـاوازن. لەوەشـەوە مافـی تاکەکانـی پێکهاتەکانـە کـە بـە گـرووپ بەشـداری لـە ژیانـی کولتـووری و بەرهەمهێنانـی هونـەری و ئەدەبـی و زانسـتیی پێکهاتەکەیـان بکـەن، بەشـێوەیەك کـە کەلەپووریان بپارێزێـت و لەبەرامبـەر کولتـووری ئەوانـی دیکـەدا رێزلێگیراوبێـت. پێویسـتە بەشـێوەیەك مامەڵەیـان لەگەڵـدا بکرێـت کـە بۆنـی جیـاکاری یـان سـووکایەتی لـێ نەیـەت.

3 - مافــی ڕاگەیانــدن و پەیڕەوکردنــی ئایینــی: مەبەســت لــەو مافــە ئەوەیـە کـە تاکەکانی پێکهاتەیەکـی ئایینی بـە ئـازادی پەیـڕەوی لـە ئایینی گرووپەکەیـان بکـەن، تەنانـەت ئەگـەر پێچەوانـەی ئایینـی فەرمیـی دەوڵـەت یــان ئایینــی زۆربــەی دانیشــتووانیش بێــت. چونکــە واباوە کــە ئەندامانــی ئــەو پێکهاتانــە بــەرەوڕووی جۆرێــك لــە جۆرەکانــی گوشــار و جیــاکاری و کــردەوەی دەمارگیــری لەلایــەن باوەڕدارانــی ئایینــی زۆرینــەی وڵات دەبنەوە، جـا بەشـێوەیەکی ڕێکخـراو یـان ناڕێکخـراو بێـت.

ڕووکارەکانــی ئــەو مافــەش ئــەوەن کــە تاکەکانــی پێکهاتــە ئایینیەکــە بەئاشـکرا بتوانـن پەیـڕەوی لـە ئایینەکەیـان بکـەن و دامـەزراوەی تایبـەت بە فێربــوون و پیادەکردنــی ڕێوڕەســمەکانیان هەبێــت و مافــی پشــوویان لــە بۆنـە و جەژنەکانـی خۆیانـدا هەبێـت.

4 - مافــی پێکهاتــەکان لــە دروســتکردنی ڕایەڵــە تایبەتــەکان (الروابــط الخاصـة): مەبەسـت لـەو مافـە بریتییـە لـەوەی کـە تاکەکانـی پێکهاتـەکان ئازادانـە مافـی ئەوەیـان هەبێـت ڕایەڵـەی تایبەتیـان هەبێـت و پارێـزگاری لەبەردەوامبوونــی بکــەن. وەك کۆڕبەنــد و کۆمەڵــەی تایبــەت بــە پێکهاتەکەیـان کـە دەبنـە هـۆی کۆکردنـەوەی تاکەکانیـان و بەهێزکردنـی پەیوەنـدی و ڕایەڵـەی نێوانیـان. هەروەهـا پەیوەندییـان لەگـەڵ تاکەکانـی پێکهاتەکانـی دیکـەی وڵات یـان هاووڵاتیانـی وڵاتانـی بیانـی کـە پەیوەنـدی نەتەوەیــی یــان ئایینــی یــان ئیتنیکــی کۆیاندەکەنــەوە و ئاســتەنگەکانی بەردەمــی ئــەو پەیوەنــدی و ڕایەڵانــە نەهێڵدرێــن.

دووەم: مافــە دەســتەجەمعییەکانی پێکهاتــەکان: مەبەســت لێــی ئــەو مافانـەن کـە دەبێـت پێکهاتـەکان بـە سـیفەتی گـرووپ و بەکۆمـەڵ لێـی بەهرەمەندبـن و گەرەنتـی بکرێـن، ئەوانیـش خۆیـان لەمانـەی خـوارەوەدا دەبیننــەوە:

1 - مافــی گەشــەکردن: هــەر لــە دامەزراندنــی ڕێکخــراوی نەتــەوە یەکگرتووەکانــەوە چەمکــی گەشــەپێدان وەك مافێــك لــە مافەکانــی مـرۆڤ سـەریهەڵدا و بایەخـی پێدرا، لەبەرئەوەی گەشـەپێدان پرۆسـەیەکی

ئابـووری، کۆمەڵایەتـی، کولتـووری و سیاسـییە، ئامانجـی ئەوەیـە کـە هەمیشـە تـاك لەنـاو کۆمەڵـگادا بەرەوپێـش بەرێـت.
مافـی گەشـەپێدان وەك یەکێـك لـە مافەکانـی مـرۆڤ لـە رێسـایەکی بەرفەرمانـی نێودەوڵەتییـەوە سـەرچاوەی گرتـووە کـە جەخـت لەسـەر پابەندیـی دەوڵەتان بە دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دابەشـکردنی سـامان بەسـەر هەمـوو هاووڵاتیانـدا و باشـکردنی بارودۆخـی ژیانـی هەمـووان دەکات. کەواتـە ئـەو مافـە بـۆ هەمووانـە، بـەڵام پێکهاتـەکان ئـەو کاتـە دەتوانـن لێـی بەهرەمەندبـن کـە دەوڵەت رێسـا و رێـکاری گونجاو بگرێتەبـەر تـا دەرفەتـی یەکسـان بـۆ ئـەو مەبەسـتە بڕەخسـێنێت.
2 - مافـی پاراسـتن: مافـی بـوون و ناسـنامە مافێکـی گرنـگ و رەسـەنی پێکهاتەکانـە بـە مەبەسـتی گەرەنتیکردنـی مانەوەیـان و جەختکردنـەوە لەسـەر تایبەتمەندییـان. ئـەوەش لەسـەر دەوڵەتـە کـە بـە رێگـەی یاسـا ناوخۆییـەکان و دانانـی رێـکاری تایبـەت و گرتنەبـەری رێوشـوێنی گونجـاو و کاریگـەری کارگێـڕی و دادوەری، وابـکات نەهێڵێت پێکهاتەکان چ بەشـێکیان یـان هەموویـان بـەرەوڕووی دەسـتدرێژی و هێـرش و هەڕەشـە ببنـەوە و لەناوببرێـن.
3 - مافـی بەشـداریکردن لـە بەڕێوەبردنـی کاروبـاری دەوڵەتـدا: مەبەسـت لێـی ئەوەیـە کـە رێگـە خۆشـبکرێت بـۆ پێکهاتـەکان بـۆ بەشـداریکردن بـە یەکسـانی لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیانـی گشـتیدا، ئەمـەش نایەتـەدی تەنیا بـە بەشـداریی چالاکانـەی پێکهاتـە نەبێت لە بەرامبـەر پابەندبوونێکـی روون لەلایـەن دەوڵەتـەوە. دەبـێ دەرفەتـی بەشـداریکردنیان پێبدرێـت، ئـەوەش بـە یەکێـک لـە بنەماکانـی دیموکراسـی دادەنرێـت و بـەوە دێتـەدی کـە نوێنەریـان لـە دامـەزراوە سـەرەکییەکانی دەوڵەتـدا هەبێـت. جگـە لـەوەی کـە مافـی پێکهاتـە و ئەندامەکانیەتـی بەشـداری لـە بەرەوپێشـبردنی دەوڵەتەکەیانـدا بکەن، بگرە ئەرکیشـە لەسـەریان کە بەڕێگەی بەشـدارییان لـە بەڕێوەبردنیـدا، خزمـەت بـەو دەوڵەتـە بکـەن کـە تێیـدا هاووڵاتیـن.

## 2) مافی پێکهاتەکان لە یاساکانی هەرێمی کوردستاندا

ئاشکرایە کوردستان کۆمەڵگەیەکی فرەچەشن و فرەپێکهاتەیە، بۆیە مەسەلەی مافی پێکهاتەکان هەمیشە جێی بایەخی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بووە و دیدگایەکی روونی لەبارەوە هەبووە. لەوەشەوە، هەر لە دامەزرانی هەرێمی کوردستانەوە لە دوای ساڵی 1991، ئەو بایەخە بە چوارچێوەیەکی یاساییەوە پراکتیزە کراوە. لەبەرئەوەش کە قەوارەی هەرێمی کوردستان لەلایەك میراتگری دەسەڵاتی عێراقییە لە چوارچێوەی سنووره دەستووریەکەیدا و لەلایەکی دیکەش وەك هەرێمێکی فیدراڵی جۆرێك لە سەربەخۆیی یاسایی بەپێی دەستووری ساڵی 2005 هەیە، بۆیە دەتوانین بڵێین تاکەکانی پێکهاتەکان سەرەڕای ئەوەی وەك تاك لە هەموو مافەکانی تاك لە هەرێمی کوردستان بەهرەمەند دەبن، ئەوا مافەکانیان (وەك پێکهاتە) لە هەرێمی کوردستاندا، لە چەند چوارچێوەیەکی یاساییدا خۆی دەبینێتەوە کە هەموویان پێکەوە یەکدی تەواو دەکەن. لێرەدا مەبەستمانە فۆکەس بخەینە سەر ئەو مافانەی کە وەك پێکهاتە بۆ تاکەکانی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بەردەستن، ئەوانیش خۆیان لەم چوارچێوانەی خوارەوەدا دەبیننەوە:

### 2-1) لە چوارچێوەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا

بەوپێیەی دەوڵەتی عێراق کە لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا دامەزراوە دەوڵەتێکی سادە بووە، بۆیە بەپێی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی، هەموو ئەو پابەندییە یاساییانەی لە ئەنجامی پەسندکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ و پێکهاتەکانەوە کەوتوونەتە سەر شانی، هێزی پابەندییان بۆ هەموو بەش و دامەزراوەیەکی سەر خاکی عێراق هەیە و

بگــره بەمیراتیــش بــۆ هەمــوو حکومەتــە یــەك لــەدوای یەکــەکان دەگوازرێنــەوە. جــا بەشــێوەی دەوڵەتــی ســادە بمێنێتــەوە یــان ببێتــە فیدراڵــی. لــەو روانگەیەشــەوە، هەرێمــی کوردســتان وەك قەوارەیەکــی یاسایی دەستووری لـە چوارچێـوەی عێراقـدا، هەمـوو ئـەو پابەندییانـەی دەکەوێتــە ئەســتۆ کــە لــە ئەنجامــی لایەنبوونــی عێــراق لــە پەیماننامــە نێودەوڵەتییەکانـی پەیوەسـت بـە مافەکانـی مـرۆڤ و مافـی پێکهاتەکان کەوتوونەتــە سەرشــانی. جــا ئــەو پابەندییانــە پێــش دامەزرانــی هەرێمــی کوردســتان بێــت یــان دوای ئــەوە. ئەوانیــش خۆیــان لــەم خاڵانــەدا دەبیننــەوە کــە لــەم رێککەوتننامانــەی خــوارەوەدا هاتــوون و عێــراق پەســندی کــردوون [7]:

1 -رێککەوتننامــەی قەدەخەکردنــی تاوانــی جینۆســاید، ســاڵی 1948: ئــەم رێککەوتننامەیــە پەیوەندییەکــی پتــەو و راســتەوخۆی بــە پێکهاتەکانــەوە هەیــە. چونکــە ئــەوە پێکهاتەکانــن کــە بــەرەوڕووی جینۆسـاید دەبنـەوە. ئـەم رێککەوتننامەیـە جینۆسـاید یـان پیلانگێـڕی، هانــدان، دەســتتێکەڵکردن و هــەر هەوڵێــك بــۆ ئەنجامدانــی جینۆســاید قەدەخـە دەکات. هەروەهـا جینۆسـاید بـەوە پێناسـە دەکات کـە بریتییـە لــە کردارێــك ئامانــج لێــی لەناوبردنــی گشــت یــان بەشــێکی گرووپێکــی نەتەوەیــی یــان ئیتنیکــی یــان رەگــەزی یــان ئایینــی بێــت.

2 - پەیماننامــەی نێودەوڵەتــی مافــە ئابــووری و کۆمەڵایەتــی و رۆشـنبیرییەکان، سـاڵی 1966: عێـراق لـە سـاڵی 1969 واژۆی کـردووە و لـە سـاڵی 1970 پەسـندی کـردووە. بەپێـی ئـەو پەیماننامەیـە، دەوڵەتانی لایــەن، پەیمــان دەدەن کــە بەبــێ جیــاوازی لەســەر بنەمــای رەگــەز، رەنـگ، زمـان، ئاییـن و ....هتـد ئـەو مافانـە گەرەنتـی بکـەن کـە تیایـدا هاتــووە. مافەکانیــش بریتیــن لــە مافــی کار، فەراهەمکردنــی کەشــێکی

7 - بڕوانە: الاقليات والقانون في العراق، منشورات منظمة معهد القانون الدولي وحقوق الانسان، 2011، بيروت، ص30-26. هەروەها بڕوانە خەلیل عەبدوڵڵا، پاراستنی مافی کەمینەکان لەبەر رۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیدا، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، بەبێ شوێنی بڵاوکردنەوە، ساڵی 2005، ل34-33.

دادپەروەرانـەی کار، گەرەنتـی کۆمەڵایەتـی، ئاسـتێکی ژیانـی گونجـاو لەڕووەکانـی خـواردن و جلوبـەرگ و شـوێنی نیشـتەجێبوون، بەرزتریـن ئاسـتی بەردەسـت لـە بـواری تەندروسـتی و فێرکردن...هتـد.

3 - پەیماننامـەی نێودەوڵەتـی مافـە مەدەنـی و سیاسـییەکان، سـاڵی 1966: لەساڵی 1969 عێراق ئیمزای لەسەر کردووە و لە ساڵی 1970 پەسـندی کـردووە. بەپێـی ئـەو پەیماننامەیـە دەوڵەتانـی لایـەن پەیمـان دەدەن کـە بەبـێ جیـاوازی لەسـەر بنەمـای رەگـەز، رەنـگ، زمـان، ئاییـن و ...هتـد، ئـەو مافانـە گەرەنتـی بکـەن کـە تیایـدا هاتـووە. مافەکانیـش بریتیـن لـە مافـی ژیـان، مافـی پارێـزراوی لـە ئەشـکەنجە، مافـی نەگیـران و دەستبەسـەرکردنی هەڕەمەکـی، ئازادیـی هاتوچـۆ و هەڵبژاردنـی شـوێنی نیشـتەجێبوون، ئازادیـی بیـروڕا و ویـژدان و ئاییـن، یەکسـانی لەبـەردەم دادگاکان و دامـەزراوە دادوەرییـەکان و ...هتـد.

4 - رێککەوتننامـەی نێودەوڵەتـی نەهێشـتنی هەمـوو جۆرەکانـی جیاکاریـی نـەژادی، سـاڵی 1966: ئـەم رێککەوتننامەیە، بـە لەبەرچاوگرتنی هەمەڕەنگیـی پێکهاتـەی دانیشـتووانی عێـراق، بایەخێکـی تایبەتـی هەیـە، چونکـە جەخـت دەکاتـەوە لەسـەرئەوەی کـە نابێـت هیـچ جـۆرە جیاکاری یـان هـەڵاواردن (اسـتثناء) یـان کۆتکردنێـك لەسـەر بنەمـای رەگـەز یـان رەنـگ یـان بنەچـە یـان بنەڕەتـی نەتەوەیـی یـان ئیتنیکـی بکرێـت کـە ببێتـە هـۆی پەکخسـتن یـان ئاسـتەنگدانان لەبـەردەم دانپێدانـان بـە مافەکانـی مـرۆڤ و ئازادییـە بنەڕەتیـەکان یـان فەراهەمبـوون و پیادەکردنیـان بەیەکسـانی. ئەمـەش بوارەکانـی سیاسـی، ئابـووری، کۆمەڵایەتـی، کولتـووری و هـەر بوارێـك لـە بوارەکانـی دیکـەی ژیانـی گشـتی دەگرێتـەوە.

5 - رێککەوتننامـەی دژ بـە ئەشـکەنجەدان و جۆرەکانی دیکـەی مامەڵـە یـان سـزای قـورس یـان نامرۆڤانـە یـان سـووکایەتی، سـاڵی 1984: بەپێـی ئـەم رێککەوتننامەیـە پێویسـتە دەوڵـەت هەمـوو رێوشـوێنێکی یاسـایی و کارگێـڕی و دادوەری بـۆ قەدەخەکردنـی ئەشـکەنجەدان

تەنانـەت لەکاتـی شەڕیشـدا بگرێتەبـەر. هەروەهـا ئـەم ڕێککەوتننامەیـە سـەرەڕای گەرەنتیکردنـی مافەکانـی هـەر تاکێـك لـە کۆمەڵـگادا مافـی پێکهاتەکانیـش مسـۆگەر دەکات.

6 - پەیمانـی نێودەوڵەتیـی پاراسـتنی تـاک لـە بێسەروشـوێنکردن، سـاڵی 1992: عێـراق لـە سـاڵی 2010 چووەتـە نـاو ئـەو پەیمانـە. ئـەم پەیماننامەیـە داوا لـە دەوڵەتانـی لایـەن دەکات خۆیـان بـەدوور بگـرن لـە دەسـتگیرکردنی هاووڵاتـی، یـان دەستبەسـەرکردنیان بەشـێوەیەکی هەڕەمەکـی و دواتریـش بێبەشـکردنیان لـە پارێزگاریـی یاسـایی. ئەرکـی دەوڵەتـی ئەندامـە کـە بەڕێگـەی یاسـا ئـەو ڕەفتـارە نامرۆڤانەیـە (بێسەروشـوێنکردن) قەدەخـە بـکات و قوربانییـەکان بپارێزێـت و بەڕێگـەی دادگاکان و هێزەکانـی ئاسـایش ئـەو یاسـایانە بسـەپێنێت. لەگـەڵ ئـەوەی کـە ڕێگـە بـۆ قوربانییـەکان خـۆش بـکات تـا بتوانـن داوای قەرەبـوو بکـەن و بەڕێگـەی دامـەزراوەکان یـان دادگا، یـان هەردووکیان، زیانەکانیـان بـۆ ببژێـرن.

### 2-2) لە چوارچێوەی دەستووری عێراقی ساڵی 2005دا

وەك ئاشـکرایە بەشـێك لـە هـەر دەسـتوورێك بریتییـە لـە دیاریکردنـی پەیوەندیـی نێـوان دامـەزراوەکان و هاووڵاتیـان کـە بەشـێوەیەکی سـەرەکی خـۆی لـە سـنووردارکردنی دەسـەڵاتەکان لەهەمبـەر مافـە سرووشـتیەکانی هاووڵاتیـدا، یـان ئـەرك و پابەندییەکانـی دامـەزراوەکان لـە فەراهەمکـردن و مسـۆگەرکردنی ئـەو مافانـەی هاووڵاتیانـدا دەبینێتـەوە. بەوپێیـەی کـە هەرێمـی کوردسـتانیش قەوارەیەکـی دەسـتوورییە و لـە دەسـتووری سـاڵی 2005ی عێراقـدا مـاف و ئەرکەکانـی دیاریکـراوە، هەمـوو ئـەو مافانـەی هاووڵاتیـان، چ وەك تـاك و چ وەك گـرووپ (بەپێکهاتەکانیشـەوە) کـە لـە دەروازەی یەکـەم و دووەمـدا هاتـوون، پابەندییـان بـۆ هەرێمـی کوردسـتان

هەیـە و هاووڵاتیـان لـە هەرێمـدا لێـی بەهرەمەنـد دەبـن. ئـەوەی کـە پەیوەنـدی بـە بابەتەکەمانـەوە هەیـە، ئـەم مـاددە و بڕگانـەی خـوارەوەی دەسـتوورەکەن:

**یەکەم: مافەکانی پەیوەست بە ئازادیی باوەڕ و ئایین:**

مەبەسـت لێیـان ئـەو ماددانـەن کـە جەخـت لەسـەر دانپێدانـان بـە بوونی پێکهاتـە ئایینیـەکان و مافەکانیـان لـەڕووی ئازادیـی بـاوەڕی ئایینـی و مەزهەبییـان و ئەنجامدانـی ڕێوڕەسـمەکانیان دەکەنـەوە.

- مـاددەی (2/ دووەم): ئـەم دەسـتوورە گەرەنتـی تـەواوی مافـە ئایینیەکانـی سـەرجەم تاکـەکان لـە ئازادیـی بـاوەڕ و مومارەسـەی ئایینـی، وەک مەسـیحی و ئێـزدی و سـابیئەی مەندائـی دەکات.
- ماددەی (3): عێراق وڵاتێکی فرەنەتەوە و ئایین و مەزهەبە.....
- مـاددەی (10): مەزارگـە پیـرۆزەکان و شـوێنە ئایینییـەکان لـە عێراقـدا، قـەوارەی ئایینـی و شارسـتانین، دەوڵەتیـش پابەنـدە بـە چەسـپاندن و پاراسـتنی شـکۆیان. هەروەهـا گەرەنتـی ئـەوە دەکات کـە بـە ئـازادی سـرووت و ڕێوڕەسـمەکانیان تێـدا ئەنجـام بدرێـن.
- مـاددەی (42): هەمـوو تاکێـك لـە بیروبۆچـوون و ویـژدان و باوەڕیـدا ئازادە.
- مـاددەی (43 /یەکـەم): پەیڕەوانـی هەمـوو ئاییـن یـان مەزهەبێـک ئـازادن لـە:

أ - پەیڕەوکردنـی ڕێوڕەسـمە ئایینیەکەیـان، لەوانـەش شـەعائیری حوسـەینی.

ب - کارگێڕیـی ئەوقـاف و کاروبـار و دەزگا ئایینیەکانیـان، بـە یاسـا ڕێکدەخرێـن.

- مـاددەی (43/دووەم): دەوڵـەت گەرەنتـی ئازادیـی پەرسـتن و پاراسـتنی پەرسـتگاکان دەکات.

## دووەم: مافەکانی پەیوەست بە زمان و ناسنامە و کولتوور

مەبەسـت لێیـان ئـەو ماددانـەن کـە جەخت لەسـەر مافـی پێکهاتـەکان لە بەکارهێنانـی زمانیـان لـە پەیوەندییـە تایبـەت و گشـتیەکانیان وهەروەهـا لـە پرۆسـەی فێرکاریـدا دەکەنـەوە. ئەوانـەش بەم شـێوەیەی خـوارەوەن:

- مــاددەی (4/ یەکــەم): زمانــی عەرەبــی و کــوردی دوو زمانــی فەرمیـن لـە عێراقـدا، مافـی عێراقییەکانـە منداڵەکانیـان بـە زمانی دایکیـان، وەک تورکمانــی و ســریانی و ئەرمەنــی، لــە دامــەزراوە فێرکارییەکانــی حکومەتــدا فێــر بکــەن. ئەمــەش بەپێــی ڕێنماییــە پەروەردەییــەکان، یــان بــە هــەر زمانێکــی دیکــە لــە دامــەزراوە فێرکارییــە تایبەتییەکانــدا دەبێــت.
- مـاددەی (4/ چـوارەم): تورکمانـی و سـریانی دوو زمانـی ڕەسـمی دیکـەن لـەو یەکـە ئیدارییانـەدا کـە تێیانـدا چڕبوونەتـەوە.
- مـاددەی (4/ پێنجـەم): هـەر هەرێمێـك یـان پارێزگایـەک بـۆی هەیە هــەر زمانێکــی ناوچەیــی، وەك زمانێکــی دیکــەی فەرمــی دابنێــت، ئەگـەر زۆرینـەی دانیشـتووانەکەی بـە گشتپرسـی ئەوەیـان پەسـند کـرد.

## سێیەم: مافەکانی پەیوەست بە یەکسانی و بەشداریکردن لە حوکمڕانیدا

**ئەمانە بریتین لەم ماددانەی خوارەوە:**

- مـاددەی (14): عێراقییـەکان، بەبـێ جیاوازیکـردن لەسـەر بنەمـای ڕەگـەز یـان نەتـەوە یـان بنەچـە یـان ڕەنـگ، ئاییـن، مەزهـەب یـان بـاوەڕ و بیروبۆچـوون یـان بـاری ئابـووری و کۆمەڵایەتـی، لەبـەردەم یاسـادا یەکسـانن.

- مـادەی (16): دەرفەتـی یەکسـان مافێکـی مسـۆگەرکراوی هەمـوو عێراقییەکانـە، دەوڵەتیـش گەرەنتی کار بـۆ بەدیهێنانی ئەمـە دەکات و رێوشـوێنە پێویسـتەکان بـۆ بەدیهێنانیشـی دەگرێتەبـەر.

**چوارەم: مافەکانی پەیوەست بە پاراستنی پێکهاتەکان**

بریتین لەم ماددانەی خوارەوە:

- مـاددەی (7/یەکـەم): هـەر قـەوارە و ڕێبازێـک قەدەخـە دەکرێـت کـە رەگەزپەرسـتی، تیـرۆر، یـان تەکفیـر و پاکتـاوی مەزهەبـی لـە خـۆی بگرێـت، یـان خەڵکیـان بـۆ هـان بـدات، یاخـود ڕێخۆشـکەری بـۆ بـکات و پیرۆزیـان بـکات و پاسـاویان بـۆ بهێنێتـەوە. بەتایبەتـی بەعسـی سـەدامی و رەمزەکانـی لـە عێراقـدا، لەژێـر هـەر ناوێکـدا بێـت قەدەخـەن، ئەمـەش بـە فرەیـی سیاسـی لـە عێـراق ناژمێردرێـت و بـە یاسـا ڕێکدەخرێـت.
- مـاددەی (18/سـێیەم): اـ قەدەخەیـە بەهـەر هۆکارێـک بێـت رەگەزنامـەی عێراقـی لـە هـەر کەسـێك بسـەندرێتەوە کـە بەعێراقـی لەدایـك بووبێـت. • مـاددەی (18/پێنجـەم): رەگەزنامـەی عێراقـی بەئامانجـی سیاسـەتێکی نیشـتەجێکردن نابەخشـرێت کـە پێکهاتـەی دانیشـتووان لەعێراقـدا تێکبـدات.
- مـاددەی (23/سـێیەم): ب- موڵکایەتـی بـە ئامانجـی گۆڕینـی پێکهاتـەی دانیشـتووان قەدەخەیـە.
- مـاددەی(37/دووەم): دەوڵـەت گەرەنتـی پاراسـتنی تـاك لـە هەوڵەکانـی سـەپاندنی هـزری و سیاسـی و ئایینـی دەکات.

### 2-3) لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستاندا

کاتێك لە 19ی ئایاری ساڵی 1992دا پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا، ئەوە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەی بە کرداریکردنی پرۆگرامی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بوو کە نزیکەی 70 ساڵ بوو لە باشووری کوردستاندا سەریهەڵدابوو. بۆیە هەرچەند ئاستی کێشە و کەلێن و کاولکارییەکانی کوردستان بەهۆی چەندین ساڵ زوڵم و تاوانکاری و هەوڵەکانی حکومەتەکانی عێراقەوە زۆر بوو، بەڵام بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان دیدگایەکی روون و ئامادەی هەبوو بۆ لایەنە هەرە سەرەکییەکان و کێشە و گرفتەکان و داهاتووی کوردستان. لەنێو ئەوانیشدا، تێگەیشتن لە واقیعی فرەیی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبیی کۆمەڵگای کوردستان و دیاریکردنی مامەڵەیەکی دروست و هاوسەنگ لە نێوانیان. ئەمەش بێگومان هەر لەسەرەتاوە لە سیستمی یاسایی و سیاسیی هەرێمدا رەنگیدایەوە. لێرەشدا وەك لایەنی پەیوەندیدار بەبابەتەکەمان جەخت لەسەر لایەنی یاسایی مافی پێکهاتەکان لە یاساکانی هەرێمدا دەکەینەوە کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**یەکەم: مافەکانی پەیوەست بەئازادیی باوەڕ و ئایین**

- یاسای هەموارکراوی ژمارە(4)ی ساڵی (1998)ی سەندیکای رۆژنامەڤانان:

ماددەی (چوارەم/8): باس لە ئەرکەکانی سەندیکای رۆژنامەڤانان دەکات کە یەکێکیان بریتییە لە رەواجدان بە بنەماکانی لێبووردەیی و داکوتانی رەگی برایەتی نەتەوەیی و ئایینی و یەکسانی لە هەرێمی کوردستاندا.

- یاسای ژمارە (11)ی ساڵی 2007 ، یاسای وەزارەتی ئەوقاف و

کاروبـاری ئایینـی لـە هەرێمـی کوردسـتان ـ عێـراق، لـەم ماددانـەی خـوارەوەدا هاتـووە:

أ - مـاددەی (دووەم/شەشـەم): لـە ئەرکەکانـی وەزارەتـی ئەوقـاف بریتییـە لـە بەهێزکردنـی پەیوەنـدی لەنێـوان ئاییـن و ئاییـنزا و تایفـە جۆربەجۆرەکانـی کوردسـتان-عێراق.

ب - مـاددەی (دووەم/حەوتـەم): لـە ئەرکەکانـی وەزارەتـی ئەوقـاف بریتییـە لـە درووسـتکردن و نۆژەنکردنـەوەی مزگـەوت و پەرسـتگاکانی دیکـە....

ج - مـاددەی (دووەم/دەیـەم): لـە ئەرکەکانـی وەزارەتـی ئەوقـاف بریتییـە لـە گرنگیـدان بـە کاروبـاری ئاییـن وتایەفـە و ئاییـنزاکان لـە هەرێمـدا بەجۆرێك کـە گیانـی لێبووردەیـی لەنێـوان ئایینـەکان بپارێـزێ و بەیەکگەیشـتنی نێوانیـان دابیـن بـکات.

• یاسـای ژمـارە (35)ی سـاڵی 2007، یاسـای رۆژنامەگـەری لـە هەرێمـی کوردستان:

مـاددەی ( نۆیـەم 2 و 3 ): رۆژنامەنـووس ئەگـەر سـووکایەتی بـە بیروبـاوەڕ و رێورەسـمە ئایینیـەکان بـکات، یـان سـووکایەتی بـە سـیمبوڵ و پیرۆزییەکانی هـەر ئاییـن و ئایینزایـەك بـکات و لەکەداریـان بـکات، ئەوا لەنێـوان (5-1) ملیـۆن دینـاردا سـزای دارایـی دەدرێـت.

• تەواوی یاسـای ژمارە (4)ی سـاڵی 2010 یاسـای دەسـتەی سـەربەخۆی مافـی مـرۆڤ لـە هەرێمی کوردسـتان ـ عێراق.

**دووەم: مافەکانی پەیوەست بە زمان و ناسنامە و کوولتور:**

• یاسـای وەزارەتـی پـەروەردە ژمـارە (4)ی سـاڵی 1992 هەموارکـراو، لـەم ماددانەی خـوارەوەدا:

أ- لەمـاددەی (چـوارەم/1)ی یاسـاکەدا هاتـووە کـە وەزارەت بـۆ بەجێگەیاندنـی ئەرکەکانـی سیاسـەتی پەروەردەیـی دادەنێـت، بـە

مەرجێـك وێـڕای گونجانـی لەگـەڵ سروشــت و پێداویســتییەکانی کۆمەڵـگای کوردســتان، تایبەتمەندیــی نەتەوەیــی پێکهاتەکانــی ڕەچاوکردبێــت.

ب - مــاددەی (چوارەم/4)هەموارکــراو، لــەو ناوچانــەی کــە ئەوانــەی بــەو زمانانـە دەدوێـن چڕییـەك پێكدەهێنـن، مافـی خوێنـدن بەزمانی دایـك بـۆ پێکهاتەکانـی تورکمـان و سـریانی و ئەرمەنـی دابینـدەکات.

• یاســای ژمــارە (9) ی ســاڵی 2009 یاســای هەموارکردنــی یەکەمــی یاســای پەســندکردنی پــڕۆژەی دەســتووری هەرێمــی کوردســتان ژمــارە (16) ی ســاڵی 2008:

ماددەی (حەوتەم): بەمەبەسـتی ئاگایی هاووڵاتیان لە دەقی پەسـندکراوی پـڕۆژەی دەسـتوورەکە لەلایـەن پەرلەمانـەوە، ئـەوا سـەرەڕای چاپکردنـی بـە هــەردوو زمانـی کـوردی وعەرەبـی، دەبێـت بـە زمانـی پێکهاتەکانـی کوردسـتانیش (تورکمانـی و سـریانی) چـاپ بکرێـت.

• یاسـای ژمـارە (14)ی سـاڵی 2010 ، یاسـای وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و لاوانی هەرێمی  کوردستان-عێراق:

مــاددەی (دووەم/ دووەم): یەکێــك لــە ئەرکەکانــی وەزارەت بریتییــە لــە ڕێزگرتـن لـە فرەیـی هـزری و کولتـووری و نەتەوەیـی و بایەخـدان بـە زمانـی نەتەوەکانـی دیکـەی هەرێـم لەپـاڵ زمانـی کوردیـدا.

• یاســای ژمــارە (6)ی ســاڵی 2014 - یاســای زمانــە فەرمییــەکان لــە هەرێمــی کوردســتان ـ عێــراق، لــەم ماددانــەی خــوارەوەدا:

أ - مــاددەی (3): ئامــاژە دەدات بــەوەی کــە زمانەکانــی (تورکمانــی، ســریانی، ئەرمەنــی) لەپــاڵ هــەردوو زمانــی فەرمــی هەرێمــدا (کــوردی و عەرەبـی)، لـە یەکـەی بەڕێوەبەرایەتـی خۆیانـدا و لەکاتـی پێویســتدا، زمانــی فەرمیــن.

ب - مــاددەی (10/یەکــەم): زمانــی پێکهاتــەکان لــە نووســینی تابلــۆی ســەرجەم دامــەزراوە و فەرمانگــە حکومیەکانــدا، لەپــاڵ زمانــی کــوردی و عەرەبــی، ڕەچــاو دەکــرێ.

ج - مـاددەی (20/دووەم): بـۆ پێکهاتەکانـی هەرێـم هەیـە کـە بەزمانـی خۆیـان میدیایـان هەبێـت.

د - مـاددەی (22): لـە هـەر یەکەیەکـی بەڕێوەبردنـدا کـە چڕیـی دانیشـتووانەکەی سـەر بـە پێکهاتـە نەتەوەییەکانـی دیکـە بـن، زمانـی خۆیـان لەپاڵ زمانـی کوردیـدا دەبێتـە زمانـی فەرمـی بـۆ خوێنـدن، ئاخاوتـن، کاروبـاری کارگێـڕی و ناوخۆیـی.

• یاسـای ژمـارە (4)ی سـاڵی 2015، یاسـای ئامادەکردنـی پـرۆژەی دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتان ـ عێـراق بـۆ راپرسـی:

مـاددەی (6) : بەمەبەسـتی ئاگایـی هاووڵاتیـان لـە دەقـی پەسـندکراوی پـرۆژە دەسـتوورەکە لەلایـەن پەرلەمانـەوە، ئـەوا سـەرەڕای چاپکردنـی بەهـەردوو زمانـی کـوردی و عەرەبـی، دەبێـت بـە زمانـی پێکهاتەکانـی کوردسـتانیش (تورکمانـی و سـریانی و ئەرمەنـی) چـاپ بکرێـت.

• پەیـڕەوی ژمـارە (1)ی سـاڵی 2019ی سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان:

مـاددەی (هەشـتەم/6): دامەزراندنـی فەرمانگـەی کاروبـاری پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئایینیـەکان.

• بڕیاری ژمـارە (47)ی سـاڵی 1992ی پەرلەمانـی کوردسـتان، سـەبارەت بـە دیاریکردنـی رۆژانـی بۆنـە فەرمییەکانـی پێکهاتـەی کریسـتیان لـە هەرێمـی کوردسـتان- عێـراق، بـەم شـیوەیەی خـوارەوە:

**یەکـەم: ئـەو جـەژن و بۆنانـەی خـوارەوە بـە مۆڵەتـی فەرمـی دادەنرێـن بـۆ پێکهاتـەی کریسـتیان لـە هەریمـی کوردسـتاندا:**

أ - جەژنـی لەدایکبوونـی حەزرەتـی مەسـیح (درودی خـوای لێبـێ) رۆژانـی 26-25/ کانوونـی یەکـەم لـە هـەر سـاڵێك.

ب - جەژنی گەورە سێ رۆژ.

ج - جەژنی هەڵکشان (الصعود) یەك رۆژ.

**دووەم: ئـەو بۆنانـەی خـوارەوە بەمۆڵەتـی فەرمـی دادەنرێـن بـۆ ئاشـوورییەکان:**

أ - یەکی نیسانی هەر ساڵێك ـ سەری ساڵی ئاشووری.

ب - جەژنی (نووسەر دیل) ـ یەك رۆژ.

**سـێیەم: (7ی ئاب)ی هەر سـاڵێك بە رۆژی شـەهیدی ئاشـووری دادەنرێ و دەکرێتـە رۆژی ماتەمینی نەتەوایەتییان.**

• بڕیاری ژمـارە (1)ی سـاڵی 2020ی پەرلەمانـی کوردسـتان، سـەبارەت بـە دیاریکردنـی رۆژانـی بۆنـە فەرمییەکانـی پێکهاتـەی تورکمـان لـە هەرێمـی کوردسـتان- عێـراق:

یەکـەم: ئـەم بۆنانـەی خـوارەوە بۆنـەی فەرمیـن بـۆ پێکهاتـەی تورکمـان لـە هەرێمـی کوردسـتان:

1 - 17/11 هەمـوو سـاڵێك وەك رۆژی زمـان و کولتـووری پێکهاتـەی تورکمـان.

2 - 25/2 رۆژی رۆژنامەگەریی پێکهاتەی تورکمان.

سـێیەم: مافەکانـی پەیوەسـت بـە یەکسـانی و بەشـداریکردن لـە حوکمڕانیـدا

• یاسـای ژمـارە (1) ی سـاڵی 1992 ، یاسـای هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی نیشـتمانی کوردستان:

أ - مـاددەی (بیسـت و دووەم/1): هـەر پێکهاتەیەکـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆی هەیـە بـە لیسـتی تایبـەت بـە پێکهاتەکـەی بەشـداری هەڵبژاردنەکانـی پەرلەمانـی کوردسـتان بـکات.

ب - مـاددەی (سـی و شەشـەم/ دووبـارە): تایبەتـە بەدیاریکردنـی کورسـیی کۆتـا ئایینـی و نەتەوەییـەکان لـە هەڵبژاردنەکانـی پەرلەمانـی هەرێمـی کوردسـتان، بـەم شـێوەیە:

1 - پێنـج کورسـی بـۆ پێکهاتەکانـی سـریان، کلـدان و ئاشـووری تەرخاندەکرێـت.

2 - پێنج کورسی بۆ پێکهاتەی تورکمان تەرخاندەکرێت.

3 - یەك کورسی بۆ پێکهاتەی ئەرمەن تەرخاندەکرێت.

• یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (4)ی ساڵی 1992 هەموارکراو:

مـاددەی (بیسـت و یـەك/ 10 و11)ی هەموارکـراو: بـۆ گەرەنتیکردنـی خوێندنـی پێکهاتـەکان بـە زمانـی خۆیـان وەك لەپێشـەوە بڕیـاری لەسـەر دراوە، دوو بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی لـە پێکهاتـەی ناوەنـدی وەزارەت بـۆ خوێندنـی (تورکمانـی و سـریانی) کراونەتـەوە.

• یاسـای ژمـارە (17) ی سـاڵی 1993، یاسـای حیزبەکانـی هەرێمـی کوردسـتان-عێراق:

مـاددەی (چـوارەم/5): بـۆ پێدانـی مۆڵـەت، مەرجـە کـە بیروبـاوەڕی حیـزب دووربێـت لـە بڵاوکردنـەوەی دووبەرەکـی و جیـاوازی لـە رەگـەز و ئاییـن و مەزهەبـدا.

• یاسـای ژمـارە (4)ی سـاڵی 2002ی یەکێتـی مامۆسـتایانی کوردسـتان ـ عێراق هەموارکـراو، لـەم ماددانـەی خـوارەوەدا:

أ - مـاددەی (سـێزدەم/ب) هەموارکـراو، لـە پێکهێنانـی مەکتەبـی سـکرتاریەتی یەکێتـی مامۆسـتایاندا رەچـاوی نوێنەرایەتـی تورکمان و کلـدان، سـریان و ئاشـووری دەکرێـت.

ب - مـاددەی (چـواردەم/ دووەم/ 3)هەموارکـراو، لـەو لقانـەی یەکێتیەکـەدا کـە نەتەوەکانـی تورکمـان و کلـدان، سـریان و ئاشـووری‌هـەن،رەچـاوی‌ئـەوەدەکرێـت‌کـەنوێنەریـان‌هەبێـت.

• یاسـای ژمـارە (11)ی سـاڵی 2007، یاسـای وەزارەتـی ئەوقـاف و کاروبـاری ئاییـنی لـە هەرێمـی کوردسـتان ـ عێـراق:

أ - مـاددەی (سـێیەم/نۆیەم و دەیـەم): لـە پێکهاتەکانـی وەزارەتـدا دوو بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی هـەن، یەکیـان بـۆ ئاییـنی مەسـیحی و ئـەوەی دیکەیـان بـۆ ئاییـنی ئێـزدی.

ب - بەیانی ژمارە (1)ی ساڵی 2017ی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی:

دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی پێکەوەژیانی ئایینەکان لە دیوانی وەزارەت.

• یاسای ژمارە (23) ی ساڵی 2007، یاسای دەسەڵاتی دادەوەریی هەرێمی کوردستان ـ عێراق:

أ - ماددەی (ماددەی نۆیەم/ دەیەم): لەبارەی جۆرەکانی دادگاکان، دادگای کاروباری کەسێتی بۆ کریستیان و ئێزدی و ئایینەکانی دیکە هەن.

ب - ماددەی (سی و دووەم/ یەکەم): لە مەڵبەندی هەر پارێزگایەك دادگایەکی کاروباری کەسێتی بۆ کریستیان و ئێزدییەکان و ئایینەکانی دیکە پێکدەهێنرێت کە دادوەری تایبەتمەند بە کاروباری کەسێتی بۆ دادەنرێ....

• یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2009ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق:

**ماددەی (سی و دووەم/ دووبارە):**

أ - لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆك دوو کورسی تەرخان دەکرێت بۆ کلدان، سریان و ئاشووری و پاڵێوراوانی خۆیان کێبڕکێی لەسەر دەکەن.

ب - لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك یەك کورسی تەرخان دەکرێت بۆ پێکهاتەی ئەرمەن و پاڵێوراوانی خۆیان کێبڕکێی لەسەر دەکەن.

ج - لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی یەك کورسی تەرخان دەکرێت بۆ کلدان سریان ئاشووری و پاڵێوراوانی خۆیان کێبڕکێی لەسەر دەکەن.

د - لـە ئەنجوومەنـی پارێـزگای هەولێـر دوو کورسـی بـۆ کلدان، سـریان و ئاشـووری و سـێ کورسـیش بـۆ تورکمـان تەرخـان دەکرێـت و پاڵێوراوانـی پێکهاتـەکان کێبڕکێـی لەسـەر دەکـەن.

• یاسـای ژمـارە (14)ی سـاڵی 2010 ، یاسـای وەزارەتـی رۆشـنبیری و لاوانـی هەرێمـی کوردسـتان-عێراق :

مـاددەی (سـێیەم/ حەوتـەم/ خاڵەکانـی 6 و 7): لـە بەڕێوەبەرایەتیـە گشـتییەکاندا دوو بەڕێوەبەرایەتـی تایبـەت بـە کاروبـاری رۆشـنبیری و هونـەری (تورکمـان و سـریان) هـەن.

• یاسـای ژمـارە (4)ی سـاڵی 2014 ، یاسـای کۆمیسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبـژاردن و راپرسـی:

مـاددەی (پێنجـەم/ یەکـەم/ 1): دەبێـت نوێنـەری پێکهاتـەکان لەنـاو ئەنجوومەنـی کۆمیسـیاراندا کە ژمارەیـان 9 کۆمیسـیارە، گەرەنتی بکرێت.

مـاددەی (18): لـە پێکهێنانـی کۆمیسـیۆندا هاوسـەنگی لـە نوێنەرایەتـی پێکهاتـە نەتەوەییـەکان گـەرەنتـی دەکرێـت.

• یاسـای ژمـارە (5)ی سـاڵی 2014، یاسـای بودجـەی حیزبـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان ـ عێـراق:

مـاددەی (دووەم/ حەوتـەم): ئامـاژە بـەوە دەکات کـە هـەر حیزبێـك خاوەنـی کورسـیی کۆتـای خولـی بەردەوامـی پەرلەمـان بێـت ئـەوا وەك پشـتیوانیکردنی، بەڕێژەیەکـی دیاریکـراو لـە بودجـەی گشـتی بودجـەی پێدەدرێت. لەوەشـیاندا بەهـای کورسـی کۆتـای پێکهاتـەکان بودجەیەکـی زیاتـری بـۆ دیاریکـراوە وەك لـە بەهـای کورسـی حزبـی دیکـە کـە کۆتـای پێکهاتـەکان نەبێـت.

• یاسـای ژمـارە (4)ی سـاڵی 2015، یاسـای ئامادەکردنـی پـرۆژەی دەسـتووری کوردسـتان ـ عێـراق بـۆ راپرسـی:

مـاددەی (2/ یەکـەم): لـە پێکهێنانـی لیژنـەی ئامادەکردنـی رەشنووسـی دەسـتووری هەرێمـدا، مـەرج دادەنێت کـە دەبێـت نوێنـەری پێکهاتـەکان لەخۆبگرێـت.

• یاسای ژماره (1)ی ساڵی 2015، یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.
ماددەی (2/یەکەم): مەرج دادەنێت کە دەبێت لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجەدا نوێنەری پێکهاتەی (کاکەیی) تێدابێت.

**چوارەم: مافەکانی پەیوەست بە پاراستنی پێکهاتەکان:**

• یاسای سزادانی عێراقی ژماره (11) ساڵی 1969ی هەموارکراو کە لە هەرێمی کوردستان بەرکارە:

أ) ماددەی (200/2): سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کە لە 7 ساڵ زیاتر نەبێت یان حەبسکردن، هەر کەسێك کە هانی مەزهەبگەرایی و تیرەگەرایی بدات یان کێشە لەنێوان پێکهاتەکاندا بنێتەوە و رق و کینە لەنێوان دانیشتووانی عێراقدا بڵاوبکاتەوە.

ب) ماددەی (261) : هەر کەسێك کە پێگەیەکی ئایینێکی دانپێدانراو بەناڕەوا بەکاربهێنێت سزا دەدرێ بە سزایەك کە لە ساڵێك زیاتر نەبێت یان بە سزای دارایی.

ج) ماددەی (372): سزا دەردێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کە لە 3 ساڵ زیاتر نەبێت یان بە سزای دارایی، هەر کەسێك یەکێك لەم کارانەی خوارەوە بکات:

1. هەرکەسێك بە یەکێك لە ئامرازەکانی راگەیاندن هێرش بکاتە سەر بیروباوەڕی گرووپێکی ئایینی یان سووکایەتی بە دروشمەکانی بکات.
2. هەر کەسێك بە ئەنقەست رێوڕەسم و ئاهەنگ و کۆڕ و کۆبوونەوەی ئایینی گرووپێک بشێوێنێ یان رێگری لێبکات.
3. هەر باڵەخانەیەکی ئامادەکراو بۆ رێوڕەسمەکانی تیرەیەکی ئایینی یان هێمایەك یان هەر شتێکی دیکەی پیرۆز لەڕووی

ئاینی، تێکبدات یان لەناوی بەرێت یان بیشێوێنێت یان پیسی بکات.

4. هەر کەسێك کتێبێکی پیرۆزی پێکهاتەیەکی ئاینی چاپ بکات یان بڵاوی بکاتەوە و بە ئەنقەست دەقی کتێبەکە بگۆڕێت، بەشێوەیەك کە واتاکەی بگۆڕێت یان یەکێ لە حوکمەکانی، یان یەکێ لە ڕێنماییەکانی بسڕێتەوە.
5. هەر کەسێك بەئاشکرا سووکایەتی بەهێمایەك یان کەسێك بکات کە لەلایەن گرووپێکی ئاینی بەپیرۆز دادەنرێت.
6. هەرکەسێك بەئاشکرا و بەمەبەستی گاڵتەپێکردن لاسایی خواپەرستی یان ئاهەنگێکی ئاینی بکاتەوە.

• یاسای ژمارە (18)ی ساڵی 1993، یاسای کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان-عیراق:

ماددەی (چوارەم/3): لە ئامانجەکانی کۆمەڵە دەبێت مەرجی ئەوەی تێدابێت کە (نابێ جیاوازیی ڕەگەزی و ئاینی و مەزهەبی بکاتە ئامانج).

• یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2006، یاسای بەرەنگاربوونەوەی (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستان - عێراق:

ماددەی (یەکەم): لە پێناسەی کردەوەی تیرۆردا ئەوەی دیاریکردووە کە هەر توندوتیژییەکی سازدراو بە مەبەستی سیاسی، هزری یان تایفەگەری و ڕەگەزی دەگرێتەوە.

• یاسای ژمارە (11) ی ساڵی 2010 یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق:

ماددەی (دووەم/ سێیەم): لەبارەی مەرجەکانی خۆپیشاندانیش دەڵێت کە نابێت مەبەست لە خۆپیشاندان، هاندانی گرووپێك بەهۆی (ئاین یان نەتەوە یان ڕەگەز) بێت لە دژی گرووپێکی دیکە.

**2-4) لە چوارچێوەی یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستان ژمارە (5) ساڵی 2015:**

یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (5)ی ساڵی 2015، لە بواری دانپێدانان و پاراستنی پێکهاتەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بگرە عێراقیش، بەهەنگاوێکی گەورە دادەنرێت. بۆیە پێویست بوو بەتەنیا ئەم خاڵەی بابەتەکەمانی بۆ تەرخان بکەین تا بە وردی بزانین ئەو یاسایە چی بۆ پێکهاتەکان لەهەگبەدایە؟

**یەکەم: ئەو پێکهاتانەی یاساکە دەیانگرێتەوە**

بەپێی ماددەی (1/دووەم)ی یاساکە، پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان کە یاساکە دەیانگرێتەوە، بریتین لە هاووڵاتیانی کوردستانی عێراق لەم پێکهاتانەی خوارەوە:

1 - پێکهاتە نەتەوەییەکان: بەواتای ئەو کۆمەڵە و گرووپانەی کە لەسەر بنەمای نەتەوە، لە هەرێمی کوردستاندا بە پێکهاتە دەژمێردرێن و مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەوانیش بریتین لە:

أ - تورکمان.

ب - کلدانی سریانی ئاشووری.

ج - ئەرمەن.

2 - پێکهاتە ئایینی و مەزهەبییەکان: بەواتای ئەو کۆمەڵە و گرووپانەی لەسەر بنەمای ئایین و ئایینزا لە هەرێمی کوردستاندا بە پێکهاتە دەژمێردرێن، ئەوانیش بریتین لە:

أ- کریستیان

ب- ئێزدی

ج- سابیئەی مەندایی

د- کاکەیی

ە- شەبەك

و- فەیلی

ز- هی دیکە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، یاساکە هەوڵیداوە بەشێوەیەکی زۆر فراوان پێکهاتەکان دیاری بکات. هەندێك پێکهاتەی وەك کلدان، سریان ئاشووری و ئەرمەن، هەردوو پێوەری پێکهاتە نەتەوەییەکان و پێکهاتە ئایینیەکانیش دەیانگرێتەوە، چونکە سەرەڕای نەتەوە، لەڕووی ئایینیشەوە کریستیانن.

لەلایەکی دیکەوە، یاساکە لە کۆتایی ماددەکەدا دەستەواژەی (هی دیکە)ی بەکارهێناوە، ئەوەش واتا ئەو پۆلێنانەی پێشەوە بەشێوەیەکی حەسری نەهاتوون و دەکرێت هی دیکەشیان بۆ زیاد بکرێت، بەڵام رێکارو چۆنیەتی و کێ ئەو (هی دیکانە) دیاری دەکات؟ یاساکە ئەوەی دیاری نەکردووە.

## دووەم: مافی بەکارهێنانی زمانی تایبەت

ماددەی (3/هەشتەم):

1 - حکومەت پابەند دەبێت بە پارێزگاری لە زمانی دایك، لە رێگەکانی مسۆگەرکردنی فێربوونیان، رۆشنبیربوون و بەڕێوەبردنی کەناڵی راگەیاندنی تایبەت بە خۆیان.

2 - حکومەت کردنەوەی بەشی تایبەت بە زمانە نەتەوەییەکانی پێکهاتەکان لە زانکۆکانی کوردستان و دامەزراندنی ئەکادیمیای زانستی زمانەوانیی تایبەت بە خۆیان بەپێی پێویست مسۆگەر دەکات.

## سێیەم: مافی پێکهاتەکان لە بەهرەمەندبوونیان لە کولتووری خۆیان

- ماددەی (4/ سێیەم): هەر پێکهاتەیەك مافی گوزارشتکردنی

هەیە لە ڕۆشنبیری و نەریتەکانی خۆی و حکومەت پابەند دەبێت بە پاراستنی کولتوور و ئایینی پێکهاتەکان.

• ماددەی (4/ چوارەم): ئەو تاکانەی سەر بە پێکهاتەیەکی دیاریکراون، بۆیان هەیە ناوەکانیان بەویستی خۆیان هەڵبژێرن، ناوی سیمبوڵ، یان کەسایەتییە مێژووییە گرنگەکانیان، یان ڕووداوی گرنگ کە بەسەریاندا هاتوون، بەپێی یاسا بەرکارەکان، ناوی کەسایەتییەکانیان لەناونانی شەقام، گەڕەك، گۆڕەپان و شوێنی دیکە لە ناوچەکانیان بەکاربهێنن.

• ماددەی (4/پێنجەم): پێکهاتەکان مافی پشووی تایبەت بە خۆیان لە بۆنە نەتەوەیی و ئایینیەکان هەیە و ئەو پشووانەش بۆ ئەوان فەرمی دەبن.

## چوارەم: مافی ڕاگەیاندنی ناسنامەی نەتەوەیی و پەیڕەوکردنی ئایینی

• ماددەی (4/یەکەم): هەر تاکێك مافی هەیە ناسنامەی ئایینیی خۆی ئاشکرا بکات و، ناسنامەی نەتەوەیی بپارێزێت، ئەم مافەش تەنیا تایبەتە بە تاکەکەس و هیچ لایەنێك مافی نییە لێی بسەنێتەوە.

• ماددەی (4/دووەم): هەر پێکهاتەیەك بە یەکسانی لەگەڵ زۆرینە بۆی هەیە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی لە ئازادیی بیرکردنەوە، ئازادیی ڕادەربڕین، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ئازادیی کۆبوونەوە و دامەزراندنی کۆمەڵە و پیادەکردنی بیروباوەڕی ئایینی پیادە بکات و حکومەت بەپێی یاسا بەرکارەکان، بەشێوەیەکی یەکسان لە نێوان پێکهاتەکان، پابەند دەبێت بە پاڵپشتیکردن و چاودێریکردنی ئەو ئازادییانە.

**پێنجەم: مافی پێکهاتەکان لە دروستکردنی رایەڵە تایبەتەکان (الروابط الخاصة)**

مـاددەی (5): دەسـتە، رێکخـراو، نوێنەرایـەتی پێکهاتـەکان، شـوێنەکانی پەرســـتن، بـــەپێی یاســـا بـــەرکارەکان مـــافی هاوبەنـــدی، گەیانـــدنی پەیوەنـدی رۆشـنبیری، فێـرکاری و کۆمەڵایەتـی و پەرەپێدانیـان هەیـە لەگـەڵ ئەوانـەی لـە تایبەتمەنـدی ئیتنیکـی، یـان ئایینـی و نەتەوەییدا لـە نـاوەوە و دەرەوە لەگەڵیانـدا هاوبەشـن...

**شەشەم: مافی یەکسانبوون و گەشەکردنی کۆمەڵگای پێکهاتەکان:**

• مـاددەی (3/یەکـەم): حکومـەت مافـی یەکسانی و هاودەرفـەتی لـە ژیـانی سیاســی، رۆشـنبیری، کۆمەڵایـەتی و ئابـووری لـە رێگـەی یاسـا و سیاسـەتی کاریگـەر بـۆ ئـەو تاکـەی سـەر بـە پێکهاتەیەکـە مسـۆگەر دەکات، هەروەهـا مافـی بەشـداریکردنیان لـە وەرگرتنـی ئـەو بڕیارانـەی تایبەتـن بـە خۆیـان مسۆگەر دەکات.

• مــاددەی (3/دووەم): ســەرجەم شــێوەکانی جیــاکاری دژی هــەر پێکهاتەیــەك لــە پێکهاتـــەکانی کوردســـتانی عێـــراق قەدەخەیــە و، ســەرپێچیکار بەپێــی یاســا بــەرکارەکان ســزا دەدرێــت.

• مــاددەی (3/شەشــەم): لەکاتــی دیاریکردنــی ســنووری یەکــە کارگێڕییـــەکان و بازنـــەکانی هەڵبـــژاردن و، لـــەکاتی دانانــی پلانــی گەشــەپێدانی ئابــووری و پەرەپێدانــی کۆمەڵگەکانــی نیشــتەجێبوون لــە شـارۆچکە و گونـدەکان، هەروەهـا پاراسـتنی ژینگە، حکومـەت بارودۆخی خۆجێیـی، پەیوەنـدی کۆمەڵایـەتی، بەرژەوەندییە ئابوورییـەکان و نەریتـە چەســپاوەکانی پێکهاتــەکانی ئــەو ناوچــەیە لەبەرچــاو دەگرێــت.

• مــاددەی (3/حەوتــەم): حکومــەت کار لەســەر هاندانــی گەڕانــەوەی ئــەو کەســانە دەکات کــە ســەر بــە پێکهاتــەکانن و لەوانــەی پێشــتر

دانیشتووی کوردستانی عێراق بوون و ناچاری کۆچ بوون. هەروەها کار بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانیان دەکات.

**حەوتەم: مافی پاراستن:**

• ماددەی (3/سێیەم): قەدەخەکردنی هەر بانگەشەیەکی ئایینی، یان سیاسی، یان راگەیاندن، بە تاك یان بە کۆمەڵ، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بۆ رقوکینە یان توندوتیژی، یان تۆقاندن، یان دوورخستنەوە و پەراوێزخستن، کەوا لەسەر بنەمای نەتەوەیی، یان ئایینی، یان زمانەوانی بێت.

• ماددەی (3/چوارەم): رێگەگرتن لەهەر رەفتارێك یان هەر سیاسەتێکی نەرێنی کە ببێتە هۆی گۆڕینی بارودۆخی رەسەنی ئەو ناوچانەی پێکهاتەیەکی دیاریکراو تێیدا نیشتەجێن و، رێگەگرتن لە هەر موڵکایەتییەک کە ببێتە هۆی گۆڕانکاریی دیمۆگرافی و مۆرکی مێژوویی و شارستانێتی ناوچەیەکی دیاریکراو، بەهەر هۆیەك بێت و لەژێر هەر پاساوێك بێت.

• ماددەی (3/پێنجەم): چارەسەرکردنی هەر زێدەڕۆییەک لەسەر ناوچەکانی هەر پێکهاتەیەك و گەڕاندنەوەی بارەکە بۆ حاڵەتی پێش رووداونی زێدەڕۆییەکە و، نەهێشتنی ئەو ئاسەوار و پاشماوانەی بوونەتە هۆی یان دەبنە هۆی گۆڕانکاریی دیمۆگرافی، یان قەرەبووکردنەوەیان لە حاڵەتی ئەستەمبوونی گەڕاندنەوەی بارەکە بۆ دۆخی پێشووی.

**هەشتەم: مافی بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت**

• ماددەی (5): ..... کاتێك حکومەت پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتی یان هەرێمیی تایبەت بە پێکهاتەکان دەبەستێ، بەشداریکردنی ئەوانی تێدا مسۆگەر دەکات.

- ماددەی(6): بۆ مسۆگەرکردنی مافی پێکهاتەکان:

یەکـەم: بـەپێی یاسـا بـەرکارەکان، مافـی بەشـداریکردنیان لـە دەسـەڵاتی یاسـادانان و جێبەجێکردنـی هـەرێمدا هەیـە.

دووەم: لـەو ناوچانـەی کـە چڕیـی دانیشـتووان پێکدەهێـنن، بەپێـی یاسـا بـەرکارەکان مـافی بەشداریکردنیـان لـە بەڕێوەبردنـی دامـودەزگا حکومـی و ئیدارییەکانـدا هەیـە.

بەگشـتی دەتوانیـن بڵێیـن لـەم بەشـەدا کـە تایبـەت بـوو بـە دیاریکردنـی چوارچێـوەی یاسـایی مافەکانـی پێکهاتـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان، ئـەوا لایەنـە هـەرە سـەرەکییەکانی مافەکانـی پێکهاتـەکان کـە بەپێـی یاسـا و پەیماننامـە نێودەوڵەتیـەکان ئاماژەیـان پێـدراوە و وەك کۆڵەکەی مافەکانـی پێکهاتـەکان دەژمێردرێـن، لـە سیسـتمی یاسـایی هەرێمـی کوردسـتاندا بایەخیـان پێـدراوە و گەرەنتییەکـی بـاش کـراوە. بـەڵام بێگومـان فراوانیـی بابەتـی پێکهاتـەکان لەلایـەك و نوێبوونـی حوکمڕانیـی هەرێمـی کوردسـتان لەلایەکـی دیکـە، وایکـردووە کـە هێشـتا بابـەت و لایـەن و وردەکاری مابـن ئاوڕیـان لـێ بدرێتـەوە و بایەخیـان پـێ بدرێـت و چارەسـەر بکرێـن، تـا بابەتـی پێکهاتـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتاندا بخاتـە بارێکـی نموونەیـی یاسـایی و پراکتیکـی. ئـەوەش لەلایـەك بـە ئەنجامدانـی لێکۆڵینـەوەی پتـری زانسـتیی ورد و بێلایـەن دەبێـت و لەلایەکـی دیکەشـەوە پێویسـتی بـە کاری بـەردەوام و هاوبەشـی نێـوان دامەزراوەکانـی هەرێـم و پێکهاتـەکان هەیـە.

## 2-5) ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان و مافی کەمینەکان

ڕەشنووسـی دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتان کـە پەرلەمانـی کوردسـتان لـە ڕۆژی 24/6/2009 پەسـندی کـرد بەمەبەسـتی ئـەوەی بخرێتـە گشتپرسـییەوە، لـەڕووی خوێندنـەوە بـۆ هـزری سیاسـی کوردسـتانیان لـەم سـەردەمەدا، بـە دەقێکـی گرنـگ دادەنرێـت.

چونکە لەلایەك دەستوور بریتییە لە چوارچێوەی گشتی و پرۆسەی سیاسی و یاسایی ئەو قەوارەیەی کە رێکیدەخات، لەلایەکی دیکەش لەبەرئەوەی ماوەی نێوان دانانی پرۆژە دەستوورەکە لەگەڵ سەردەمی ئێستادا زۆر نییە و تەنیا 10 ساڵێك دەبێت، بۆیە دەکرێت لەو پرۆژەیەوە خوێندنەوەیەکی باش بۆ هزری سیاسی و یاسایی کۆمەڵگای کوردستان بکەین لەڕووی تێڕوانینی بۆ مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان. لەو روانگەیەشەوە بوو کە بایەخمان بەو دەقە دا، هەرچەندە لەبەر هەندێك هۆکار پرۆژەکە نەخرایە گشتپرسی و ئێستاش تەنیا بەهایەکی دۆکیۆمێنتیی هەیە و هیچ پابەندییەکی یاسایی نییە.

یەکەم: دانپێدانان بە وجوودی پێکهاتەکان

• ماددەی (5): گەلی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە لە کورد، تورکمان، عەرەب، کلدان، سریان ئاشووری ئەرمەن و ....
• ماددەی (6): ئەم دەستوورە دان بە ناسنامەی ئیسلامیی زۆرینەی گەلی هەرێمی کوردستاندا دەنێت و رێزی لێ دەگرێت. هەروەها دان بەتەواوی مافە ئایینیەکانی مەسیحی و ئێزدییەکان و ئەوانی دیکەشدا دەنێت و ئازادیی بیروباوەڕ و بەڕێوەبردنی رێوڕەسم و دابونەریتی ئایینی لە هەرێمدا بۆ هەموو کەسێك دابین دەکات ....

دووەم: مافی بەکارهێنانی زمانی تایبەت

• ماددەی (14) :

یەکەم: کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمیی هەرێمی کوردستانن و، ئەم دەستوورە بەپێی مەرج و رێکارەکانی پەروەردەیی، مافی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە فێرکردنی منداڵەکانیان بە

زمانی زگماکی خۆیان لە دامودەزگا فێرکارییەکانی حکوومەتدا دەستەبەر دەکات. ئەمەش زمانەکانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی دەگرێتەوە.

دووەم: لەو یەکە کارگێڕیانەدا کە ئەوانەی بەو زمانانە دەدوێن و زۆرینەی دانیشتووان پێکدێنن، زمانی تورکمانی و سریانی لە تەك زمانی کوردی و عەرەبی دوو زمانی رەسمین و، ئەمەش بە یاسا رێکدەخرێ.

• ماددەی (29): ئەو کەسانەی لە هەرێمدا سەربە یەکێك لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانن، مافی ئەوەیان هەیە بەناوی خۆیانەوە بەفەرمی بناسرێن و مافی ئەوەشیان هەیە، ناوی شوێنە خۆجێییە نەریتییەکانیان بەزمانی خۆیان بەکاربێنن، لەگەڵ پابەندبوونیان بە حوکمەکانی یاسای زمانەکانی کارپێکراو لە هەرێمی کوردستاندا.

## سێیەم: مافی پێکهاتەکان لە بەهرەمەندبوونیان لە کولتووری تایبەتیان

ماددەی (35): ئەم دەستووره مافی نەتەوەیی و رۆشنبیری و کارگێڕیی بۆ تورکمان، عەرەب، کلدان، سریان، ئاشووری، ئەرمەن بە مافی ئۆتۆنۆمیشەوە دەستەبەر دەکات بۆ هەر پێکهاتەیەك کە لە هەر شوێنێك زۆرینەی دانیشتووانی هەبێت.

## چوارەم: مافی راگەیاندنی ناسنامەی نەتەوەیی و پەیڕەوکردنی ئایینی

• ماددەی (19/ نۆیەم): زۆرلێکردن لە ئاییندا نییە، هەموو کەس مافی ئازادیی ئایین و بیروباوەڕ و هزر و ویژدانی هەیە و حکومەتی هەرێم ئازادیی موسوڵمان و مەسیحی و ئێزدی و کەسانی دیکەش لە بەجێگەیاندنی رێورەسمی خواپەرستی و دابونەریتە ئایینیەکاندا

مسـۆگەر دەكات، بێئـەوەی كـەس پێشـیان پێبگرێـت. هەروەهـا رێـزی مزگـەوت و كەنیسـە و شـوێنەكانی دیكـەی خواپەرسـتی دەسـتەبەر دەكات بـۆ پاراسـتنی رێـزی ئـەو شـوێنانە و پیرۆزیـی پەیامەكەیـان. جگـە لـەوە، قەدەغەیـە مزگـەوت و كەنیسـە و شـوێنەكانی خواپەرسـتی بكرێنـە گۆڕەپانـی چالاكیـی حزبـی و سیاسـی.

- ماددەی (30):

یەكـەم: نابـێ حوكمەكانـی بـاری كەسـێتی پەیڕەوانـی ئایینێـك لەسـەر پەیڕەوانـی ئایینێكـی دیكـە بسـەپێنرێن.

دووەم: پەیڕەوانـی ئاییـن و ئایینزاكانـی ناموسـوڵمان وەك مەسـیحی و ئێزدییـەكان و ئەوانـی دیكـە، بۆیـان هەیـە ئەنجوومەنـی ئایینی خۆیان دابمەزرێنـن و پەیـڕەوی لـە حوكمەكانـی تایبـەت بەبـاری كەسـێتی بكـەن كـە بـە یاسـا دیـاری دەكرێـن و دادگای ماددە كەسـییەكانیش لێیـان دەڕوانـێ و حوكمەكانـی ئـەم یاسـایانەی پەیوەندییـان بـە بـارە كەسـییەكانی ئەوانـەوە هەیـە، تاوەكـو بـە یاسـایەك هەمـوار دەكرێـن، یـان هەڵدەوەشـێنرێنەوە، كاریـان پێدەكرێـت.

**پێنجەم: مافی پێكهاتەكان لە دروستكردنی رایەڵە تایبەتەكان:**

مـاددەی (34): هـەر پێكهاتەیەكـی ئایینـی لـە هەرێمـدا مافـی خۆیەتـی ئەنجوومەنێـك بـۆ گەشـەپێدان و رێكخسـتنی كاروبـاری رۆشـنبیری و كۆمەڵایەتـی و كەلەپـووری خـۆی دابمەزرێنـێ و پـەرەی پێبـدا، ئەمـەش بـە یاسـایەك رێكدەخرێـت.

**شەشەم: مافی یەكسانبوون و گەشەكردنی كۆمەڵگای پێكهاتەكان**

- مـاددەی (20/ دووەم): هەمـوو چەشـنە جیاكارییـەك لەسـەر بنەمـای نـەژاد، رەنـگ، رەگـەز، زمـان، پێگـەی كۆمەڵایەتـی، وڵاتینامـە، بنەچـە،

ئایین، بیروباوەڕ، هزر، تەمەن، باری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، یان کەمئەندامی قەدەخەیە.

• ماددەی (31): پابەندبوونی دەسەڵاتەکان بە دەستەبەرکردنی یەکسانی

• دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان دەبێ بنەمای یەکسانییەکی کارا دەستەبەر بکەن و کاربکەن بۆ بەدیهێنانیان لەنێو خەڵکانی سەر بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکاندا و کەشێکی وا ئامادە بکەن کە پاراستنی دابین بکات و رێکاری پێویست بۆ پتەوکردنیشی بگرنەبەر.

• ماددەی (33): دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بنەمای رێزلێگرتن لەنێوان هەموو ئەو کەسانەدا کە لە هەرێم نیشتەجێن، پتەو دەکەن، بەتایبەتی لە بوارەکانی خوێندن و راگەیاندن و رووناکبیریی گشتیدا وهەلومەرجی پێویست بۆ کەسانی سەر بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکان دەڕەخسێنن تا بەشدارییەکی کارایان لە گشت بوارەکانی ژیاندا هەبێت.

• ماددەی (38): پشتێنەی کۆتوبەندکردنی مافەکان

یەکەم: نابێت هیچ کۆتێك لەسەر بەکارهێنانی ئەو مافە شارستانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیریانە و مافەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکان کە لەم دەستوورەدا دانیان پێدانراوە، دابنرێت مەگەر بەیاسا بێت. ئەویش بەو مەرجەی کە ئەو کۆتەی دادەنرێت کرۆکی مافەکان نەپێکێت. هەروەها لەگەڵ کۆمەڵگایەکی دیموکراتی ئاشتیخوازی بنیاتنراو لەسەر فرەلایەنی و رێزگرتن و یەکسانی و ئازادی بگونجیت. هەر کۆتێکیش بەپێچەوانەی ئەمانە بێت بەهیچ دادەنرێت.

## حەوتەم: مافی پاراستن

• ماددەی (19/ دەیەم): هەمووکەس مافی ئازادیی دەربڕینی هەیە و پێویستە ئازادیی رۆژنامەڤانی و هۆیەکانی دەربڕین و راگەیاندن و

فرەلایەنی مسۆگەر بکرێ، بەڵام ئەم مافە توانج و تەشەر و دەستدرێژی بۆ سەر مافی خەڵکی دیکە و سووکایەتی بە پیرۆزیە ئایینیەکان و هاندان بۆ توندتیژی و برەوپێدانی رقوکینە لە نێو پێکهاتەکانی گەلی کوردستان ناگرێتەوە.

• ماددەی (19/ حەڤدەهەم برگەی 2): ئەو کۆمەڵانە قەدەخە دەکرێن کە ئامانجیان، یان کردەوەکانیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم دەستوورە و یاساکان ناکۆك بن، یان هەڵوێستێك وەربگرن کە دژی پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە و لێکنزیکبوونەوەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی گەلی کوردستان-عێراق بێت.

• ماددەی (19/ هەژدەهەم برگەی 3): ئەو حیزبەی هەوڵبدات لەرێگای ئامانجەکانی، یان چالاکی، زیان بە سیستەمی بنەرەتی دیمۆکراتیی هەرێمی کوردستان بگەیەنێ، یان هەرەشە لە یەکپارچەیی هەرێم، یان پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکان بکات، بە سەرپێچیکاری دەستوور دادەنرێ ...

• ماددەی (19/ هەژدەهەم برگەی 4): هەر قەوارە، یان رێبازێك، پەیرەوی لە بیروباوەرێکی فاشی، رەگەزپەرستانە، تیرۆرستی، تەکفیری، پاکتاوی رەگەزی یان ئایینی بکات و هاندەری بێت، رێی بۆ خۆش بکات، پێیداهەڵبدات، برەوی پێبدات یان پاساوی بۆ بهێنێتەوە، قەدەخە دەکرێ...

• ماددەی (32) پابەندبوونی دەسەڵاتەکان بە رێگری لە دوورخستنەوەی زۆرەملێ:

یەکەم: دەسەڵاتەکانی هەرێم دەبێت کەسانی سەر بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکان بپارێزن لە گرتنەبەری هەر رێکارێك بەمەبەستی دوورخستنەوەی زۆرەملێییان و دەبێ پشتیوانیان بن و هانیان بدەن بۆ دامەزراندنی رابیتە و کۆمەڵەی تایبەت بەخۆیان تا بەردەوام بن.

دووەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە رێگری لە

گۆڕینــی بەئەنقەســتی ڕێــژەی دانیشــتووان لــەو ناوچانــەی کــە پێکهاتەیەکــی نەتەوەیــی یــان ئایینــی دەژیــن، بێئــەوەی کار بکاتــە ســەر پرۆســەی ســڕینەوەی شــوێنەواری ئــەو بەعەرەبکــردن و ڕاگوێزانــە زۆرەملێیــەی کــە ڕژێمــی بەعــس لــە کەرکــووك و ناوچەکانــی دیکــەی کوردســتان کردوونــی.

**هەشتەم: مافی بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت**

مـاددەی (41/ دووەم): لە سیسـتەمی هەڵبژاردنـی ئەنداماندا نوێنەرایەتی دادپەروەرانـەی پێکهاتەکانـی گەلی کوردسـتان .... لەبەرچاو دەگیرێ.

## دەرەنجام و کۆتایی

لـە کۆتایـی ئـەم بابەتـەدا دەگەینە ئـەو ئەنجامەی کـە مافـی پێکهاتەکان یەکێکــە لــەو بوارانــەی بەشــێوەیەکی بــەردەوام گەشــەکردن و بەرەوپێشــچوونی لەســەر ئاســتی یاســای نێودەوڵەتــی و ناوخۆیــی بەخــۆوە بینیــوە، بەشــێوەیەك کــە ئێســتا وەك یەکێــك لــە پێوەرەکانــی دیموکراسـیبوونی کۆمەڵـگاکان مامەڵـەی لەگـەڵ دەکرێـت. هەروەهـا کاریگەریەکـی زۆریشـی لەسـەر ئاشـتی و ئاسایشـی نێوخۆیـی وڵاتـان و نێودەوڵەتیـش هەیـە. هـەر بۆیـە لـەو بـوارەدا گەلێـك یاسـا و ڕێسـا و ڕێککەوتننامــە و پرەنســیپی گشــتیی نێودەوڵەتــی دانــراون و پەســند کــراون، بەشــێوەیەك ئــەوەی لــێ دەخوێندرێتــەوە کــە پاراســتن و فەراهەمکردنـی مافـی پێکهاتـەکان ئـەرك و پابەندیەکـی نێودەوڵەتییـە و چیدیکـە بـاس و بابەتێکـی نێوخۆیـی نـاو وڵاتـان نییـە کـە کـەس بـۆی نەبێـت چاودێریـی بـکات یـان لەسـەر پێشـێلکارییەکانی بەدەنـگ بێـت. هەروەهــا دەردەکەوێــت گەلــی کوردســتان-عێراق کــە وەك چــۆن

کۆمەڵگایەکــی هەمەڕەنــگ بــووە، هــەر لــە ســەردەمی خەباتــی ڕزگاریخوازییــەوە دیدگایەکــی تێروتەســەلی بــۆ بابەتــی پێکهاتــەکان و پێگــە و گرنگــی و بایەخیــان لــە کوردســتاندا هەبــووە. بۆیــە لــە ســەرەتای دامەزرانــی هەرێمــی کوردســتانەوە لــە ســاڵی 1992، ئــەو بایەخــە لەســەر ئاســتی یاسایی ڕەنگدانــەوەی هەبــووە و لــە یاســاکانی هەرێمــدا لــە بوارەکانــی دانپێدانــان بــە بــوون و کولتــوور و زمــان و بەشــداریی حوکمڕانــی و ڕەخســاندنی دەرفەتــی یەکســان و ...هتــد بەشــێوازی جۆراوجــۆر بەمەبەســتی گەرەنتیکردنــی مافەکانــی پێکهاتــەکان دەقــی یاســایی دانــراون. ئــەوە جگــە لــەوەی کــە لــە پــرۆژەی دەســتووری هەرێمــدا لــە ســاڵی 2009 بایەخێکــی گــەورەی پێــدراوە. هەرچەنــدە دەســتوورەکە نەخرایــە گشتپرســی، بــەڵام بــە یاســای ژمــارە (5)ی ســاڵی 2015 ئــەو بۆشــاییە پڕکرایــەوە، دەرچوونــی ئــەو یاســایەش لــە پەرلەمانی کوردســتان بــە هەنگاوێکــی گــەورە و جیــددی لــە دانپێدانــان و فەراهەمکردنــی مافەکانــی پێکهاتــەکان و پاراســتنیان دەژمێردرێــت. ئــەوەی تێبینــی دەکرێــت، ڕێچکــەی دەســتەبەرکردنی مافــی پێکهاتــەکان و پاراســتنیان لــە هەرێمــی کوردســتان هــەر لــەو ئاســتەدا نەوەســتاوە و هێشــتا بەردەوامــە و ڕۆژ لــەدوای ڕۆژ دەســتکەوتی دیکــەی بــۆ زیــاد دەکرێــت و کەلێــن و کەموکورتییەکانــی پڕدەکرێنــەوە. ئــەوەش بێگومــان ئاراســتەیەکی دروســتە و ڕەنگدانــەوەی هــزری دەســتەبژێری سیاســی و ڕۆشــنبیری و مرۆڤدۆســتیی کۆمەڵــگای کوردســتانە.

# بەشداریی سیاسیی کەمینەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق

پ. د. مونا یوخەننا یاقۆ

## پێشەکی

ئاشکرایە باسکردنی بەشداریی سیاسی لە چوارچێوەی هەر کۆمەڵگەیەکی فرەڕەنگدا کارێکی ئاسان نییە، لەبەرئەوەی ئەم بابەتە پێویستی بە بەردەستبوونی کۆمەڵێک پۆتانسیەلی بنەڕەتی هەیە، تاوەکو ئەو بەشدارییە راستەقینە بێت نەک تەنیا شتێکی رواڵەتی بۆ تێرکردنی حەزەکانی دەسەڵاتی حوکمڕان. گرنگترینیشیان ئامادەکردنی کەشێکی یاسایی تەندروستە کە لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون دامەزرابێت، وەک بنچینەیەک بۆ هاوبەشی، وێڕای ئەوەش، چەندی دەکرێ چاوپۆشی لە هێزی ژمارەیی بکرێ کە رەنگدانەوەی باڵادەستیی پێکهاتەیەکە بەسەر پێکهاتەیەکی دیکەدا. ئەمە هەروەها پێویستی بە بەردەستبوونی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسییە کە هەمەجۆری لە ئامێز بگرێت، نەک ژینگەیەکی دژەهەمەڕەنگی. دەبێ ئەوەش

لەسەر بنەمای هۆشیارکردنەوەی تاک و رۆشنبیرکردنی لەبارەی گرنگیی قبووڵکردنی ئەوی دی، بنیاتنرابێت.
ئەگەر بڕیارە بەشداریی سیاسی، بنەماکانی خۆی لەنێو پێداویستییەکانی دەستوورە لۆکاڵەکان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا ببینێتەوە لە روانگەی پرەنسیپی یەکسانی و بەلاوەنانی جیاکاری، بەڵام دۆخی کردەنی دەریدەخات کە ئەمە پێویستی بە چەند کۆڵەکەیەك هەیە تاوەکو خۆی رابگرێت و بەردەوامییەکەی مسۆگەربێت. ئەمەش بۆئەوەی تێکەڵبوونی کەمینەکان لە پرۆسەی سیاسی تەنیا لە قسەدا نەمێنێت و بە حەزی هێزە باڵادەستەکانەوە بەند نەبێت. بۆ نموونە، پەنابردن بۆ تەکنیکی کۆتا چارەسەرێکی ناچاریانەی راگوزەر بێت، بەتایبەتی لە هەندێ قۆناخی دیاریکراودا.
ئەوەی جێی سەرنجە، بوونی هەندێک لە تاکەکانی سەر بە کەمینەکان، وەک نوێنەری پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، تەنیا لە سێ دەسەڵاتەکەدا قەتیس نییە، بەڵکو هەندێکجار ئەم ئامادەییە لە نێو سیستمە جێگرەوەکانی دەسەڵات، وەک رێکخراوە ناحکوومییەکان بەواتای فراوانیان، زیاترە. ئەمەش بەو واتایە دێت کە گرنگیی بەشداربوون لە تەنیا لایەنێکدا قەتیس نییە و گشت لایەنەکان دەگرێتەوە. هەڵبەت لایەنی سیاسی برێکی زۆرتر لە راستییەکانی واقعی هەر کۆمەڵگەیەک دەخاتەڕوو.
بۆ ئەوەی لە هەردوو دیوی تیۆری و پراکتیکییەوە تیشکی زیاتر بخەینە سەر ئەم باسە، بابەتەکە بەپێی ئەم پلانە دابەش دەکەین:

### 1 - واتای بەشداری سیاسیی کەمینەکان

بۆ تێگەیشتن لە واتای راستەقینەی بەشداری سیاسیی کەمینەکان، پێویستە لەسەر ئەوە رێکبکەوین کە ئەم بەشدارییە لەڕووی ئامادەگی و کارایی و هەڵسەنگاندنەوە تەنیا لە کەمینەکاندا کورت

نابێتـەوە، بەڵکـو بابەتێکـی گرێـدراوی هەمـوو کۆمەڵگەیـە. چونکـە ئەمـە ئـەو بـەردی بناغەیەیـە کـە سیسـتمی دیموکراسـی لەسـەر بنیات دەنرێت و دەخوازێت هەلـی بەشـداری بـۆ گشـت کەرتەکانی کۆمەڵگـە بـە هەمـوو رەنـگ و چینەکانییـەوە دەسـتەبەر بـکات، بـەو مەرجـەی کـە پاڵنەرەکـەی بریتـی بێـت لـە هەژمارکردنـی هاووڵاتـی وەک بەشـێک لـە قـەوارەی سیاسـی و ئـەو کۆمەڵگەیـەی تیایـدا دەژیـن. بەمـەش بەشـدارییەکەی دەبێتـە بابەتێکـی حەتمـی و وەک یەکێـک لـە ئاماژەکانـی پێگەیشـتوویی سیاسـی و بەردەوامیـی پرۆسـەی گەشـەپێدانی سیاسـی لـە باڵاتریـن شـێوەکانیدا بەکاردەهێنرێـت.

**1-1 - پێناسەی بەشداریی سیاسی**

هەندێـک پێیانوایـە بەشـداریی سیاسـی بـە واتـای ئاسـتی گرنگیدانـی هاووڵاتـی بـە بابەتـە سیاسـییەکان و دروسـتکردنی بڕیار دێت، سادەترین شـێوازی ئەمـەش بەشـدارییە لـە دەنگـدان [1]. بـەڵام ئێمـە لەگـەڵ ئـەم پێناسـەیە کـۆک نیـن، چونکـە هەرچەنـدە زۆر لـە هاووڵاتیـان گرنگـی بـەم بابەتانـە دەدەن و بەدوایانـدا دەچـن، بـەڵام حـەزی بەشـداریکردنیان نییـە، یـان مەرجـی پێویسـتیان بـۆ کاری سیاسـی تێـدا نییـە.
هەندێکـی دیکـەش وا پێناسـەی دەکـەن کـە مکوڕبوونـی تاکـە لەسـەر ئـەوەی ڕۆڵـی ئەرێنـی لـە ژیانـی سیاسـیدا هەبێـت [2]. ئەمـەش لەڕێگـەی کاراکردنـی مافـی خـۆی لـە دەنگـدان و خۆبەربژێرکـردن لـە دەسـتە هەڵبژێـردراوەکان یـان گفتوگۆکـردن لـە پرسـە سیاسـییەکاندا لەگـەڵ کەسـانی دیکـە، یـان چوونـە نێـو ڕێکخـراوەکان. پێمانوایـە ئـەم پێناسـەیەش لەڕاسـتی لایـداوە، چونکـە بەشـداریی سیاسـی لـە هەندێـک جـۆری دیاریکـراودا سـنووردار کـردووە و هەنـدێ جـۆری دیکـەی بـەلاوە

1 - اسماعيل عبد الفتاح عبد الكافي ،الموسوعة الميسرة للمصطلحات السياسية ، بلا سنة طبع ، ص397 .
2 - د.كمال المنوفي ،الثقافة السياسية المتغيرة ، مركز الدراسات السياسية و الستراتيجية ، القاهرة ، 1979 ،ص78 .

ناوە کە گرنگترن لەوانەی باسکراون، وەک بەشداری لە فەرمانی گشتی و وەرگرتنی پۆستە گرنگەکان.
ڕەنگە لە دیارترینی ئەو پێناسانەی لەم چوارچێوەیەدا خراونەتەڕوو، پێناسەکەی ساموێل هانتینگتن بێت کە پێیوایە مەبەست لە بەشداریی سیاسی، ئەو چالاکییەیە هاونیشتمانیی ئاسایی بۆ کاریگەری دانان لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیار ئەنجامی دەدات. ئینجا چ چالاکیی تاکەکەسی بێت یان بە کۆمەڵ، ڕێکخراو بێت یان هەڕەمەکی، دابڕاو بێت یان بەردەوام، ئاشتییانە بێت یان توندوتیژانە، ڕەوا بێت یان ناڕەوا، کارا بێت یان ناکارا [3]. بەمەیش دەردەکەوێت چالاکی، جۆرەکەی هەرچییەک بێت، بە بەشداری لە ژیانی سیاسی دەژمێردرێت، بەو مەرجەی ئامانجەکەی کاریگەریدانان لەسەر پرۆسەی بڕیاردان بێت.
لەوە دەچێت هەندێک کەوتبنە ژێر کاریگەریی پسپۆڕێتییەکانیان، بۆیە بەشداریی سیاسییان تەنیا لە چالاکیی یاساییدا کورت کردووەتەوە و بەشداریی سیاسییان بەو چالاکییە یاساییانە پێناسە کردووە کە مەبەستیانە کاریگەری بخەنە سەر هەڵبژاردنی حوکمڕانان و ئەو کارانەی دەیکەن، سەرباری ئەو کاریگەرییەی لەسەر بڕیارەکانی حکومەت دادەنرێت [4].
بەگشتی دەتوانین بڵێین، بەشداریی سیاسی بە پێوەرێک بۆ ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگە لەبارەی خۆی و جوانیی فرەڕەنگییەکەی دادەنرێت. بۆیە لەپاڵ ئەوەی پراکتیزەکردنێکی سیاسییە، دیاردەیەکی شارستانیشە. کاتێک کۆمەڵگە دەگاتە ئاستێکی باڵاکردن و ڕۆشنبیری، بەشداری بە پرسێکی بنەڕەتی دەژمێرێت و گرنگیی پێویستی پێدەدات، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو بەشدارییەش، پێویستە پێشبخرێت و زەق بکرێتەوە و بخرێتە چوارچێوەیەکی یاسایی کە مانەوەی مسۆگەر

3 - عصام نور ، دور المرأة في تنمية المجتمع ، مؤسسة شباب الجامعة ، مصر ، 2006 ،ص12 .
4 - بكار فتحي ، الاغتراب السياسي و اثره على المشاركة السياسية ـ دراسة حالة الجزائر ، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الحقوق و العلوم السياسية بجامعة الطاهر مولاي ،الجزائر ، 2013 ،ص46 .

بکات و سنووری روون و دیاری بۆ دەستنیشان بکات. وەک پێشتریش گوترا، ئەم بەشدارییە پێویستە کردەنی بێت و نابێت تەنیا لە ئاستی بنکەدا بێت، بگرە بەڕوونی لە ئاستی سەرکردایەتی و بڕیاردان و بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا رەنگبداتەوە. بۆئەوەی تاکەکانی کەمینەکان ئەمەیان پێ بەدی بهێنرێت، پێویستە لە رێی چوونە نێو حیزبی سیاسی و دامەزراوە مەدەنییەکان و بواری راگەیاندن و گشت ئەو بوارانەی دەبنە مایەی ئافراندنی بەرهەمی بیر و گەشەکردن، گرنگی بە بابەتی دەسەڵاتدارکردنی سیاسی بدرێت.

### 1-2 - ناساندنی کەمینەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق

بەوەدا کە تاوەکو ئێستا هەرێمی کوردستان دەستوورێکی نووسراوی نییە، هەرچەندە لە ساڵی 1992ـەوە پەرلەمانی خۆی هەڵبژاردووە و حکومەتی خۆی پێکهێناوە و چەند جارێکیش بۆ ئەم مەبەستە هەوڵیداوە کە دیارترینیان پرۆژەیەکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانە لە ساڵی 2009، پرۆژەکە پەسەندیش کرا بەڵام بەهۆی ناکۆکیی سیاسی نەخرایە گشتپرسی و، ئەو لیژنەیەی لە 2015دا بەپێی "یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری کوردستان ـ عێراق بۆ راپرسی، ژمارە 4ی ساڵی 2015" پێکهێنرا و من یەکێک لە بیست ئەندامەکەی بووم، نەیتوانی ئەرکی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت. دیارە هۆکارەکەیش هەر ناکۆکیی سیاسی بوو. ماوەی 90 رۆژەکەش بۆ نووسینەوەی پرۆژەیەکی نوێی دەستوور، بەبێ ئەوەی ماددەکانی تەواو بکات، بەسەرچوو.
لەبەرئەمە و بەهۆی نەبوونی دەستوورێکی نووسراوی بەرکار، ئێمە بۆ ناسینی پێکهاتەکانی هەرێم، دەبێت پشت بە "یاسای ژمارە 5ی ساڵی 2015 ـ یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکانی کوردستان ـ عێراق"

ببەستین. ئەم یاسا ناوازەیە لەڕووی بیرۆکەوە [5] جەخت دەکاتە سەر سەرژمێرییەکی روونی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان. لە ماددەی یەکەمیدا، ئەمەشی دابەشکردووە:

ئا - گرووپە نەتەوەییەکان، وەک تورکمان، کلدانی سریانی ئاشووری و ئەرمەن.

ب - گرووپە ئاینی و مەزهەبییەکانی وەک کریستیان، ئێزدی، سابیئەی مەندایی، کاکەیی، شەبەک، فەیلی و زەردەشتی و بە وشەی (ئەوانی دیکە) تەواوی کردووە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو پێکهاتانە، وەکوو نموونە هێنراونەتەوە نەک وەکوو دیاریکردن و سنووردارکردن. یاسادانەر بەمە کارێکی باشی کردووە و چارەسەری ئەو بۆشاییە گەورەیەی کردووە کە لە ماددەی دووەم لە دەستووری بەرکاری عێراقدا هەیە و تەنیا "کریستیان، ئێزدی و سابیئەی مەندایی" دیاری کردووە. هەروەها لە ماددەی 125یشدا کاتێک ئاماژەی بۆ پێکهاتە نەتەوەییەکان کردووە، دەڵێت: "ئەم دەستووره زامنی مافە کارگێڕی و سیاسی و کولتووری و فێرکارییەکانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی وەک تورکمان، کلدان و ئاشووری و پێکهاتەکانی دیکەیە"، واتا دیسان ناوی هەموویانی نەهێناوە لە کاتێکدا پێویست بوو دەستووری عێراق، مادام باسی ئەو بابەتەی کردووە، ناوی هەموویانی بهێنابا.

بەمەی باس کرا، دەتوانین بڵێین بۆ زانینی ئەو کەمینانەی لە کوردستاندا پێکەوە دەژین و مافی بەشداریی سیاسییان هەیە، دەتوانین پشت بەو پۆلێنە ببەستین کە یاسای بەرکاری پاراستنی کەمینەکان [6] پەیڕەوی کردووە.

---

5 - لأنني كباحثة اعتبره ناقصا من حيث الآليات المتاحة للدفاع عن حقوق الاقليات الواردة في اطار القانون نفسه ، و لمزيد من التفاصيل ينظر :د.منى ياقو ، الحماية القانونية للأقليات ـ دراسة تطبيقية على واقع الأقليات في العراق ، ج 1، مطبعة نصيبين ، دهوك ،2019 ،ص 164-155 .

6 - علما بأنه ، بحسب التصنيف الذي تتبعه المواثيق الدولية ، فأن هنالك انواع اخرى من التقسيمات مثل الاقليات العرقية و الاقليات اللغوية، لكننا فضلنا استخدام ذات التقسيم الذي اتبعه القانون المشار اليه ، كون ورقتنا البحثية هذه ، تتناول الأمر في اطار اقليم كوردستان .

## 1-2-1 - کەمینە نەتەوەییەکان

دەکرێـت بـەم شـێوەیە پێناسـەی کەمینـە نەتەوەییـەکان بکەیـن: "بەشـێکن لـە دانیشـتووانی دەوڵـەت بـەڵام لـە رەگەزێکـی دیکـەی جیـاواز لــە رەگــەزی زۆرینــەی دانیشــتووانن" [7].

هەندێکیـش جەخـت لـە لایەنـی رۆحـی بـۆ پێناسـەکردنی نەتـەوە دەکـەن و گشـت فاکتەرەکانـی دیکـە وەلادەنێـن [8]، پێیانوایـە "قسـەکردن بـە یـەک زمـان یـان هاوبەشـی لـە یـەک کۆمەڵـەی ئیتنیکـی، پێکهێنـەری نەتـەوە نییـە، بەڵکـو ئـەوەی پێکهێنەریەتـی، ئەنجامدانـی کاری مەزنـە لـە رابـردوودا و ئارەزووی ئەنجامدانـەوەی ئـەو کارانەیـە لـە داهاتـوودا"، لەمــەوە تێدەگەیــن کــە فۆکەســەکە لەســەر گرنگیــی هەســتکردنی قووڵــی تاکــە بــە کۆمەڵەکــەی خــۆی، نــەک تەنیــا ئەندامبوونێکــی خۆبەخـۆ لـەو کۆمەڵەیـەدا بەبـێ ئـەوەی هەوڵـی بـۆ دابـێ یـان ویسـتی راسـتەقینەی خـۆی تێدابێـت.

لـەڕووی کردەنییـەوە، دەبینیـن گرووپـە نەتەوەییـەکان لەهەمـوو جـۆرە گرووپەکانــی دیکــە یەکگرتووتــرن. بــەم واتایــە، کاریگەریــی کەمینــە نەتەوەییـەکان لەسـەر سـەقامگیری و ئاسایشــی نەتەوەیــی بــەردەوام زیاتـرە، کاتێکیـش ئـەم گرووپانـە لـە توخمێـک یـان زیاتـردا لەگـەڵ یەکێـک لـە وڵاتانـی دراوسـێ هاوبـەش دەبـن، ئـەوا بەرزەفتکردنـی ئاسایشـی نیشـتمانی کارێکـی سـەخت و ئاڵـۆز دەبێـت.

بـەڕای ئێمـە، ئـەوەی ترسـناکیی ئـەم جـۆرە کەمینانـە زیاتـر دەکات، رازینەبوونیانـە بـە توانـەوە لەنێـو ئـەو کۆمەڵگەیانـەی تیایانـدا دەژیـن. دیارتریـن ئـەو گرووپانـەش لـە هەرێمـی کوردسـتان، بەپێـی یاسـای ئاماژەبۆکـراو [9]، بریتیـن لـە:

---

7 - د.اسماعيل صبري مقلد ،العلاقات السياسية الدولية ـدراسة في الاصول و النظريات ،ط 3، مطبوعات جامعة الكويت ،1984 ،ص 106

8 - ساطع الحصري ، ما هي القومية ، دار العلم للملايين ، بيروت ،1959 ،ص48-41 .

9 - لا مجال للتفصيل في هذه المكونات ، للمزيد ينظر : د.منى ياقو ، المصدر السابق ،ص 41 .

1 - تورکمان.
2 - کلدان، سریانی، ئاشووری.
3 - ئەرمەن.

### 1-2-2 - کەمینە ئاینییەکان

کەمینـە ئاینییـەکان بـەم جـۆرە پێناسـە دەکرێـن: "هـەر کۆمەڵەیەکـی ئیتنیکـی کـە ئاییـن کۆڵەکـەی سـەرەکییەتی و لـە کۆمەڵـە ئیتنیکییەکانی دیکـەی نـاو هەمـان کۆمەڵگـە جیـای دەکاتـەوە" [10]. ئێمـە لەگـەڵ بەسـتنەوەی ئیتنیـک بـە ئاییـن نیـن، چونکـە رەنگـە یـەک ئاییـن چەنـد ئیتنیکێـک پێکـەوە گـرێ بـدات.
زۆرجـاران کێشـە لەوێـوە سـەرهەڵدەدات کـە جیاوازیـی ئایینـی لەنێـو کۆمەڵەکانـی دانیشـتوواندا روون و ئاشـکرا دەبێت. هاوبەشـی لـە ئاییـن چەنـدە پەیوەنـدی نێـوان تاکەکانـی هەمـان کۆمەڵـە بەهێـز دەکات، هێنـدەش دووریاندەخاتـەوە لـەو گرووپانـەی پەیـڕەوی لـە ئایینێکـی دیکـە دەکـەن. ئـەم ناکۆکییـە کاتێـک توندتـر دەبێـت کـە دەبینیـن دوو ئاییـن هەڵوێسـتی جیاوازیـان لـە یـەک مەسـەلەی دیاریکـراو هەیـە، یەکێکیـان نەهـی لێـدەکات و ئـەوەی دیکەیـان فەرمانـی بەجێهێنانـی بـە پەیڕەوانـی دەکات. یـان ئەوکاتـەی کـە کۆمەڵگـە بـە سرووشـتی خـۆی ئایینپـەروەر بێـت و ئاییـن بخزێنێتـە نێـو گشـت وردەکارییەکانـی ژیانـی رۆژانـەوە.
بەگشـتی دەکـرێ بڵێیـن، ئاسـتی نزیکـی یـان دوورکەوتنـەوەی نێـوان ئـەو کۆمەڵانـەی ئایینـی جیاجیـا پەیـڕەو دەکـەن، پەیوەسـتە بەهەڵوێسـتی کۆمەڵـەی بەرامبـەر لـەو ئایینـە، هەرچەنـدی ئایینێکـی دیاریکـراو ئایینەکانـی پێـش خـۆی رەتنەکاتـەوە، وەک ئاینـی کریسـتیان کـە ئایینـی جـوو رەتناکاتـەوە، ئـەوا ئایینـی یەکـەم دەبێتـە مایـەی سـەرهەڵدانی

---

10 - احمد وهبان، الصراعات العرقیة و استقرار العالم المعاصر ،ط 2، الدار الجامعة ، مصر ، 1999، ص97 .

کەمینەیەکـی ئایینیـی دانپێدانـراو، بـەڵام بەگشـتی ئاییـن لـە کۆمەڵگـە فرەڕەنگەکانـدا چەکێکـی دووسـەرەیە، دەکرێـت ببێتـە فاکتـەری نزیکبوونـەوە و پێکەوەیـی یـان ببێتـە ڕێگـر لەبـەردەم پێکەوەژیانـی ئاشـتییانە. ئەمـەش بەنـدە بـە سرووشـتی بەکارهێنانـی ئاییـن لەلایـەن دەسـەڵات و ڕێکخسـتنی ئـەم بابەتـە بـە یاسـا، هەروەهـا بەنـدە بە ئاسـتی مکوڕیـی کۆمەڵگـە لەسـەر پاراسـتن و دەرخسـتنی بـاوەڕە ئایینییەکانـی. ئـەوەی تێبینـی کـراوە، ئەوەیـە کـە داواکارییەکانـی کەمینـە ئاینییـەکان زۆربـەی کات سـنووردارن، تەنیـا لـە بنیاتنانـی پەرسـتگە و ئەنجامدانـی ئازادانـەی کارە ئاینییەکانیـان و دابینکردنـی فێرکاریـی ئاینـی بـۆ ڕۆڵەکانیـان سـنووردارن. لەبەرامبـەردا و بـۆ پاراسـتنی سـەقامگیریی کۆمەڵگـە، سـەرباری جیاوازییـەکان، دەسـەڵاتی سیاسـی هەوڵـی فەراهەمکردنـی ئـەو داواکارییانـە دەدات. بەپێـی یاسـای ئامـاژەبۆکـراو، دیارتریـن کەمینـە ئاینییـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان ئەمانـەن:

1 - کریستیان.

2 - ئێزدی.

3 - سابیئەی مەندایی.

4 - کاکەیی.

5 - شەبەک.

6 - فەیلی.

7 - زەردەشتی.

## 2 - هەڵسەنگاندنی بەشداریی سیاسیی کەمینەکان

لێرەدا هەوڵـی ڕوونکردنـەوەی گرنگتریـن جـۆر و شـێوەکانی بەشـداریی سیاسـی دەدەیـن، شانبەشـانی دەستنیشـانکردنی ئـەوەی بـە یاسـا ڕێکخـراوە. لەگـەڵ ئـەوەش، هەڵسـەنگاندنێکی بابەتیانـە بـۆ واقیعـی ئـەم بەشـدارییە و ئاسـتی ڕەزامەندیـی کەمینـەکان دەکەیـن.

## 2-1 - جۆرەکانی بەشداریی سیاسی

دیارترین جۆرەکانی بەشداریی سیاسی ئەمانەن:

### 2-1-1 - بەشداریی سیاسیی فەرمی

ئـەم جـۆرە بەشـدارییە لەڕێگـەی دامەزراوەکانـی دەوڵـەت و ناوەندەکانـی بڕیـاردان دێتـە دی و خـۆی لـە ئەندامبـوون لـە ڕێکخسـتنە سیاسـییەکان و هەوڵـی گەیشـتن بـە پۆسـتی سیاسـیدا دەبینێتـەوە و ئامانجـی بەشـداران بریتییـە لـە بەدیهێنانـی سـەقامگیری و بەردەوامیـی سیسـتمی سیاسـی، لەگـەڵ پاراسـتنی بەرژەوەندیـە کەسـییەکانی خۆیـان. ئەم جۆرە بەشـدارییە سیاسـییە خـاوەن پۆسـتە بـاڵاکان و گـەورە بیرۆکراتەکان دەگرێتـەوە کە لە ئاسـتی دووەمـدا دێـن، وەک ئەندامانـی پەرلەمـان و وەزیـرەکان. بەشـداریی ئـەم توێـژە دەبێتـە مایـەی بەشـداریی گـەل و ئـەو بڕیارانـەی ئەمـان دەریاندەکـەن دەبنـە جێـی بایـەخ و هەڵسـەنگاندن لای حوکمڕانیکـراوان و ڕەنگدانەوەیـان لەسـەر هەڵسـوکەوتی ئـەو توێـژە دەردەکـەون [11].

### 2-1-2 - بەشداریی سیاسیی نافەرمی

خـۆی لـە ئەندامبـوون لـە گـرووپ و حیزبـە سیاسـییەکان و گرووپەکانـی گوشـاردا بەیان دەکات. شانبەشـانی ئەوەش، بەشداری لە هەڵمەتەکانی هەڵبـژاردن و پرۆسـەی دەنگـدان و ڕادەربڕیـن لـە کۆبوونـەوە و گفتوگـۆ سیاسـییەکاندا، یـان چوونـە نێـو چوارچێـوەی دامـەزراوەکان و سـەندیکا و ڕێکخـراوەکان، هەروەهـا بەشـداریکردن لـە بزووتنەوەکانـی ناڕەزایـی،

---

11 - الفقير سميحة ، العزوف الانتخابي ـ دراسة ميدانية في طنجة ، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية العلوم القانونية و الاقتصادية في جامعة عبد المالك السعدي لنيل درجة الماجستير في القانون العام ، المغرب ، 2008 ، ص 15 .

بۆ ئەوەی تاک ببێتە بازنەیەکی بەیەکگەیاندنی هاووڵاتی و سیستمی سیاسی. واتا ئەمانە ئەو دەزگایانەن کە ئەرکی کۆکردنەوەی داوا کەسییەکان و بەیەکەوەگرێدانیان و دەربڕینیان و گۆڕینیان بۆ بڕارەی سیاسیی گشتی ئەنجام دەدەن. بەڕای ئێمە، ئەم جۆرە بەشدارییە زۆر گرنگ دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە نافەرمی ناودەبرێت، چونکە ئەو دەسەڵاتە یاساییەی نییە بڕیاری پابەندکەر دروست بکات [12].

## 2-3 - شێوەکانی بەشداریی سیاسی

گرنگترین شێوەکانی بەشداریی سیاسی خۆیان لەم شێوازانەدا دەنوێنن:

### 2-3-1 - دەنگدان

بۆ بەهێزکردنی بەشداریی کەمینەکان لە پرۆسەی سیاسیدا، هەڵبژاردنەکان هەلێکی گرنگن. ئەم بەشدارییەش رەنگێکی دیموکراسییانە بە پرۆسەی هەڵبژاردن دەدات، جا بەشدارییەکەیان تەنیا وەک دەنگدەر بێت یان وەک بەربژێر و سەرپەرشتیار و چاودێر[13]. هەڵبژاردن بە چەمکە فراوانەکەی کە هەردوو مافی دەنگدان و بەربژێرکردن دەگرێتەوە، یەکێکە لە گرنگترین مافە سیاسییەکانی هاونیشتیمانی و گرنگترین بنیاتی سیاسیی ناسراوە لە جیهانی ئەمڕۆماندا. لەبەرئەوەی دەنگدانی هاونیشتیمانی سادەترین کردەوەی سیاسییە کە ماوەیەك جارێک ئەنجام دەدرێت و بە مەبەستی دەربڕینی پشتگیریی هاووڵاتی بۆ حیزبێکی سیاسیی دیاریکراو دووبارە دەبێتەوە و،

12 - زكريا حريزي ، المشاركة السياسية و دورها في محاولة تكريس الديمقراطية التشاركية ، رسالة ماجستير مقدمة الى جامعة الحاج الخضر ،الجزائر ، 2011 ،ص24 .

13 - نور الأسعد و آخرون ، الديمقراطية في مواجهة التغيير ـ دليل الى تعزيز مشاركة المرأة في الحياة السياسية ،المعهد الديمقراطي الوطني ، لبنان ،2010 ،ص37 .

ئامانجەکـەی دیاریکردنـی ئـەو سـەرکردە سیاسـییانەیە کە رۆڵـی گرینگیان لـە داڕشـتنی سیاسـەتی گشـتی و بڕیـارە گرنگەکانـدا هەیـە، پڕ بایەخـە [14].

**2-3-2 - بەربژێری**

بەربژێـری بـە یەکێـک لـە مافە سیاسـییە هـەرە گرنگـەکان دەژمێردرێت و شانبەشـانی مافـی دەنگـدان، مافێکـی هـەرە پێویسـتە بـۆ بەگەڕخسـتنی دیموکراسـی بەپێـی ئـەو ناوەڕۆکـەی دەسـتوور ددانـی پێـدا نـاوە و بایەخـدارە بـۆ زامنکردنـی ئـەوەی پارلەمـان و ئەنجوومەنـی پارێـزگاکان و ئەوانـی دیکـە دەربـڕی ویسـتی راسـتەقینەی گـەل بـن [15].
ئاشـکرایە ژیانـی سیاسـی بەبـێ مافـی دەنگـدان و بەربژێـری مەیسـەر نابێـت. لەگـەڵ ئەمەشـدا پێویسـتە تـەواوی پرۆسـەی هەڵبـژاردن ئـەو زەمانـەت و میکانیزمانـەی بـۆ دابیـن بکرێـت کـە ئەنجامدانـی لـە کەشـێکی دیموکراسـیدا دەستەبەر دەکـەن. ئەمـەش وا دەخوازێـت کـە هاونیشـتیمانی مافـی خـۆی لـە بەربژێـری وەرگرێـت و دەرگای بەربژێـری لەسـەر بنەمـای یەکسـانی، بـەڕووی خەڵکـدا بـۆ وەرگرتنـی پۆسـتی سیاسـی یـان ئەندامبـوون لـە ئەنجوومەنەکانـی نوێنەرایەتـی واڵا بێـت. واتـا ئەگـەر بیـری هاوچەرخـی دیموکراسـی بخوازێـت بنکـەی بەشـداریی گـەل لـە مافـی هەڵبـژاردن فـراوان بکرێـت، بەپێـی بنەمـای دەنگدانـی گشـتی، ئـەوە پیادەکردنـی بنەمـای بەربژێریـی گشـتیش بـە دوای خۆیـدا دەهێنێـت، بـەو شـێوەیەی یەکسـانیی هـەل لـە بـەردەم هاووڵاتیـان بـۆ گەیشـتن بـە پێگەکانـی بڕیـاردان بـەدی دەهێنێـت [16]. مافەکانـی دەنگـدان و بەربژێـری لـە وڵاتانـی دیکتاتۆریـدا دەکشـێنەوە و نامێنـن،

---

14 - بكار فتحي، الاغتراب السياسي و اثره على المشاركة السياسية ، رسالة مقدمة الى كلية الحقوق و العلوم السياسية ، جامعة مولاي طاهر ، الجزائر ، 2013 ، ص55 .

15 - د.داود الباز ، حق المشاركة في الحياة السياسية ، ط 1، دار الفكر الجامعي ، مصر ، 2006 ،ص357 .

16 - محمد فهد القحطاني ، حق الانتخاب و الترشيح للمرأة ،ط 1، دار النهضة العربية ، القاهرة ،2014 ، ص 46 .

لـە کاتێکـدا لـەو وڵاتانـەی کـە هاونیشـتیمانی مافـی ئازادیـی دەربڕینـی هەیـە پێشـدەکەوێ. بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن، گرنگیـی بەربژێـری و دەنگدان کـە وەک ئامرازێکـی پەیوەندیـی نێـوان حوکمڕانـان و گـەل دەردەکەوێت، لەوەدایـە کـە رێکخسـتنێکی یاسـایین بـۆ پرەنسـیپی رەوایـی بەڕێوەبردنـی دەسـەڵات بەنـاوی گەلـەوە [17]، لـە چوارچێـوەی ئـەم بنەمایەشـدا، هێـزە سیاسـییەکان بـۆ بەدەسـتهێنانی لایەنگریـی جەمـاوەر کێبڕکـێ دەکـەن. بـەوەدا کـە را و هەڵسـەنگاندنی کەمینـەکان بابەتێکـی زۆر گرنگـە، وا باشـە بەشـداریکردنیان لە پرۆسـەی هەڵبـژاردن بەگشـت قۆناخەکانیەوە بە هەنـد وەربگیرێت، بـە تایبەتـی لـەو پرسـانەی لـە ئاسـتی نەتەوەیـی ـ سیاسـی یـان ئایینیـدا بەوانـەوە پەیوەسـتن.

## 2-3-3 - بەشداری لە پۆستەکانی سەرکردایەتی

زۆرتریـن قسـە لەسـەر پۆسـتەکانی سـەرکردایەتی لـە کاتێکـدان کە باس لـە هاوسـەنگیی نێـوان هـەردوو رەگـەز دەکرێـت، بـەڵام قسـەکردن لەسـەر بەشـداریی کەمینەکانیـش قورسـایی خـۆی هەیـە. لەبـەر ئەمـە دەبینیـن هەندێـک لـە یاسـاکان لـە چوارچێـوەی دەقـی روون و راشـکاودا جەخـت لەسـەر بەشـدارییان دەکـەن. هەنـدێ دۆخیـش بـوون بـە نەریـت. بـۆ نموونـە زۆربـەی کابینەکانـی حکومەتـی هەرێـم لـە سـاڵی 1992ـەوە، وەزیرێکـی کریسـتیان و وەزیرێکـی تورکمانیـان تێـدا بـووە. جگـە لـە پۆسـتی دیکـەی وەک بەڕێوەبـەری گشـتی و جێگـری پارێـزگار و سـەرۆک و ئەندامانـی دەسـتە سـەربەخۆکان و هـی دیکـە.

17 - هالة حسن عبدالله ، حق المرأة في التصويت و الترشيح و تطبيقاته في الدساتير العراقية ، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية القانون و العلوم السياسية بجامعة كركوك ، 2014 ، 24 .

### 2-3-4 - بەشداری لە پۆستە گشتییەکان

مەبەسـت لـە پۆسـتە گشـتییەکان، پۆسـتە حکومییـە جۆراوجۆرەکانـن. وەک سـەرۆکی دەوڵـەت و وەزیـران و پۆسـتە سیاسـی و کارگێـڕی و زانسـتی و سـەربازییەکان لـە جومگـە گشـتییەکانی دەوڵـەت یـان لقەکانیـان و دامـەزراوە گشـتییەکان لـە چوارچێـوەی سیسـتمێکی یاسـایی دیاریکـراودا. وەرگرتنـی پۆسـتی گشـتی لـە چوارچێـوەی ئـەم بابەتـەی ئێمـەدا، بەواتـای مافـی کەمینـەکان لـە بەشـداری لـە بنیاتنانـی دەوڵـەت دێت و زۆربـەی ئـەو پۆسـتانەی لێـرەدا مەبەسـتمانە لەڕێگـەی دەنگـدان و بەربژێرییـەوە دێـت.

## 2-2 - واقیعی بەشداریی سیاسیی کەمینەکان لە هەرێمی کوردستان

لـەم چوارچێوەیـەدا، شـێوەکانی بەشـداریی سیاسـیی کەمینەکان لەسـەر واقیـع جێبەجـێ دەکەیـن و پشـت بـە هەڵسـەنگاندن و دیـدی کەمینەکان خۆیـان بـۆ ئـەم بابەتـە دەبەسـتین و بـە لۆجیکێکـی ئەکادیمـی ـ بابەتیـی رووت، دوور لـە کێشمەکێشـی سیاسـی، مامەڵـە لەگـەڵ بابەتەکـە دەکەیـن.

### 2-2-1 - مافی هەڵبژاردن

بەپێـی یاسـای ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق، ژمـارە 1ی سـاڵی 1992 و مـاددەی 36/ یەکـەم لـەو یاسـایە "پێنـج کورسـی بـۆ کلـدان سـریان ئاشـووری تەرخـان دەکرێـت و بەربژێرانـی ئـەم پێکهاتەیـە کێبڕکێیـان لەسـەر دەکـەن. دووەم/ پێنـج کورسـی بـۆ تورکمـان تەرخـان دەکرێـت و بەربژێرانـی ئـەم پێکهاتەیـە کێبڕکێیـان لەسـەر دەکـەن. سـێیەم/ یـەک کورسـی بـۆ ئەرمـەن تەرخـان دەکرێـت و بەربژێرانـی ئـەم

پێکهاتەیـە کێبڕکێـی لەسـەر دەکـەن". لەمـەوە تێدەگەیـن کـە "کۆتـا" بـۆ کەمینـە نەتەوەییـەکان هەیـە و ئەمـە لـە چەنـد روویەکـەوە باشـە:

1 - ئـەو (کۆتا)یـەی لـە ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق پەسـەند کـراوە بەپێـی مـاددەی 11ی یاسـای هەڵبژاردنەکانـی ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق، ژمـارە 45ی سـاڵی 2013، وشـەی "پێکهاتـەی کریسـتیان" بەکارهاتـووە وەک ئـەوەی (کۆتا)کـە لەسـەر بنەمـای ئاییـن بێـت. ئەمـەش مافـی بـە هەندێـک دامـەزراوەی ئایینـی یـان نیمچـە ئایینـی داوە، لیسـتی هەڵبـژاردن دروسـت بکـەن و بچنـە کێبڕکێـی هەڵبـژاردن. بێجگـە لـە هەمـوو ئـەو کێشـە و لێکەوتانـەی لەمـە کەوتوونەتـەوە، ئەمـە بووەتـە مایـەی کەمکردنـەوەی گرنگـی و جـۆری ئـەدای نوێنەرانـی (کۆتـا).

2 - نوێنەرانـی کریسـتیان لـە ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق لـە کـۆی 329 نوێنـەر تەنیـا پێنـج نوێنـەرن، لـە کاتێکـدا پەرلەمانـی کوردسـتان شـەش ئەندامـی کریسـتیانی لە کـۆی 111 ئەندام هەیە و بـەراوردی نێوانیـان گریمانـەی ئـەوە دەخاتـەڕوو کـە کاریگەرییـان لـە هەولێـر زیاتـر و روونتـر بێـت لـەوەی لـە بەغـدا هەیانـە.

3 - پێکهاتـەی تورکمـان پێنـج کورسـیی جێگیـری لـە پارلەمانـی هەرێـم هەیـە، لـە کاتێکـدا لـە هەڵبژاردنەکانـی ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق (کۆتـا)ی نییـە، رەنگـە بابەتەکـە ئـەوە بێـت کـە تورکمـان خۆیـان پێیـان بـاش بووبێـت هاوشـێوەی کـورد و عـەرەب بچنـە نێـو هەڵبـژاردن بەبـێ ئـەوەی پێویسـت بـکات بـە سیسـتمی (کۆتـا)ی هەڵبـژاردن جیابکرێنـەوە.

4 - هەریـەک لـە پێکهاتـەی ئێـزدی، سـابیئە، شـەبەک و کـوردی فەیلی یـەک کورسـییان لـە ئەنجوومەنـی نوێنەرانی عێراق هەیـە، لە کاتێکدا لـە پارلەمانـی هەرێـم هیـچ کورسـییەکیان بـۆ تەرخـان نەکـراوە. لەبەرئـەوەی ئەنجوومەنـی نوێنـەران لـە تەرخانکردنـی کورسـیی کۆتـا پشـتی بـە توخمـی ئاییـن بەسـتووە، بـەڵام پارلەمانـی هەرێـم

لەمـڕووەوە پشـتی بـە توخمـی نەتـەوە بەسـتووە، لەبەرئـەوەش کـە ئێـزدی، بـۆ نموونـە، - بـە گـوێـرەی بۆچوونـی زۆرینـەی توێـژەران ـ ئایینـە نـەک نەتـەوە، لـە هەرێمـدا کۆتایـان بـۆ تەرخـان نەکـراوە، هەرچەنـدە خۆیـان چەنـد جارێـک داوای ئەمەیـان کـردووە.

ئەگەر بابەتەکە بەم شێوەیە بێت، ئەدی کێشەکە لە کوێیە؟
کێشـەکە لـە میکانیزمـی دەستنیشـانکردنی نوێنەرانـی (کۆتا)یـە، هەرچەنـدە ئـەوان لەلایـەن ئـەو پێکهاتەیـەوە هەڵبژێـردراون کـە کورسـییەکانی بـۆ تەرخـان کـراوە. لـەو هەڵبژاردنـەی لـە سـاڵی 1992 بـۆ یەکەمجـار لـە هەرێمـی کوردسـتان کـرا، مـاددەی 3ی یاسـای ژمـارە 2ی سـاڵی 2009 کـە یاسـای هەمواركردنـی چوارەمـی یاسـای هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی کوردسـتان ـ عێـراق ژمـارە 1ی سـاڵی 1992 هەموارکـراوە، دەڵێـت: "بڕگـەی چوارەمـی مـاددەی سـی و شەشـی دووبارەبـوو لـە یاساکەدا هەڵدەوەشـێندرێتەوە." مەبەسـت هەڵوەشاندنەوەی ئەو ماددەیەیە کـە دەڵێـت: "هەڵبژاردنـی بەربژێرانی هـەر پێکهاتەیـەک لەلایـەن دەنگدەرانـی ئـەو پێکهاتەیـەوە دەبێـت". ئەمـە دەرگای بـۆ حیزبـە گـەورەکان کـردەوە گەمـە بـە کورسـییەکانی کۆتـا بکـەن، ئەوەتـا هەنـدێ کـەس لـە پێکهاتـەی کلدانـی سـریانی ئاشـووریی لایەنگـری یەکێـک لـە حیزبـە کوردییـەکان، بـۆ بەشـداری لـە کێبڕکێـی هەڵبـژاردن لەسـەر کورسـییەکانی کۆتـا دەبنـە بەربژێـر و، بێگومـان ئەوانـە پشـتگیریی ئـەو حیزبانەیـان هەیـە و دەنگێکـی زۆریـش دەهێنـن. زۆربـەی دەنگەکانیشـیان لەڕێـی دەنگدانـی تایبەتـەوە دێـن و بەمـەش بردنەوەیـان مسـۆگەر دەبێـت. ئەمـە شکسـتە بـۆ ئـەو حیزبـە نەتەوەییانـەی کورسـییەکان بەنـاوی ئەوانـەوە تەرخانکـراون. ئەوەشـی قوڕەکـە خەسـتتر دەکات، ئەوەیـە ئـەو نوێنەرانـە وەک پاشـکۆی حیزبـە گـەورەکان کار دەکـەن، تەنانـەت میدیـا کوردییـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان، کاتێـک ململانێـی نێـوان حیزبـە کوردییـەکان تونـد دەبێـت و

تەواوکردنی نیسابی یاسایی لە پەرلەمان دەبێتە پێویستییەکی گرنگ، کورسییەکانی کۆتا بۆ یەکێک لە لایەنە کوردییەکان دژ بە لایەنێکی دیکەی کوردی ئەژمار دەکەن. وەک ئەوەی ئەم کورسییانە سەربەخۆ نەبن. ئەمە لە ئەدای نوێنەرەکانیشدا رەنگدەداتەوە، زۆربەی کات لاوازن و لە ئاستی رووداوەکاندا نین.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکانیش، ماددەی 32 دووبارە لە یاسای ژمارە 4ی ساڵی 2009 - یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق دەڵێت: "یەکەم- دوو کورسی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک بۆ کلدان سریان ئاشووری تەرخان دەکرێن و بەربژێرانی ئەم پێکهاتەیە کێبڕکێی لەسەر دەکەن.

دووەم- یەک کورسی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک بۆ ئەرمەن تەرخان دەکرێت و بەربژێرانی ئەم پێکهاتەیە کێبڕکێی لەسەر دەکەن.

سێیەم- یەک کورسی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ کلدان سریان ئاشووری تەرخان دەکرێت و بەربژێرانی ئەم پێکهاتەیە کێبرکێی لەسەر دەکەن.

چوارەم- لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر، دوو کورسی بۆ کلدان سریان ئاشووری و سێ کورسی بۆ تورکمان تەرخان دەکرێن و بەربژێرانی ئەم دوو پێکهاتەیە کێبڕکێیان لەسەر دەکەن.

پێنجەم- هەڵبژاردنی بەربژێرانی هەر پێکهاتەیەک لەلایەن دەنگدەرانی ئەو پێکهاتەیەوە دەبێت".

لێرەدا سەرنج دەخەینە سەر گرنگیی دوا بڕگەی ئەم ماددەیە.

سەرباری هەوڵی چەندبارەمان بۆ گێڕانەوەی یاسای هەڵبژاردن بۆ دۆخی پێشووی، بۆ ئەوەی سندووقی تایبەتمان بۆ تەرخان بکرێ تاوەکو دەنگ بەو نوێنەرانە بدەین کە بەڕاستی نوێنەرایەتیمان دەکەن، بەڵام زۆربەی جاران ئەم داوایە بە بیانووی جۆراوجۆر پشتگوێ دەخرێن. بۆ نموونە، دەگوترێ ئەمە جیاکارییە لەسەر

بنەمـای ئایین یـان نەتـەوە و لادانێکـی روونـە لـە بنەمـای یەکسـانی کـە بنەمایەکــی ســەرەکییە لــە پەیمانــە نێودەوڵەتییــەکان و دەســتووری نیشـتمانیی بـەرکار، بـەڵام ئێمـە پێمانوایـە ئـەم بیانـووە نالۆجیکییـە، بـە تایبەتـی کاتێـک (کۆتـا)ی هەڵبـژاردن لەسـەر بنەمـای جیاکاریـی ئەرێنـی بڕیـاری لەسـەر دراوە و ئەمـەش لـە پرەنسـیپی یەکسـانیدا دەگمەنـە.

## 2-2-2 - بەشداری لە پۆستەکانی سەرکردایەتی

مافــی کەمینــەکان لــە وەرگرتنــی پۆســت لــە مــاددەی 6ی یاســای بـەرکاری پاراسـتنی کەمینـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان جەختـی لەسـەر کـراوە، کاتێـک دەڵێـت "لەپێنـاو زامنکردنـی مافەکانـی پێکهاتـەکان:
یەکـەم: بەپێـی یاسـا بـەرکارەکان، مافـی بەشـداریکردنیان لـە دەسـەڵاتی یاسـادانان و جێبەجێـکار لـە هەرێمـی کوردسـتان هەیـە".
پێشـتر، بابەتـی (کۆتـا)ی پارلەمانیـی کەمینـەکان روونکراوەتـەوە، بـەڵام پەیوەسـت بـە دەسـەڵاتی جێبەجێـکار بابەتەکـە جیـاوازە و، زۆربـەی جاران پشــت بــە رێککەوتنــی سیاســی دەبەســترێ. بۆیــە بابەتەکــە مســۆگەر نییـە و بەگوێـرەی میزاجـی سیاسـی و کەشـی زاڵ گۆڕانکاریـی بەسـەردا دێـت.
کێشـەی گرنگتـر لـەم رووەوە، ئـەو لایەنەیە کـە مافی دەستنیشـانکردنی ئـەو کەسـایەتییەی هەیـە پۆسـتەکە وەردەگرێـت. لەبەرئـەوەی حیزبـە کوردییــە گــەورەکان، بــە تایبەتیــش پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و یەکێتـی نیشـتمانیی کوردسـتان، خۆیـان کەسـایەتیگەلێک دەستنیشـان دەکــەن کــە لــەڕووی سیاســییەوە لایەنگــری خۆیــان بــن، تاوەکــو بــە نــاوی کریســتیان و تورکمــان ئــەو پۆســتانە وەربگــرن. بــۆ نموونــە، یەکێتــی نیشــتمانیی کوردســتان کەســێکی کریســتیانی بــۆ ئەندامێتــی کۆمیســیۆنی بــاڵای هەڵبــژاردن و گشتپرســی دەستنیشــانکرد و پارتــی دیموکراتـی کوردسـتانیش تورکمانێکـی بـۆ ئەندامێتـی ئـەو کۆمیسـیۆنە

دەستنیشـانکرد. بەمدواییەیـش هەمـان شـت سـەبارەت وەزارەتـی گواسـتنەوە و گەیانـدن لـە کابینـەی حکومـەت روویـدا، کاتێـک کادرێکـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی بـۆ دەستنیشـانکرا. لـە کاتێـکدا دەبـوو ئـەو کەسـە پۆسـتەکەی لـە پشـکی حیزبەکـەی خـۆی وەرگرتبایـە نـەک لـە پشـکی کریسـتیانەکان کـە خـۆی تەنیـا یـەک کورسـی وەزارەتـە لـە هـەر کابینەیەکـی حکومەتـدا.

### 2-2-3 - بەشداری لە پۆستە گشتییەکان

مـاددەی 6 لـە یاسـای بـەرکاری پاراسـتنی مافـی کەمینـەکان دەڵێـت: "لـە پێنـاو زامنکردنـی مافـی کەمینـەکان: دووەم ـ لـەو ناوچانـەی تیایانـدا چڕیـی دانیشـتووان پێکدەهێنـن، بەپێـی یاسـا بـەرکارەکان مافـی بەشـدارییان لـە بەڕێوەبردنـی دامـەزراوە حکومەتـی و کارگێڕییـەکان هەیـە".

لـەوە دەچێـت دەقەکـە هەوڵـی بەدیهێنانـی یەکسـانی و دادپـەروەری لـە نێـوان تاکەکانـی کەمینـەکان و تاکەکانـی سـەر بـە زۆرینـە دابێـت. بـەڵام کێشـەکە لەوەدایـە کام لایـەن مافـی دەستنیشـانکردنی ئـەو تاکانـەی هەیـە کـە ئـەو دامەزراوانـە بەڕێـوە دەبـەن؟ چونکـە زۆربـەی کات دەستنیشـانکردنیان لەلایـەن دەسـەڵاتی حوکمڕانەوەیـە و بەپێـی هەنـدێ تایبەتمەنـدی و پێـوەرە کـە لەگـەڵ بەرژەوەندیـی ئەو دەسـەڵاتە دەگونجـێ، دانانـی هەنـدێ کـەس کـە نوێنەرایەتـی بەرژەوەندیـی دەسـەڵات دەکـەن و پابەنـدی تـەواوی دیـدگای ئـەون، بـوون و نەبوونـی ئـەوان بـەلای کەمینەکانـەوە وەکـوو یەکـی لێدێـت.

### کۆتایی

لەکۆتاییـدا، پێمانوایـە مافـی بەشـداریی سیاسـی مافێکـە تاڕادەیەکـی

زۆر بـۆ کەمینـەکان بەردەسـتە، بـەڵام پێویسـتی بـە پێداچوونەوەیەکـی گشـتگیرە. هەروەهـا دەبـێ گرنگییەکی جدییش بدرێ بە هەڵسـەنگاندنی کەمینـەکان خۆیـان بـۆ ئـەو بەشـدارییە، بـە تایبەتیـش کـە بەشـێوەیەکی بـەردەوام داوا دەکـەن هەنـدێ لـەم بنەمایانـەی بەشـداریی ئەوانـی لەسـەر بنیاتنـراوە، دەسـتکاری بکرێـن. چونکـە ئیـدی ئـەم بەشدارییە لـە نێوەڕۆکـی خـۆی خاڵـی کـراوە و بـووە بـە بەشـدارییەکی رووکـەش کـە تەنیـا خزمەتـی بەرژەوەندیـی دەسـەڵات دەکات.

بە پشتبەستن بە هەموو ئەوانەی گوتران، ئەم راسپاردانە دەخەینەڕوو:

1 - پێویسـتە وەک پرسـێکی تایبـەت بـەوان نـا، بەڵکـو وەک پرسـی هاوبەشـییەکی راسـتەقینە کـە هـەردوولا پێـی رازی بـن، هەڵسـوکەوت لەگـەڵ پرسـی کەمینـەکان بکرێـت، بـۆ ئـەوەی کەمینـەکان نوێنەرایەتییەکـی رەوایـان لەسـەر پێویسـتیی گەیاندنـی دەنگـی راسـتەقینەیان بـە هەمـوو سـەکۆیەکان هەبێـت بـەو شـێوەیەی خزمەتـی بەرژەوەندیـی گشـتی بـکات.

2 - نەبوونـی دەسـتوور کۆسـپێکی گەورەیـە لەسـەر رێگـەی ددانپێدانانی هەمیشـەیی بـە مافـی کەمینـەکان لـە بەشـداریی سیاسـیدا و دەبێتـە مایـەی نەبوونـی ئـەو میکانیزمانـەی زامنـی ئەمـەن. بۆیـە ئامۆژگاریمـان ئەوەیـە پەلـە بکرێـت لـە داڕشـتنی دەسـتوورێک کـە مـاف و ئەرکـی هەمـوو لایەنێـک لەسـەر بنەمـای هاووڵاتیبـوون دیـاری بـکات. دەبـێ ئەمـەش دوور لـە بەشـکردنی دەسـتکەوتەکان بـە گوێـرەی ژمـارە یـان قەبـارەی هـەر پێکهاتەیـەک بێـت.

3 - تەنیـا دانـان بـە مافەکانـی کەمینـەکان لـە دەسـتوور و یاسـاکانی دیکـەدا بـەس نییـە، بەڵکـو زامنکردنـی رێزگرتـن لـە سـەروەریی یاسـا پێویسـتە، بـۆ دڵنیابـوون لـە جێبەجێکردنـی دەقـە یاسـاییەکان.

4 - یەکێـک لـەو فاکتەرانـەی لـە ئاڵۆزکردنـی کێشـەکانی کەمینەکانـدا بەشـدارە، دەسـتوەردانی زۆرینەیـە لـە کاروباریـان، جـا سرووشـتی ئـەو دەسـتوەردانە هەرچییـەک بێـت. ئەمـەش رۆڵـی لـە پەرتەوازەبوونـی

سیاسـیی ئەوانـدا هەبـووە و لـە ئەنجامـدا بووەتـە هـۆی ئـەوەی نەتوانن بڕیـاری یەکگرتـوو بـدەن.

5 - پێویســتە یاســای هەڵبــژاردن هەمــوار بکرێـت، بـە شــێوەیەک مافــی دەنگــدان بــۆ کورســیی کەمینــەکان تەنیــا بــۆ کەســانی ســەر بــە کەمینــەکان بێـت. هەروەهــا نوێنەرانیــان لــە کاتــی دەنگــدان بــەو بڕیارانــەی پەیوەندیــی راســتەوخۆیان بــە کاروبــاری ئەوانــەوە هەیــە، مافــی ڤیتۆیــان هەبێــت.

6 - ئەگــەر دیــدی حیزبــە سیاســییە گــەورەکان خــۆی لــە پێویســتیی خۆنزیککردنــەوە لــە کەمینــەکان و بەشــدارکردنیان لــە پرۆســەی سیاســیدا ببینێتــەوە، پێویســتە کەســانی ســەر بــە کەمینــەکان لــە لیســتە حیزبییەکانــی هەڵبژاردنــدا دابنێـن، بــەو مەرجــەی نــاوی ئەمــان لـە سـەرەوەی لیسـتەکانیاندا بـن بـۆ ئـەوەی هەلـی بردنەوەیـان لەسـەر بنەمــای نوێنەرایەتیــی رێژەیــی هەبێــت.

7 - دەبــێ مکــوڕی هەبێـت لەسـەر بەشــدارکردنی کەسـانی لێهاتــووی ســەر بــە کەمینــەکان لــە پۆســتە گشــتییەکان و پۆســتەکانی ســەرکردایەتیدا، بەبــێ مەرجــی لایەنداریــی سیاســی بــۆ حیزبە گــەورەکان، تاوەکــو کەمینــەکان ببنــە خــاوەن وزەی جــۆری کــە خزمەتیــان بــکات و تەنیــا وزەی ژمارەیــی بــێ دەســەڵات نەبــن.

8 - نابێـت بەشـداریی کەمینـەکان لـە هەنـدێ وەزارەت و فەرمانگــەی دیاریکــراودا قەتیــس بکــرێ، بەڵکــو دەبێــت بــوارە ســەربازی و ئەمنییەکانیــش بگرێتــەوە، بــۆ ئــەوەی بتوانــن لــەو ناوچانــەی کــە زۆرینــەن، ئامادەگییــان هەبێت. بــۆ نموونــە لــە شــارۆچکەی عەنــکاوە، باشـترە کریسـتیان لـە پلـە باڵاکانی پۆلیـس و ئاسایشـدا بـن شانبەشـانی کادرانــی نەتــەوە و ئاینەکانــی دیکــە.

# سەرچاوەکان

## یەکەم/ کتێبەکان

1 - إسماعيل عبدالفتاح عبدالكافي، الموسوعة الميسرة للمصطلحات السياسية، بلا سنة طبع.
2 - أحمد وهبان، الصراعات العرقية واستقرار العالم المعاصر، ط2، الدار الجامعة، مصر، 1999.
3 - د. إسماعيل صبري مقلد، العلاقات السياسية الدولية ـ دراسة في الأصول والنظريات، ط3، مطبوعات جامعة الكويت، 1984.
4 - د. داود الباز، حق المشاركة في الحياة السياسية، ط1، دار الفكر الجامعي، مصر، 2006.
5 - ساطع الحصري، ما هي القومية، دار العلم للملايين، بيروت، 1959.
6 - عصام نور، دور المرأة في تنمية المجتمع، مؤسسة شباب الجامعة، مصر، 2006.
7 - الفقير سميحة، العزوف الانتخابي ـ دراسة ميدانية في طنجة، رسالة ماجستير مقدمة إلى كلية العلوم القانونية والاقتصادية في جامعة عبدالمالك السعدي لنيل درجة الماجستير في القانون العام، المغرب، 2008.
8 - د. كمال المنوفي، الثقافة السياسية المتغيرة، مركز الدراسات السياسية والستراتيجية، القاهرة، 1979.
9 - محمد فهد القحطاني، حق الانتخاب والترشيح للمرأة، ط1، دار النهضة العربية، القاهرة، 2014.
10 - د. منى ياقو، الحماية القانونية للأقليات ـ دراسة تطبيقية على واقع الأقليات في العراق، ج1، مطبعة نصيبين، دهوك، 2019.
11 - نور الأسعد وآخرون، الديمقراطية في مواجهة التغيير ـ دليل إلى تعزيز مشاركة المرأة في الحياة السياسية، المعهد الديمقراطي الوطني، لبنان، 2010.

## دووەم/ توێژینەوە زانکۆییەکان

1 - بكار فتحي، الاغتراب السياسي وأثره على المشاركة السياسية، رسالة مقدمة إلى كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة مولاي طاهر، الجزائر، 2013.
2 - زكرياء حريزي، المشاركة السياسية ودورها في محاولة تكريس الديمقراطية التشاركية، رسالة ماجستير مقدمة إلى جامعة الحاج الخضر، الجزائر، 2011.
3 - هالة حسن عبدالله، حق المرأة في التصويت والترشيح وتطبيقاته في الدساتير العراقية، رسالة ماجستير مقدمة إلى كلية القانون والعلوم السياسية بجامعة كركوك، 2014.

# کۆمەڵگەی کوردستانی و مافی کەمینەکان

پەیڕەو ئەنوەر

## پێشەکی

لـەدوای کۆتاییهاتنـی جەنگـی سـارد و گۆڕانـی سیسـتمی سیاسـی نێودەوڵەتـی لـە دوو جەمسـەری و دووو بلۆکییـەوە بـۆ تاکجەمسـەری، کۆمەڵێـک بنەمـا و بەهـا و رێسـای تـازە لـە چوارچێـوەی رێکخسـتنی نوێـی جیهانـی هاتنەکایـەوە. لەپاڵ چەمـک و بەهاکانـی وەک مافەکانـی مـرۆڤ و گەشـەپێدانی پلۆرالیـزم، پاراسـتنی مافـی کەمینەکانیـش هاتـە پێشـەوە و خرایـە نێـو چوارچێـوە و پەیکـەری سیسـتمی سیاسـی نوێـی جیهانییـەوە. راسـتییەکەی، دۆخ و پرسـی کەمینـەکان لـە جیهانـدا، پرسـێکی یەکجـار ئاڵـۆز و فـرە ئاراسـتەیە و چەندیـن لێکدانـەوە و شـیکردنەوەی جیـاوازی لـە بوارەکانـی کۆمەڵناسـی، دەروونـی، مرۆڤناسـی، ئایینـی، فەلسـەفی، سیاسـی و یاسـایی و چەندیـن بـواری دیکـە بـۆ دەکرێت. پرسـی کەمینەکان یـان پێکهاتەکان، لەسـەر هەردوو ئاسـتی ناوخـۆ و دەرەوە، خـاوەن چیـرۆک و پێشـینەیەکی قـووڵ و درێـژە. پڕۆسـەی کەمینەبـوون لـە بنەڕەتدا پڕۆسـەیەکی ئاسـایی و سرووشـتییە،

بەڵام لەهەمانکاتدا، کێشە و گرفت لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، کاتێک هاوسەنگیی نێوان زۆرینە و کەمینە نامێنێت و زۆرینە دەبێتە خاوەنی هەژموون و ئەکتەری باڵادەست بەسەر ئەوانی دیکەوە. ئەم باڵادەستی و هەژموونە لە کایەی حوکمڕانی و سیاسەت و سەرجەم کەرتەکانی دیکەی کۆمەڵگە دەبێت بە رێسایەکی نەگۆڕ و هەمیشەیی و بەمەش کەمینەکان بەتەواوی رووبەڕووی دۆخی توانەوە/ئەسیمیلەیشن و چەوساندنەوە و پەراوێزخستن و لەکەمینەخستن دەبنەوە. بەتایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و چەند ناوچەیەکی دیکەی جیهان کە ململانێ لەسەر ناسنامە ئایینی، نەتەوەیی و ئیتنیکییەکان لە لووتکەدایە و هێزی زاڵ، ئاسان و خێرا خۆی بەسەر ئەوانیتردا دەسەپێنێت و هەموو کایەکانی حوکمڕانی بۆ خۆی مۆنۆپۆل و داگیر دەکات.

عێراق و هەرێمی کوردستان، هەر لە سەردەمی زووەوە، تا دەگاتە ئیمپراتۆری عوسمانی و دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی هاوچەرخ و تا ئەم چرکەساتەش، یەکێک بووە لە ناوەندە هەستیارەکانی فرەیی کۆمەڵایەتی و چەندین نەتەوە، ئایین، مەزهەب و بیروڕای جیاوازی تێدا ژیاوە و، ئەم پێکەوەبوون و فۆڕمەش لە رێکخستنی کۆمەڵگە، بە چەندین قۆناخ و وێستگەی جیاواز و هەوراز و نشێودا رۆیشتووە و تێپەڕیوە. دیارە هەرێمی کوردستان سەرەڕای رووداو و کەموکوڕییەکان، هەر لە دێرزەمانەوە، لانکەی پێکەوەژیان و مۆدێڵی پێکەوەهەڵکردن بووە. لە دوای رووخانی رژێمی بەعس لە 2003 ، هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە بووە ناوەندێکی باڵا و گەورەی لەخۆگرتنی پێکهاتە جیاوازەکان و قووڵبوونەوەی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و پاراستنیان لە کۆمەڵێک هەڕەشە و مەترسی. ئەگەرچی بەشێک لەم پێکەوەژیان و پاراستنە بە یاسایی و دەزگایی دەبێت و بە فەرمی دانیان پێدادەنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا ئەم پێکهاتە جیاوازانە هەم لە ئاستی دەسەڵات و هەمیش لە ئاستی

خـوارەوە و کۆمەڵگـەدا رووبـەڕووی هەڕەشـە و ئاسـتەنگ دەبنـەوە و هێشـتا پرۆسـەکە پـڕە لـە گرفـت و ئاریشـە. بەگشـتی روانگـە ئایینـی و نەریتییەکانـی کۆمەڵگـەی ئێمـە، کولتـوور و پارتی سیاسـی و ناوەندەکانی میدیـای ئێمـە دیـدی تاڕادەیـەک جیاوازیـان هەیـە بـۆ کەمینـەکان و بـە بیرکردنـەوەی کەمێـک جیـاوازەوە لێـی دەڕوانـن.

## چوارچێوەی تیۆری

لــەڕووی زاراوە و پێناســەکردنەوە، چەمکــی "کەمینــە" وێنــە و تێگەیشــتنێکی نەرێنــی لــە زمانــی کوردیــدا هەیــە. ئـەم وشــەیە لــە (أقليــة) ی عەرەبییــەوە هاتــووە. (کــەم) لــە زمانــی کوردیــدا دژی (فــرە) یــە و (القلــة) لــە عەرەبیــدا دژی (الكثــرة) یــە. ئەمــەش وایکــردووە بەشــێک لــە تــاک و ئەندامانــی نێــو کەمینــەکان ئــەم زاراوەیــە بــە نەرێنــی وێنــا بکــەن و وەک ئاماژەیەکــی نابەجــێ لێــی بڕوانــن. هــەر لەبــەر ئەمەشــە، یاســادانەری پەرلەمانــی کوردســتان وشــەی (پێکهاتــە) ی لەبــری (کەمینــە) بەکارهێنــاوە. لــە زمانــی ئینگلیزیشــدا لەبــەردەم هەمــان گرفتدایــن و وشــەی Minority لــە Minorی لاتینییــەوە وەرگیــراوە کــە هەمــان مانــای کەمینــە دەدات[1]. لەلایەکــی دیکــەوە بــۆ پێناســەکردنی کەمینــەکان چەندیــن پێناســە و تێگەیشــتنی جیاوازمــان هەیــە، کەمینــە یەکێکــە لــەو زاراوانــەی کــە تائێســتا پێناســەیەکی روون و یەکگرتــوو و ئاشــکرای نییــە. هــەر پێناســەیەک لــە گۆشــەنیگا و پێودانگێکــی جیــاوازەوە، بەپێـی کۆمەڵێـک بنەمـا، کەمینـەکان وێنـا دەکات و لێیـان دەڕوانێـت. بەگشــتی هــەوڵ دەدەیــن تێگەیشــتنەکان بەمشــێوەیەی خــوارەوە بخەینــەڕوو:

1 - دڵشاد حامید دەروێش، 2017، کەمینەکان (ناسنامە، یاسا، هەرێمی کوردستان)دەزگای چاپی غەزەلنووس، سلێمانی.

**یەکەم: پێوانەی ژمارە**

ئـەم پێوانـە و پێـوەرە دەیەوێـت کەمینـەکان وا پێناسـە بـکات و دەربخات کـە گرووپێکـی ئیتنیکـی، رەگـەزی، ئایینـی و زمانەوانیـن و ژمـارەی تاکەکانیـان کەمتـرن لـە ژمـارەی زۆرینـە بەبـێ گەڕانـەوە بـۆ ئـەوەی کـە ئـەم گرووپـە هەژمـوونـدارە یـان نـا، فەرمانـڕەوان یـان بەرفەرمانـن.

**دووەم: پێوانەی هەژموون یاخود باڵادەستی**

بەپێچەوانـەی خاڵـی یەکـەم، ئـەم پێـوەرە ژمـارەی ئەندامانـی کەمینەکان لەبەرچـاو ناگرێـت، بەڵکـو هەژمـوون و باڵادەسـتی دەکاتـە بنەمـای سـەرەکی. کەمینـەکان لێـرە ئـەو گرووپـە ئیتنیکـی، رەگـەزی، نەتەوەیـی، ئایینـی و زمانەوانییـەن کـە لـە وڵاتـدا خـاوەن هەژموونـی سیاسـی، ئابـووری، کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگـی نیـن.

**سێیەم: پێوانەی ژمارە و باڵادەستی**

لـەم بنەمایـەدا، کەمینـەکان بریتیـن لـەو گرووپـە ئیتنیکـی، رەگـەزی، نەتەوەیـی، ئایینـی و زمانەوانییـەی کـە ژمـارەی تـاک و ئەندامەکانیـان کەمتـرە لـە ژمـارەی زۆرینـە و لەهەمانکاتیشـدا، خـاوەن هەژمـوون و باڵادەسـتی نیـن. (2)

بەگشـتی کەمینـەکان بـە کۆمەڵێـک تایبەتمەنـدی جیادەکرێنـەوە، لەوانە: هەڵگـری وڵاتینامـەن و هاونیشـتیمانین. لێـرەوە بێگانـە و پەنابـەر و کۆچبـەرەکان نابنـە کەمینـە. پێویسـتە ژمارەیـان کەمتـر بێـت لـە ژمـارەی هاووڵاتیـان. بـەوە جیادەکرێنـەوە کـە یەکێـک یـان زیاتـر لـە رایەڵەکانـی وەک (زمـان، رەگـەز، ئیتنیـک، نەتـەوە و ئاییـن) بەیەکـەوەی گرێدابـن و،

---

2 - هەمان سەرچاوەی پێشوو

پێداگـری لەسـەر پاراسـتنی ئـەو ناسـنامە و رایەڵەیـان بکـەن. لەگـەڵ ئەوەشـدا، دەبێـت ئـەم تایبەتمەندییانـە بەتـەواوی لـە زۆرینـە جیایـان بکاتـەوە و دایانبڕێـت، ئەگەرنا ناچنـە نێـو چوارچێوەی کەمینـەوە. لێرەوە، جیـاوازی لـە شـێوەزار و مەزهـەب هیـچ گرووپێـک ناکاتـە کەمینـە لـە کۆمەڵگـەدا و ناکرێـت بخرێنـە نێـو چوارچێـوە و پرسـی کەمینەکانـەوە.

**چوارچێوەی یاسایی**

لـەڕووی یاسـاییەوە، کەمینـەکان لـە چەندیـن ئاسـتدا، بەچەنـد چوارچێوەیەکـی یاسـایی مافەکانیـان پارێـزراوە و دەسـتەبەرکراوە. لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی و یاسـا و رێککەوتننامـە نێودەوڵەتییەکانـی وەک:

چارتـەری نەتـەوە یەکگرتووەکانـی سـاڵی 1945. رێککەوتننامـەی تایبـەت بـە نەهێشـتنی تاوانـی جینۆسـایدی سـاڵی 1948. رێککەوتننامـەی تایبەت بـە قەدەغەکردنـی بێـگاری سـاڵی 1957. رێککەوتننامـەی تایبـەت بـە نەهێشـتنی جیـاکاری لـە بـواری خوێندنـدا سـاڵی 1960. رێککەوتننامـەی نێودەوڵەتـی بـۆ نەهێشـتنی هەمـوو شـێوازەکانی جیاکاریـی رەگـەزی سـاڵی 1965. پەیماننامـەی نێودەوڵەتیـی تایبـەت بـە مافـە مەدەنـی و سیاسـییەکان سـاڵی 1966. پەیماننامـەی نێودەوڵەتـی مافـە ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و کولتوورییـەکان سـاڵی 1966. رێککەوتننامـەی مافەکانـی منـداڵان سـاڵی 1989. راگەیانـدراوی یونسـکۆ تایبـەت بـە رەگـەز و جیاکاریـی رەگـەزی سـاڵی 1987. رێککەوتننامـەی تایبـەت بـە گەلانـی رەسـەن و خێڵـەکان لـە وڵاتـە سـەربەخۆکان سـاڵی 1989. رێککەوتننامـەی ئەوروپـی بـۆ پاراسـتنی مافەکانـی مـرۆڤ و ئازادییـە بنەڕەتییـەکان، کـە لـە سـاڵی 1953 کەوتووەتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە و، لـە بەنـدی 14ی خۆیـدا بـاس لـە مافـی کەمینـەکان دەکات. چارتـی ئەفریقـی بـۆ مافەکانـی مـرۆڤ لـە سـاڵی 1981 کـە جەخـت لەسـەر

نەهێشـتنی جیاکاری بـە هـۆی ئاییـن، رەگـەز، رەنـگ و زمان یـان بۆچوونی سیاسـی دەکاتـەوە. رێکخـراوی کۆنگـرەی ئیسـلامی کـە جەخـت لەسـەر پاراسـتنی مافـی کەمینـەکان و نەهێشـتنی هـەر جـۆرە جیاکارییـەک دەکاتـەوە. سـتاتۆی رۆمـای دادگای نێودەوڵەتیـی تـاوان 1998. چارتـەری عەرەبـی بـۆ مافەکانـی مـرۆڤ 2004.

بەشـێوەیەکی گشـتی، دەتوانیـن کـۆی مافـی کەمینـەکان بەپێـی ئـەو رێککەوتننامـە و چـارت و راگەیەندراوانـە لـە سـێ خاڵـی سـەرەکیدا چڕبکەینـەوە کـە بریتیـن لـە:

1 - مافـی پارێزراوبـوون و نەهێشـتنی جیـاکاری: ئـەم مافـە بریتییـە لـە مافـی پاراسـتنی سـەلامەتیی جەسـتەیی و قەدەخەکردنـی جینۆسـایدی کەمینـەکان. هەروەهـا نەهێشـتنی جیـاکاری لـە نێـوان کەمینـەکان و زۆرینـەی کۆمەڵگـە.

2 - مافـی پاراسـتنی ناسـنامە: هـەر کەمینەیەکـی ئایینـی، یـان ئیتنیکـی و نەتەوەیـی و ... مافـی پاراسـتنی ناسـنامەی خـۆی هەیـە.

3 - مافـی بەشـداریی سیاسـی: لـە زۆربـەی ئـەو رێککەوتننامانـەی کـە ئاماژەیـان بـۆ کـرا، جەخـت لەسـەر مافـی کەمینـەکان بـۆ بەشـدارییان لـە درووسـتکردنی بڕیـار و بەڕێوەبردنـی کاروبـاری گشـتیی وڵات لەپاڵ زۆرینـە و گرووپەکانـی دیکـەدا کراوەتـەوە. (3)

جگـە لـەم رێککەوتننامـە و راگەیاندنـە نێودەوڵەتییانـە، دەسـتووری عێراقیـش ئامـاژەی بـە کەمینـەکان کـردووە و زاراوەی (پێکهاتـە)ی لەبـری (کەمینـەکان) دانـاوە و، لـە چەندیـن مـاددەی ئـەم دەسـتوورەدا راسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ بـاس لـە کەمینـەکان کـراوە. بـەڵام ئـەم باسـکردنە پـڕە لـە ناکۆکـی و لـە جێبەجێکردنـدا رووبـەڕووی کێشـە و گرفتـی زۆر بووەتـەوە. جگـە لـە دەسـتووری عێراقـی، یاسـای ژمـارە (5) ی (پاراسـتنی مافـی پێکهاتـەکان لـە کوردسـتان-عێراق) ی سـاڵی 2015

---

3 - ئازاد وەلەدبەگی، 2017، پاراستنی مافی کەمینەکان لە یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا، ماڵپەڕی پێنووس. بەرواری سەردانیکردن، 2/2/2021.

مافــی کۆمەڵــە نەتەوەییەکانــی وەک (تورکمــان، کلدانــی، ســریانی، ئاشــووری و ئەرمــەن) و کۆمەڵــەی ئاییــن و ئایینزاکانــی وەک (مەســیحی، ئێــزدی، ســابیئەی مەندائــی، کاکەیــی، شــەبەک، فەیلی، زەردەشــتی و هیی دیکــە) ی لەخۆگرتــووە. جگــە لــەم یاســایە، یاســای زمانــە فەرمییــەکان لــە هەرێمــی کوردســتان-عێراق ژمــارە (6) ی ســاڵی 2014 یەکێکــە لــەو یاســایانەی کــە بــۆ پاراســتنی زمانــی کەمینــە و گرووپەکان پەســەندکراوە. کەمینــەکان بەگشــتی لەرێگەی کۆمەڵێــک رێککەوتننامــە و راگەیێندراوی نێودەوڵەتییــەوە مافەکانیــان پارێــزراوە ، هەرێمــی کوردســتانیش لەســەر بنەمــای ئــەم کــۆد و یاســا نێودەوڵەتییانــە چەنــد یاســایەکی پەیوەســت بــەو کەمینانــەی دەرکــردووە بەمەبەســتی پاراســتنی مافەکانیــان، هــەر لــە پارێزگاریکــردن لــە ناســنامەیان تاوەکــوو بەشــداریی سیاســی و رێگــری لــە جیــاکاری دەرهەقیــان. ســەرەڕای ئــەوەش لــە دامــەزراوەی یاســادانانی کوردســتاندا (11) کورســی پەرلەمانــی وەک کۆتــا بــۆ پێکهاتە و کەمینــەکان تەرخانکــراوە.

## ئایین و کەمینەکان لە هەرێمی کوردستان

پرســی کەمینــەکان بەگشــتی لــە هەرێمــی کوردســتاندا، بــە یاســایی و دامەزراوەیــی بــووە، بــەڵام لــە ئاســتی پێویســت و خواســتی خــودی کەمینەکانــدا نییــە. وێنەکــە بەمشــێوەیە کــە لــە ســەرەوە و لەســەر ئاســتی دەزگا، زەمینــەی قبوڵکــردن و مامەڵەکردنــی بــە یاســایی بــۆ رەخســێنراوە، بــەڵام لــە هەندێــک ئاســتی دیکــە و لــە خــوارەوەی دامــەزراوەکان و هەندێــک کەرتــی کۆمەڵایەتــی، ئــەم زەمینەســازییە لاواز و لەرزۆکــە و، لەلایــەن بەشــێک لــە پیاوانــی ســەر بــە گرووپــە ئیســلامییەکان هێرشــیان دەکرێتەســەر و ناســنامەکەیان رووبــەڕووی هەڕەشــە دەبێتــەوە، بەتایبــەت کاکەیــی و ئێزدییــەکان. ئــەم وێنەیــە کاتێــک گەورەتــر و مەترســیدارتر دەبێــت کــە کاکەییــەکان خواســتی

دانپێدانانــی فەرمــی بــە پێگــەی یاســایی و ناســنامەکەیان دەبێــت و دەیانەوێت کۆتایی بەو دۆخە بێنن کە وەک کەمینەیەکی ئایینی لاواز و پەراوێزخــراو وێنابکرێــن[4].

دیــارە مەبەســت لــە پێگــەی یاســایی بریتییــە لــە پاراســتنی شــکۆ و رەهەنــدی کۆمەڵایەتییانــەی ئــەم گرووپانــە لەنــاو کۆمەڵگــەدا و پارێزگاریکــردن لێیــان تاوەکــوو لەلایــەن ئیســلامییە توندڕەوەکانــەوە بەئاسانی هێرشیان نەکرێتەسەر و رای گشتی و شەقام و موسوڵمانان جــۆش وهاننەدرێــن بــۆ لەباربردنــی ئــەو پێکەوەژیــان و تێگەیشــتنەی تــا ئێســتا لەنێــوان ئایینــە جیــاوازەکان لــە هەرێمــی کوردســتاندا هەیــە. بەشێک لە گرووپە ئیسلامییە توندڕۆکان لەڕووی گوتارەوە، هەوڵی ئــەوە دەدەن کــە ئێــزدی، کاکەیــی و مەســیحییەکان بــە بێبــاوەڕ یــان شەیتانپەرســت وێنــا بکــەن و هانــی موســوڵمانان دەدەن، لــەڕووی کۆمەڵایەتییــەوە بایکۆتــی ئــەم ئاییــن و بیروبــاوەڕە جیاوازانــە بکــەن، مامەڵەیان لەگەڵدا نەکەن و کاریان پێنەدەن و لێیان دووربکەونەوە. هەرچەنــدە مەســیحییەکان لــە پارێزگایەکــی وەک هەولێــر کــە پایتەختــی هەرێمــی کوردســتانە، خــاوەن ســنووری جوگرافــی تایبــەت بەخۆیانــن و تائێســتا رووبــەڕووی هیــچ هێــرش و پەلامارێــک نەبوونەتــەوە لەلایــەن کەســانی ســەر بــە ئایینەکانــی دیکــەوە. هەڵبــەت بــۆ کاکەیــی و ئێزدییەکانیــش بەهەمــان شــێوە بــووە، چونکــە لــەڕووی کردارییــەوە دەســەڵات و حکومــەت ئــەو دەرفەتــەی بــە کــەس نــەداوە و پارێــزگاری لــە کەمینــەکان دەکات. زیاتــر گوتــاری رق و هێــرش بــۆ ســەر کەمینــەکان تاکەکەســین و لــە ئاســتی میدیــا و بەشــێوەیەکی بچــووک و مەعنــەوی دەبینرێــت و هەســتی پێدەکرێــت.

هەرچەنــد لەکاتــی هاتنــی داعــش و لەکاتــی هێــرش و پەلامــار و کۆمەڵکــوژی و جینۆســایدی ئێزدییــەکان لەلایــەن داعشــەوە، بەشــێک

4 - Hosseini, S., 2018. The Kaka ʻi: A religious minority in Iraq. Contemporary Review of the Middle East, 5(2), pp.156-169.
https://journals.sagepub.com/doi/abs/10.1177/2347798918762200

لە بکەرەکان کوردبوون و وەک کوردێکی موسوڵمان ڕەوایەتییان بە تاوانەکە دەدا و لەسەر بنەمای ناسنامەی ئیسلامبوون و کافربوون، کوشتار و تاوانە قێزەون و دژ بە مرۆڤایەتییەکانیان ئەنجامدەدا و خودی تاوانەکەیان بەرهەمدەهێنایەوە، بەڵام نابێت ئەم حاڵەتە تایبەتە لەسەر کۆمەڵگەی کوردستانی و دەسەڵاتی کوردی هەژمار بکەین. بەشێوەیەکی گشتی، مۆدێلی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان لە کوردستان بووە بە نموونەیەکی باڵا و ناوازە لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. دەکرێت بڵێین هەرێمی کوردستان، پەناگەیەکی ئارام و پارێزراوە بۆ سەرجەم پێکهاتەکان و دەسەڵاتی کوردی و حکومەت و پەرلەمان و ناوەندەکانی دیکەی بڕیاردان و ڕۆڵی باڵا و کاریگەرییان لەسەر ئاستی گشتی بۆ بەرهەمهێنانی کولتوور و فەرهەنگی پێکەوەژیان هەیە.

## پارتە سیاسییەکان و کەمینەکان

پارتە سیاسییەکان وەک ئۆرگان و ئەکتەرێکی سیاسی مەدەنی و هاوچەرخ ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بەمەدەنیکردن و نوێنەرایەتیکردنی ناسنامەی جیاواز و ناچوونیەک لە کۆمەڵگەدا و دواتر گەیشتن بە دەسەڵات و کارکردن بۆ پاراستنی فرەیی و پلۆرالیزم هەیە. پارتە سیاسییەکان لە سادەترین پێناسەدا: "کۆمەڵە خەڵکێکن کە لە ڕێکخستنێکی سیاسی تایبەت بەخۆیاندا کۆدەبنەوە. بەرنامەیەک یان ئایدیۆلۆژیایەک بەیەکەوەیان گرێدەدات بە ئامانجی گەیشتن بە دەسەڵات یان بەشداریکردن لە دەسەڵات یان پاراستنی ئەگەر لە دەسەڵات بوون" [5]. دروستبوونی پارتە سیاسییەکان و کۆمەڵەکان لە هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتاوە پێگە و ستاتۆی بە بەشێک لە

5 - بەهادین ئەحمەد موحەممەد، 2007، پارتە رامیارییەکان، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی.

پێکهاتـەکان داوە و لەسـەر ئاسـتی سـەرکردایەتی و بنکەکانـی خـوارەوە شـوێن و دەرفەتـی بـە پێکهاتـەکان بەخشـیوە. لـە حکومەتەکـەی شـێخ مەحمـوودی نەمـر لـەدوای جەنگـی یەکەمـی جیهانی، پێکهاتەکان لەسـەر ئاسـتی وەزیـر بەشـداربوونە لەوانـە (کەریمـی عەلەکـە) کـە کریسـتیان بـووە و وەزیـری دارایـی بـووە و دواتـر لـە شۆڕشـی ئەیلوولـدا بەهەمـان شـێوە بەشـێک لـە پێکهاتەکانـی کوردسـتان تێیـدا خـاوەن ڕۆڵ و پێگـە بوونـە، وەک باوکـە پۆڵـس بێـداری ناسـراو بـە (ابونـا) کـە مەسـیحی بـووە و ئەندامـی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش بـووە. (فرەنسـۆ هەریـری) بەهەمـان شـێوە کادیـری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـووە و کریسـتیان بـووە. (جەرجیـس فەتحوڵڵا) سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی خەباتی زمانحاڵـی پارتـی دیمۆکراتـی کوردسـتان و بەرپرسـی پەیمانگـەی کادیـران لـە شۆڕشـی ئەیلوولـدا کریسـتیان بـوو.

ئێسـتاش، بەشـێک لـە پارتـە سیاسـییەکانی هەرێمـی کوردسـتان لەوانـە پارتــی دیموکراتــی کوردســتان، لــە ئاســتی ســەرکردایەتی و ئەندامانــی ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی و مەکتەبــی سیاســی کەســانی ســەر بــە پێکهاتەکانــی وەک مەســیحی، تورکمــان و ئێــزدی تێدایــە و لەئاســتی ڕێکخســتنەکانی خــوارەوەش بەهەمــان شــێوە پێکهاتــە جیاوازەکانــی هەرێمــی کوردســتان لەخۆدەگــرن، بــۆ نموونــە: (ڕێبــوار یەڵــدا) کــە کریســتیانە و ئەندامــی ســەرکردایەتی پارتــی دیموکراتــی کوردســتانە، (مەحمـوود ئێـزدی) بەهەمـان شـێوە ئەندامـی سـەرکردایەتییە و ئێزدییە. (شــێخ داود شــنگالی) ئەندامــی ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی یەکێتــی نیشـتیمانی کوردسـتانە و ئێزدیـە، (ئەمیـن بابـە شـێخ) ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی و گوتەبێژی مەکتەبی سیاسـی یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتانە و ئێزدیـە. چەنـد پارتێکـی تریـش بەهەمـان شـێوە، بەتایبـەت پارتـە سیاسـییە سـێکیولار و چەپەکانـی هەرێمـی کوردسـتان، لەسـەر ئاسـتی گوتـار و دیـد و ڕوانیــن و پەیــام بەگرنگییــەوە و وەک پایەیەکــی ســەرەکی کۆمەڵگــە لێیــان دەڕوانــن. زۆرینــەی پارتــە سیاســییەکانی هەرێمــی کوردســتان

هەڵگری پەیامی پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە پێکهاتە جیاوازەکان و بەها بەخشین بە ڕۆڵ و بوون و بەشدارییان لە کایە و سێکتەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردین. تائێستا هیچ حزب و پارتێکی سیاسی، کۆمەڵە و ڕێکخراوێک بەفەرمی دژایەتی خۆی بۆ هیچ پێکهاتەیەکی جیاواز لە هەرێمی کوردستان دەرنەبڕیوە و دژایەتی نەکردووە و پەیامێکی نەرێنی لە دژیان بڵاونەکردووەتەوە. ئەم ستراتیژ و دنیابینییەی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هەوڵێکی شارستانی و زەمینەیەکی لەبارە بۆ قووڵترکردنەوە و پتەوکردنی ڕەگوڕیشەکانی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان و ڕێزگرتن لە سەرجەم پێکهاتە و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستانی. لەلایەکی دیکەوە، ئەم مامەڵەیەی پارتە سیاسییەکان لە بەرامبەر پێکهاتەکان، لەڕووی یاساییەوە هاوشانە لەگەڵ ئەو بنەما و پێوەرانەی یاسا و نۆرمە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی کەمینەکان دیارییانکردووە.

سەرەڕای ئەوەی کە لەڕووی سیاسی و دیموکراسییەوە پێگەی هەرێمی کوردستان و گەشەپێدانی سیاسی دەباتە پێشەوە و پایەکانی کولتووری سیاسی و دیموکراسی لە هەرێم بەهێزتر و فراوانتر دەکات. بەکورتی دەکرێت سیاسەتی پارتە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر پێکهاتەکان بەمشێوەیە بخەینەڕوو: پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئامانجە نیشتیمانییەکانی خۆیدا بەمشێوەیە دیدی خۆی لە بەرامبەر پێکهاتەکان خستووەتەڕوو: "مسۆگەرکردنی مافە نەتەوەیی و کولتووری و ئیدارییەکانی تورکمان و کلدان سریان ئاشووری و ئەرمەن. دابینکردنی مافی هەر پێکهاتەیەکی ئایینی و مەزهەبی (لە جێبەجێکردنی سرووتە ئایینییەکان و دامەزراندنی ئەنجوومەن) بۆ پەرەپێدان و ڕێکخستنی کاروبارە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانیان و گەشەپێدانیان لە هەرێمی کوردستان."[(6)] یەکێتی

6 - ماڵپەڕی فەرمی پارتی دیمۆکراتی کوردستان
https://www.kdp.info/p/p.aspx?p=6&l=13&s=010000&r=347

نیشـتیمانی کوردسـتانیش سیاسـەت و روانینـی خـۆی لـە بەرامبـەر پێکهاتەکانـدا وەهـا خسـتووەتەڕوو: "یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان بـاوەڕی وایـە کـورد تاکـە قوربانـی دەسـتی رژێمـی عێـراق نەبـوون و کار بـۆ پاراسـتنی مافـی کەمینـەکان دەکات لـە عێراقـدا. لەمبارەیـەوە کار لەگـەڵ نوێنـەری جڤاتـی تورکمـان و ئاشـووریەکاندا دەکات و رێـز لـە هەمـوو جڤاتـە سیاسـی و کولتـووری و قەومییـە جیـاوازەکان دەگرێت[7] بزووتنـەوەی گۆڕانیـش لـە ئامانجـە نیشـتیمانییەکانیدا، روانینـی خـۆی لـە بەرامبـەر پێکهاتەکانـدا بەمشـێوەیە خسـتووەتەڕوو:" تێگەیشـتنێکی نـوێ بـۆ چەمکـی کوردسـتانیبوون لەسـەر بنەمـای هاووڵاتیبـوون بـە جۆرێـک هەمـوو دانیشـتووانی کوردسـتان بگرێتـەوە، سـەر بـە هـەر نەتـەوە، ئاییـن، مەزهـەب و بیروباوەڕێکـی سیاسـی و ناسیاسـی بـن. بەرپەرچدانـەوەی هەمـوو گوتـار و رەفتـار و ئاکارێکـی نامەدەنـی دەرهـەق بـە تورکمـان، عـەرەب، کلـدۆ ئاشـووری و هاووڵاتیانـی سـەر بـە نەتـەوە و ئایینەکانـی تـر لـە کوردسـتاندا. سـەلماندنی مافـە سیاسـی و کارگێڕی و کولتـووری و پەروەردەییەکانی تورکمـان، عـەرەب، کلدۆئاشـوورییەکان. دابینکردنـی قوتابخانـەی تایبـەت بـە زمانـی دایـک بـۆ منـداڵ و نـەوە نوێیەکانیـان. دابینکردنـی ژینگەیەکـی کۆمەڵایەتیـی تەندروسـت کـە تێیـدا پێکەوەژیانـی ئاشـتیانە لەنێـوان موسـوڵمانان و مەسـیحی و ئێـزدی و کاکەیـی مسـۆگەر بـکات."[8]

دواتـر یەکگرتـووی ئیسـلامی کوردسـتان وەک پارتێکـی ئیسـلامی، لـە ئامانجەکانـی خۆیـدا، بەمشـێوەیە سیاسـەت و سـتراتیژی خـۆی بـۆ پرسـی کەمینـەکان دەخاتـەڕوو: "پشـتگیریکردنی مافـە سیاسـی، مەدەنـی، نەتەوەیـی و ئایینییەکانـی نەتـەوەی تورکمـان، کلدۆسـریان و ئاشـووری و عـەرەب و ئێـزدی و کاکەیـی و سـەرجەم پێکهاتـە ئایینـی

7 - ماڵپەڕی زانیاری
https://zaniary.com/blog/5d55494d4b6e4
8 - ماڵپەڕی فەرمی بزووتنەوەی گۆڕان
file:///C:/Users/Lenovo/Downloads/programsyasegoran2013NEW.pdf

و مەزهەبــی و نەتەوەییەکانــی تــری گەلــی کوردســتان."[9] بەگشــتی زۆرینــەی پارتــە سیاســییەکانی هەرێمــی کوردســتان، بــە جیاوازیــی ئایدۆلۆژیــا و هێڵــی فکــری و بیروبــاوەڕ و بەرنامــەی کاریانــەوە، لــە ئیســلامییەوە بــۆ ناسیۆنالیســت و سۆشــیالدیمۆکرات، لــە ئامانــج و گوتارەکانیانــدا، پاڵپشــتی و بەرگــری لــە بــوون و مافــە سیاســی و کۆمەڵایەتــی و کولتــووری و فەرهەنگییەکانــی ســەرجەم پێکهاتــە جیاوازەکانی کوردســتان دەکــەن و هیچ کامێکیان سیاسەتێکی نــاڕوون و نەرێنییــان لــە بەرامبــەر ئــەم پێکهاتانــەدا نییــە ، ئەمــەش هــەوڵ و زەمینەســازییەکی گرنگــە بــۆ دروســتکردنی ژینگەیەکــی کۆمەڵایەتــی و سیاســی لەبــار و قووڵکردنــەوەی ماناکانــی پێکەوەژیــان و رێزگرتــن لــەو پێکهاتانــەی کــە رۆژگارێکــە لــەم وڵاتــە دەژیــن و خــاوەن مێــژوو و رابردوویەکــی دێریــن و لەمێژینــەن. رەنگــە لــە ئاســتی کردارەکــی و لــە ئاســتی بەشــداریی سیاســیدا، هەمــوو پێکهاتــەکان لــە هەمــوو جومگــە و ناوەنــد و کەناڵەکانی بڕیاردانــدا وەک پێویســت و بەبەراورد بــە مێــژوو و قەبــارە و رێژەیــان بەشــدارییان پێنەکرابێــت و بۆشــایی و کەموکــووڕی هەبێــت، بــەڵام لــە ئاســتی گوتــار و پەیــام و ئەدەبیاتــدا، زۆرینــەی پارتــە سیاســییەکانی هەرێمــی کوردســتان وەک رێکخراوێکــی مەدەنــی و سیاســی، پەیــام و دەستپێشــخەرییەکی ســەردەمییانە و ئاشــتیخوازانە و لۆژیکیانەیــان هەیــە لــە بەرامبــەر بــوون و رۆڵــی پێکهاتــەکان و شــێوازی خۆڕێکخســتن و گەیشــتنیان بــە مافەکانیــان. ئــەم هەنگاو و ســتراتیژەش، یەکێکــە لــە پایــە و کۆڵەکەکانی ژیانــی دیموکراســی لــە جیهانی ئێســتادا.

## مامەڵەی میدیای کوردی لە بەرامبەر کەمینەکان

میدیــا و راگەیانــدن وەک دەســەڵاتی چــوارەم، ناوەندێکــی گرنــگ و

9 - ماڵپەڕی فەرمی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
file:///C:/Users/Lenovo/Downloads/programsyasegoran2013NEW.pdf

کەناڵێکـی هـەرە کاریگـەری جۆشـدان و هاندانـی کۆمەڵگـە و ئەکتـەرە کۆمەڵایەتییەکانـی نـاو کۆمەڵگەیـە بـۆ مەسـەلەی پێکەوەژیـان و یەکترقبووڵکـردن و ڕێزگرتـن لـە جیاوازییەکانـی یەکتـر و داننـان بـە بـوون و تایبەتمەندییەکانـی یەکـدی. یەکێـک لـە ئەرکـە هـەرە بنەڕەتییەکانـی میدیـا، پـەروەردە و ڕۆشـنبیرکردنی تـاک و کۆمەڵگەیـە. ناردنـی پەیـام و گرێدانـەوەی تاکەکانـی کۆمەڵگەیـە بەیەکتـرەوە. یەکێـک لـە بنەماکانـی کارکردنـی میدیـا، هەمەچەشـنی و هەمەجۆربوونیەتـی. واتـە لـەڕووی وەرگرەکانییـەوە دەبێـت بـۆ هەمـوو کەسـێک بێـت بەبـێ جیـاوازی ئایدیۆلـۆژی، دەنـگ، ڕەنـگ و زمـان و نەتـەوە و ...هتـد. [10]

میدیـای کـوردی لـەدوای قۆناغــی ڕاپەڕینـەوە تـا ئـەم چرکەسـاتەی ئێسـتا، بەچەندیـن قۆنـاغ و وێسـتگە و بارودۆخـدا تێپەڕیـوە. هـەر قۆناغێـک ڕەنگدانـەوەی دۆخێکـی تایبەتـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی بـووە و گوزارشـتی لـەو دۆخـە تایبەتـە کـردووە و بەزمانـی ئـەو سـەردەمەش گفتوگـۆی لەگـەڵ وەرگرەکانـی کـردووە و پەیامەکانـی ناردووە. ئەمـەش ڕەنگدانـەوە و کاریگـەری لەسـەر هەمـوو گـرووپ و پێکهاتـە و ئەندامانـی کۆمەڵگـەی کوردسـتانی هەبـووە هـەر لـە پێکهاتەکانـەوە تـا دەگاتـە ئەندامانـی سـەر بـە یـەک گـرووپ. لـە دوای سـەرهەڵدانی میدیـای ئـازاد و ڕووخانـی بەعـس، دۆخێکـی تـازە دێتەکایـەوە. گەشـەی تەکنەلۆژیـا و گەیشـتنی میدیـای نـوێ بـە ناوچەکـەی ئێمـە و زیادبوونـی ژمـارەی ناوەنـدە میدیاییـەکان بـە هەمـوو جـۆر و فۆرمەکانییـەوە بـە میدیـای کلاسـیکی و نوێیـەوە، مامەڵەیەکـی تـازە و ڕەفتـاری تـازەی لەبەرامبـەر پێکهاتـەکان بەتایبـەت هێنایەکایـەوە. بەتایبەتیـش کاتێـک لـە میدیـای نوێـدا وەرگـر و نێـرەر، ئـەرک و ڕۆڵ و ماناکانیـان دەگۆڕێـت و هاووڵاتـی ڕۆژنامـەوان لەدایـک دەبێـت و دەرگایەکـی گـەورە دەکرێتـەوە بـە ڕووی تاکـدا بۆئـەوەی بەئاسـانی بیـروڕا و پەیـام و بۆچوونەکانـی خـۆی

10 - د.نەزاکەت حسێن. 2018، میدیای نیشتیمانی یان میدیای خزمەتگوزاری گشتی، ماڵپەڕی کوردستانی نوێ. بەرواری سەردانیکردن: 12/2/2021 - https://knwe.org/?p=8986

بگەیەنێـت. ئەمـەش لـە هەندێـک گۆشـەدا، پێکهاتـەکان رووبـەڕووی هەڕەشـە و سـووکایەتی دەکاتـەوە، بەتایبـەت پێکهاتەکانـی وەک ئێـزدی و کاکەیـی لەلایـەن هەندێـک لـە تـاک و کەسـایەتی و گرووپـە ئیسـلامییە توندڕەووەکانـەوە لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا. بەشـێوەیەکی گشـتی دەکرێـت شـێوەی کارکـردن و رەفتـاری میدیـا کلاسـیکییەکانی وەک بینـراو، بیسـتراو و خوێنـراو لەبەرامبـەر پێکهاتەکانـدا بـۆ دوو ئاسـتی سـەرەکی دابەشـبکەین:

1 - لـەڕووی دەرفەتـدان بـە پێکهاتـەکان و تەرخانکردنـی کات و بەرنامەی تایبـەت بـۆ گوزارشـتکردن لـە بـوون و مێـژوو و یـادەوەری و رابـردوو و بیرکردنـەوە و مانەوەیـان لەنـاو کۆمەڵگـە، سـرووت و تایبەتمەنـدی و شـێوەی ژیـان و بەشـداریی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و پاراسـتنیان لەلایـەن دەسـەڵاتەوە وەک پێویسـت نییـە و هێشـتا ناوەندەکانـی میدیـا نەیانتوانیـوە ئـەو دەرفەتـە گەورەیەیـان پێبـدەن، زۆرینـەی خـاوەن میدیـای کاریگـەر و سـەربەخۆ و تایبەتمەنـد بەخۆیـان نیـن و ئەگـەر هەشـبێت لەئاسـتی پێویسـتدا نییـە. هەرچەنـدە، چەنـد هەوڵێـک هـەن بـۆ راهێنانـی رۆژنامەوانـان و چالاکوانـان بـۆ پابەندبـوون بـە بنەماکانـی کارکـردن و رەچاوکردنـی دۆخـی پێکهاتـەکان لەکاتـی رووماڵ و کاری میدیاییانـدا و هۆشـیارکردنەوەیان لەسـەر رێزگرتـن لـە مافـی ئـەو پێکهاتانـە.

2 - خـودی پەیامـی میدیاکـە لەبەرامبەر پێکهاتەکاندا بەگشـتی پەیامێکی ئەرێنـی و دڵخۆشـکەر و رێزلێگـراوە و پابەنـدن بـە قووڵکردنـەوەی بنەماکانـی پێکەوەژیـان و رێزگرتـن لـە تایبەتمەندییەکانیـان، بـەڵام لـە هەندێـک حاڵەتـی کـەم و بڕگـەی بەرنامـەدا بـە ناڕاسـتەوخۆ و هەندێکجار بەبـێ ویسـت هێـرش و سـووکایەتی بـە یەکێـک لـە پێکهاتـەکان دەکرێـت و رێـز لـە تایبەتمەنـدی و بیرکردنـەوە و کەسـایەتی مەعنـەوی و رابردوویـان ناگیرێـت.

بەشـێوەیەکی گشـتی مامەڵـەی میدیـای کـوردی و ناوەنـدە میدیاییـەکان

لــەڕووی چۆنیەتییــەوە، ئەرێنــی و دوور لــە زەبروزەنــگ و هێرشــکردن و ناوزڕاندنــی پێکهاتەکانــە، بــەڵام لــەڕووی چەندایەتییــەوە لــە ئاســتی پێویســتدا نییــە و گوزارشــت لــە قەبارە و ڕێــژە و ڕۆڵ و مێژوو و ڕابردووی ئــەم پێکهاتانــە نــاکات لــە هەرێمــی کوردســتاندا و پێکهاتــەکان خــاوەن کەناڵێکــی کاریگــەری ســەربەخۆ نیــن بــۆ گوزارشــتکردن لــە کــۆژان و ئــازار و خواســت و داواکاری و ناســنامەیان.

**کولتووری کوردی چۆن لە کەمینەکان دەڕوانێت؟**

کولتــووری کــوردی بەگشــتی لەبەرامبــەر پێکهاتەکانــدا کولتــوور و فەرهەنگێکــی کــراوە و نــەرم بــووە. کــراوە بــەو مانایــەی کــە کولتــووری کــوردی لەڕابــردوو و ئێســتادا، هیــچ کاردانــەوە و بەرپەرچدانــەوە و هەڕەشــەیەکی کۆمەڵایەتــی گــەورەی نەبــووە بــۆ ســەر ژیــان، ڕابــردوو و ســەرمایە و جیاوازییەکانــی پێکهاتــەکان. هــەر لــە دێرزەمانــەوە نەتــەوەی کــورد لــەم خــاک و زەمینــەدا لەگــەڵ پێکهاتــە و گرووپــە جیــاوازەکان بەئاشــتی و ئارامــی ژیــاوە و مامەڵەیەکــی شارســتانیانەیان لەگــەڵ یەکتــردا کــردووە و ئــەم شــێوە ژیانــەش ڕەگوڕیشــەکەی لــە کولتــووری کوردییــەوە هەڵقــوڵاوە و ســەرچاوەی گرتــووە و دواتریــش لــە ژیانــی ڕۆژانــە، پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییــەکان، مامەڵــەی بازرگانــی و هاوســێیەتی و بەشــداریکردن لــە بۆنــە و ناخۆشــییەکانی یەکتــر و چەندین ئاســتی دیکــەی پەیوەندیــی کۆمەڵایەتیــدا دەرکەوتــووە. تەنانــەت لــە هەندێــک بەشــی ئەدەبیاتــی ئێمــەدا، لــە شــیعر و ڕۆمــان و گێڕانــەوە و یادەوەرییەکانــدا، پێکهاتــەکان بەشــێوەیەکی ســیمبوڵی دەردەکــەون و پێگــە و شــکۆ و شــێوازی مامەڵەیــان پارێــزراو و ڕێزلێگیــراوە و، ئەمــەش دەرخــەری ئەوەیــە کــە کولتــووری کــوردی تاڕادەیەکــی زۆر کرانــەوە و ئامادەیــی تێدابــووە بــۆ لەخۆگرتنــی پێکهاتــە و گرووپــی جیــاواز.

تاوەکــوو ئێســتا لــە هەرێمــی کوردســتاندا، نەتــەوەی کــورد وەک

گرووپێکـی ئیتنیکـی هیـچ هەسـتیاری و پێکـدادان و گرژییەکـی لەگـەڵ پێکهاتەکانی تـردا نەبـووە چ پێکهاتـەی نەتەوەیـی و چ پێکهاتـەی ئایینـی، بەپێچەوانـەوە کولتـووری کـوردی بەشـێوەیەکی گشـتی ئامادەییەکـی زۆری تێدایـە بـۆ قبووڵکردنـی ئـەم پێکهاتانـە و دروسـتکردنی ژینگەیەکـی هاوبـەش و لەبـار و خۆگونجاندن لەگەڵ کولتـوور و نۆرم و بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتییانـەی ئـەم پێکهاتانـە. بەڵگـەش بـۆ ئـەم ئارگیۆمێنتـە، نموونـەی زۆری ساڵانێکی درێـژی پێکەوەژیانـی نەتـەوەی کـوردە لەگـەڵ هەریـەک لـە تورکمـان، مەسـیحی، کاکەیـی و پێکهاتەکانـی دیکـە بەبـێ ئـەوەی هیـچ ئاڵـۆزی و لێکتێنەگەیشـتن و رووبەڕووبوونەوەیـەک لەنێوان ئەکتـەرە کۆمەڵایەتییەکان و دەزگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان کـورد و پێکهاتـەکان روویدابێـت لەسـەربنەمای ناسـنامەی پێکهاتەکـەی یـان لەسـەر ئـەو بنەمایـەی کـە هەڵگـری تایبەتمەندییەکـی جیـاوازە لـە نەتـەوەی کـورد. لەهەندێـک حاڵەتـدا، ئاسـتی قبووڵکردنـی پێکهاتـەکان لەنـاو کولتـووری کوردیـدا گەیشـتووەتە رادەی پەیوەندییەکـی قووڵتـر و چڕتـر و پەیوەنـدی ژن و ژنخـوازی و هاوسـەرگیری و پێکەوەنانـی خێـزان و دراوسـێیەتی و خزمایەتییەکـی پتـەوی لێکەوتووەتەوە.سـەرەڕای مامەڵـەی بازرگانـی و مامەڵـەی رۆژانـە و تێکەولێکـەی ئابـووری و دروسـتبوونی متمانـەی ئابـووری و بازرگانـی کـە رەگورِیشـەکەی لەنـاو متمانـەی کۆمەڵایەتییـەوە دروسـتدەبێت و دواتـر فـراوان دەبێـت و ئاسایشـی کۆمەڵایەتـی لـێ بەرهەمدێـت.

هەمـوو ئـەم ئامـاژە و دەرخەرانـە مانـای ئـەوە دەدەن کـە کولتـووری کـوردی سـەرەڕای کەموکوڕییەکانـی، کرانـەوە و رێژەیەکـی بـەرزی قبووڵکردنـی پێکهاتەکانی تێدایـە و بەئاسـانی و بەبـێ کێشـە لەگەڵیانـدا هەڵـدەکات و لەخۆیاندەگرێـت و هیـچ کێشـەیەکی کۆمەڵایەتـی و کولتـووری و فەرهەنگـی لەگەڵیانـدا نییـە و نابێتـە هەڕەشـە و مەترسـی بـۆ سـەر هیـچ کامێکیـان و ددان بـە ناسـنامەکەیاندا دەنێـت و رێـز لـە پەیکـەری کۆمەڵایەتـی و شـێوەی ژیـان و بیرکردنـەوە و بیروبـاوەڕ و

رابـردوو و ئێسـتایان دەگرێت و هەوڵـی سـڕینەوەیان نـادات. ئـەم نەرمی و لێبووردەییـەی کولتـووری کـوردی لەبەرامبـەر ناسـنامەی جیـاواز و پێکهاتـەکان لـە خـوارەوەی کۆمەڵگـەدا، پاڵنـەر و بزوێنەرێکـی چالاکـی کرانـەوەی دەسـتەبژێری سیاسـی کـوردی بـووە بـۆ خێراتـر و زووتـر داننان بـە مافـە سیاسـی و مەدەنییەکان و دەرفەتـدان بـە بەشـدارکردنیان لـە کایـەی سیاسـەت و ناوەندەکانـی بڕیـاردان، بەتایبـەت ئێسـتا وەزارەتێـک لـە کابینـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمـدا تەرخانکـراوە بـۆ کاروبـاری پێکهاتـەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکیـش لـە وەزارەتـی ئەوقـاف و کاروبـاری ئایینـی تەرخانکـراوە بـۆ کاروبـاری پێکهاتـەکان. ئـەم دەستپێشـخەرییەی حکومەتـی هەرێـم لـە ئاسـتی سـەرەوە، ئاڕادەیەکـی زۆر زەمینەسـازی و پاڵنەرەکـەی خـوارەوە و دامێنـی کۆمەڵگـە و کولتـووری نـەرم و کـراوەی کوردییـە لەبەرامبـەر پێکهاتەکانـدا کـە درێژبووەتـەوە بـۆ نێـو دەسـتبەژێری سیاسـی و دامـەزراوە سیاسـییەکان. لـە هەندێـک دۆخـی دیکەشـدا، لـە ئاسـتی سـەرەوە و دامـەزراوە و یاسـادا ویسـت و پـڕۆژەی رژد هەبـووە بـۆ پەرەپێدانـی ئـەم پێکەوەژیانـە. بەمـەش پڕۆسـەکە دوولایەنەیـە و هـەردوو ئاسـت، هـەم خـوارەوەی کۆمەڵگـە و هەمیـش دەزگاکان یەکتـر تـەواو دەکـەن و هانـی یەکتـر دەدەن بـۆ پاراسـتنی پێکهاتـەکان. بـۆ نموونـە: وەزیـری ئەوقـاف و کاروبـاری ئایینـی (د.پشـتیوان سـادق) لـە کابینـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتاندا سـەبارەت بـە پێکهاتـەکان، بەمشـێوەیە دۆخەکـەی وێنـا کـردووە: "پێکەوەژیانـی ئایینـی لـە کوردسـتان بووەتـە بەشـێک لـە کولتـووری هەمـوو پێکهاتـەکان، بـۆ ئەمـەش رۆڵـی مامۆسـتا و زانایانـی ئایینـی بـەرز دەنرخێنیـن ، ئێمـە خـاوەن مێژوویەکـی دێریـن و هاوبەشـین، هەموومـان خاوەنـی کوردسـتانین و پێکـەوەش پارێـزەری ئاشـتی و پێکەوەیـی و گیانـی خۆشەویسـتی و هـاوکاری دەبیـن".[11]

---

11 - ماڵپەڕی خەندان

https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=114010&babet=1&relat=1024

رەنگـە لـە رابـردوودا و ئێسـتاش لەنێـوان دوو تیـرە یـان دوو گرووپـی نێـو یـەک نەتـەوە یـان ئاییـن، ململانـێ و ناکۆکـی هەبووبێـت، بـەڵام لەنێـوان دوو نەتـەوەی جیـاواز و ئاییـن لـە هەرێمـی کوردسـتاندا هیـچ ململانێیەکـی وا نەبـووە کـە ببێتـە هـۆی یەکتـر سـڕینەوە و، تواندنـەوەی ناسـنامەی یەکتـر، بەتایبـەت لەنێـوان کـورد و نەتەوەکانـی دیکـە و کـورد وەک زۆرینەیەکـی موسـوڵمان لەبەرامبـەر ئایینەکانـی دیکـە. ئەمـەش دەرخـەر و ئاماژەیەکـی گرنگـی کولتـوور و فەرهەنگـی پێکەوەژیـان و رێزگرتنـە لـە پێکهاتـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتاندا. لەلایەکـی دیکـەوە، شـێوەی کارکـردن و قووڵبوونـەوەی ئـەم پێکەوەژیانـە لـە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان و بۆنـە ئایینییـە جیـاوازەکان و رۆڵـی مـەزار و نزرگـە و شـوێنە پیرۆزەکانـی نێـوان ئایینەکانـدا رەنگـی داوەتـەوە و بـووە بـە کۆکەرەوەیەکـی کاریگـەر لـە پێکەوەبەسـتنەوەی هەمـوو پێکهاتـەکان و بەشـداریکردن لـە خـەم و ئـازار و کۆژانەکانـی یەکتـر. هەڵبەتـە بەپێـی شـوێنگەی جوگرافـی و سرووشـتی کۆمەڵایەتـی خەڵکەکـە رێـژە و رادەی ئاشـتەوایی و پێکەوەژیـان و رێزگرتـن لـە پێکهاتـەکان گـۆڕانـی بەسـەردا دێـت، واتـە لـە زۆر شـوێن، پرسـی رێزگرتنەکـە ئەوەنـدە پتـەوە هیـچ دەرفەتێکـی بـۆ ناکۆکـی و پێشـێلکردنی مافەکانیـان نەهێشـتووەتەوە. بـۆ ئـەم مەبەسـتە دەکرێـت نموونـەی چەنـد شـوێن و جوگرافیـا و شـار و شـارۆچکەیەک وەربگریـن وەک دیمەنێکـی سـەرەکی لـە پانۆرامـای رێزگرتـن لـە پێکهاتـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتاندا بەمشـێوەیەی خـوارەوە:

یەکـەم: هەرمۆتـە و کۆیـە: هەرمۆتـە گوندێکی مەسـیحییەکانە لە نزیک کۆیـە و هـەر لـە کۆنـەوە موسـڵمانانیش تێیـدا ژیـاون و بەشـدارییان لـە خـەم و بۆنـە و کۆژانەکانـی یەکتـردا کـردووە و، پەیوەنـدی کۆمەڵایەتـی پتەویـان لەنێـوان خۆیاندا بنیاتنـاوە.[12]

---

12 - پێکەوەژیانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان. 2013، هیوا عومەر خۆشناو.
https://www.kurdipedia.org/files/books/2016/133570.PDF?ver=131170193420109563

دووەم: لـە سـلێمانی و کەرکـووک بەهەمانشـێوە مەسـیحی و جـووی تێـدا ژیـاوە و هەریەکەیـان بەکارێـک خەریـک بوونـە و ڕێزیـان لێگیـراوە، تەنانـەت (کەریمـی عەلەکـە) کـە مەسـیحی بـووە، وەزیـری دارایـی بـووە لـە حکومەتەکـەی شـێخ مەحمـوودی نەمـر. کەریمـی عەلەکـە بـەوە ناسـراوە کـە لـە کاتـی برسـێتی و هـەژاری و نـەداری و جەنگـدا، نانـی خەڵکـی داوە و لـە برسـێتی ڕزگاری کـردوون. ئـەم مامەڵـە و شـێوە پەیوەندییـە لـە زۆرینـەی ناوچەکانـی کوردسـتان بەڕێـژەی جیاواز هێشـتا مـاوە و دەبینرێـت.

سـێیەم: هاودیـان: هاودیـان سـەر بـە قـەزای سـۆرانە و سـەد سـاڵێک دەبێـت مەسـیحییەکان هاتوونەتـە ئـەو ناوچەیـە و تێیـدا ماونەتـەوە و پەیوەندییەکـی کۆمەڵایەتـی توندوتۆڵیـان لەگـەڵ کۆمەڵگـەی کـوردی دروسـتکردووە و تائێسـتاش ئـەم پەیوەندییـە درێـژەی هەیـە و لـە کاروبـاری ڕۆژانـەدا هـاوکاری و هەماهەنگـی یەکتریـان کـردووە، خۆیـان لەگـەڵ پەیکـەری کۆمەڵایەتـی و فەرهەنـگ و کولتـووری کۆمەڵگـەی کـوردی و جلوبـەرگ و دابونەریتـی کوردیـدا گونجانـدووە و لـەم گوندەدا هـەم مزگـەوت هەبـووە و هەمیـش کەنیسـە بەبـێ ئـەوەی لایـەن و هێزێـک هێـرش بکاتـە سـەر ئەویتریـان، یـان ببنـە مەترسـی و هەڕەشـە بـۆ سـەر بیروبـاوەڕی یەکتـر. ئـەم شـێوە ژیانـە وەک کۆڵەگەیەکـی سـەرەکی پێکەوەژیانـی ئاشـتییانەی نێـوان پێکهاتـەکان دەبینرێـت لـە هەرێمـی کوردسـتاندا. جگـە لـەم ناوچـە و دەڤەرانـە، چەندیـن ناوچـە و شـوێنی دیکـە هـەن پێکهاتـەی جیاوازیـان تێـدا دەژی و بوونـە بـە سـیمایەکی دیـار و نـاوازەی پرسـی پێکەوەژیـان و ڕێزگرتـن لـە پێکهاتـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتاندا. یەکێـک لـە تایبەتمەندییەکانـی دیکـەی پێکەوەژیـان و ڕێزگرتـن لـە پێکهاتـەکان لـە هەرێمی کوردسـتاندا پرسـی سـنوورە. سـنوور بـەو مانایـەی کـە پێکهاتـەکان هیـچ سـنوورێکی لۆکاڵییـان لەنێوانـدا نییـە و بەئاسـانی تێکـەڵ بـە کولتـوور و دابونەریتـی کۆمەڵگـەی کوردسـتانی بوونـە، بەتایبـەت لـە ناوچەکانـی شـێخان، کۆیـە،

بـەرواری و شـەقڵاوە، تاڕادەیەکیـش عەنـکاوە لـە پارێـزگای هەولێـر. بەگشـتی کولتـووری کـوردی هـەم لـە رابـردوودا وەک لـە سـەرەوە ئاماژەمـان بـۆ کـردووە و، هەمیـش لـە ئێسـتادا، کولتوورێکـی نـەرم و کـراوە بـووە لـە بەرامبـەر پێکهاتـەکان و دەرفەتـی تێکەڵبـوون و پێکەوەبـوون و کاری هاوبـەش و قووڵبوونـەوەی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانی پێداوە و، نەبووەتە هەڕەشـە و مەترسـی بۆ سـەریان و زەمینـەی ژیـان و بەرگریکـردن لـە ناسـنامە و پێگـەی کۆمەڵایەتـی و ئایینیـان پـێ بەخشـیوە. خـودی پێکهاتـە و ئەندامانـی نێـو پێکهاتـە جیاوازەکانـی کوردسـتانیش بەئاسـانی خۆیـان لەگـەڵ دابونەریـت و نـۆرم و رێسا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگـەی کوردسـتانی گونجانـدووە و دژایەتـی هیـچ یەکێـک لـە رەگەزەکانـی کۆمەڵگـەی کوردییان نەکـردووە، بەپێچەوانـەوە لـە زۆرینـەی کـردە کۆمەڵایەتییەکانـی ژیانـی رۆژانـە بەشـداری و ئامادەییـان هەبـووە هـەر لـە مەسـەلەی مامەڵـەی ئابووری و بازرگانـی تـا دەگاتـە مامەڵـەی کۆمەڵایەتـی و قووڵترکردنـەوەی پەیوەندییـەکان و درێژەپێدانیـان. ئـەم تۆلێرانـس و پێکەوەهەڵکردنـەی نێـو کولتـووری کوردی بەشـێوەیەکی ئۆرگانـی کاریگـەری و رەنگدانەوەی هەبـووە بەسـەر کـۆی پڕۆسـە و پرسـەکەدا و بـووە بـە بزوێنـەر و ئامێری بنەڕەتـی لـە فراوانکردنـی بابەتـی رێزگرتـن لـە گـرووپ و پێکهاتـەی جیـاواز و نـرخ و بەهـا بۆدانـان و قبووڵکردنـی پێگـە و سـتاتۆی تایبەتیـان. ئـەم شـێوە پێکەوەهەڵکردنـە لـە خـوارەوە و دامێنـی کۆمەڵگـە و کولتـووری کـوردی لەگـەڵ پێکهاتەکانـدا بەرزبووەتـەوە بـۆ سـەرەوە و بـۆ ئاسـتی دەزگا و دامـەزراوە و بـۆ نێـو دەسـتەبژێری سیاسـی و ئایینـی و، رۆڵـی هەبـووە لـە هەندەسـەی پێکەوەژیـان و پاراسـتنی پێکهاتـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتاندا.

## ئەنجام

سـەرباری کەموکـووڕی و بۆشـاییەکان، ڕەفتـاری کۆمەڵگـەی کوردسـتانی بەشـێوەیەکی گشـتی لـە بەرامبـەر کەمینـە و پێکهاتەکانـدا نموونـە و مۆدێلـی جـوان و پێشـەنگە لـە ناوچەکـەدا. ئـەم ڕەفتـار و مامەڵەیـەی کۆمەڵگـەی کوردسـتانیش لـە کەرتەکانـی (میدیـا، پارتـی سیاسـی، کولتـووری کـوردی و بیروبـاوەڕ و پەیڕەوانـی ئایینـی ئیسـلامدا) ڕەنگیداوەتـەوە و ڕەگوڕیشـەی خـۆی قایـم کـردووە. لـە 7/3/2021 دا و لـە سـەردانە مێژووییەکـەی پاپـای ڤاتیـکان بـۆ هەولێـر، پاپـا سوپاسـی هەرێمـی کوردسـتان و حکومـەت و کۆمەڵگـەی کوردسـتانی کـرد کـە باوەشـیان بـۆ کریسـتیانەکان کردووەتـەوە و مامەڵەیەکـی برایانـە و مرۆڤانەیـان لەگـەڵ هەمـوو ئاییـن و پێکهاتەکانـدا کـردووە و، ڕوویەکـی جوانـی ئاشـتی و پێکەوەژیـان و پێکەوەهەڵکردنیـان پیشـانداوە [13].

ئـەم دیـد و ستایشـەی پاپـای ڤاتیـکان وەک بەرزتریـن دەسـەڵاتی ڕۆحـی مەسـیحییەکان بـۆ پێکەوەژیانـی ئاشـتییانە لـە هەرێمـی کوردسـتان دەربـڕ و گوزارشـتە لـە ڕادە و ئاسـتی بـەرزی ئامادەبوونـی کۆمەڵگـەی کوردسـتانی بـۆ لەخۆگرتنـی پێکهاتـە و گرووپەکانـی دیکـە.

گرووپـی جیـاواز و پێکهاتـەکان پایـە و ڕاگرێکـی گرنگـی سیسـتمی کۆمەڵایەتـی و کۆمەڵگـەی کوردسـتانین و بەشـێکن لـە پڕۆسـەی پێکەوەژیـان و پێکەوەهەڵکـردن لـە هەرێمـی کوردسـتاندا. ئـەم پێکەوەژیانـە ڕەگوڕیشـە و مێـژوو و ڕابردوویەکـی دێرینـی هەیـە و سـەدان سـاڵە درێـژەی هەیـە. هەرێمـی کوردسـتان ئێسـتا پەناگـە و ماڵێکـی ئـارام و هێمنـە بـۆ سـەرجەم پێکهاتـە جیاجیاکانـی کوردسـتان و هیـچ سـەرچاوەیەکی هەڕەشـە و ئاڕاسـتەکراو چ لەناوخـۆ و چ لـە دەرەوەی هەرێـم بـۆ سـەر پێکهاتـەکان نییـە. بـە پێچەوانـەوە

---

13 - ماڵپەڕی ڕووداو
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/070320216

پێکهاتـەکان بەتایبـەت مەسـیحییەکان لـە ناوچەکانـی دیکـەی عێراقـەوە کـۆچ دەکـەن بـۆ هەرێـم و بەبـێ تـرس و بـە ئارامـی دەژیـن و درێـژە بـە ژیانـی ئاسـایی خۆیـان دەدەن، بـۆ نموونـە پێـش رووخانـی بەعـس ژمارەی مەسـیحییەکان لـە عێراقـدا زیاتـر لـە ملیـۆن و نیوێـک بـوو، بـەڵام دوای رووخانـی بەعـس نزیکـەی 150 هەزاریـان ماونەتـەوە و ئەوانـی دیکـە هەموویـان کۆچیـان بـۆ هەرێمـی کوردسـتان و وڵاتانی رۆژئـاوا کـردووە. ئـەم چوارچێـوەی پێکەوەژیانـە لـە هەرێمـی کوردسـتاندا بەیاسـایی کراوە و پەرلەمانـی کوردسـتان چەنـد یاسـایەکی بـۆ ئـەم مەبەسـتە پەسـەند کـردووە بەشـێوەیەک کـە لەگـەڵ زۆرینـەی بنەمـا و پێوەرەکانـی یاسـای نێودەوڵەتـی مافەکانـی مـرۆڤ هاوتـا و هاوشـانە و، سـەرەڕای هەمـوو کەموکوورِییـەکان، بەشـێکی زۆری مافـە بنەڕەتـی و جیاوازەکانـی پێکهاتەکانـی پاراسـتووە.

بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشـایی و کەموکووڕییانـەی کـە لـە سـێکتەر و کەرتـە جیاوازەکانـدا لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا هـەن و، ئـەو بارودۆخـەی کـە خـودی پێکهاتـەکان پێیـدا تێپەڕدەبـن چەنـد پێشـنیازێك دەخەینەڕوو:

1 - دەرفەتدانـی زیاتـر بـە پێکهاتـەکان لەنـاو سیسـتمی سیاسـی هەرێمـی کوردسـتان: لە دەزگای یاسـادانان، ئەنجوومەنـی وەزیران، دەسـەڵاتی دادوەری و دادگاکان، فەرمانگـەی پەیوەندییەکانـی دەرەوە، ئەنجوومەنـی پارێـزگا و کەرتـی سـەربازی و ئیـدارە ناوخۆییـەکان و یەکـە کارگێڕییەکانـی دیکـە.

2 - ئەنجوومەنێکـی بـاڵای تایبـەت بـە پێکهاتـەکان دروسـتبکرێت بـۆ هەسـتکردنی زیاتـر بـە بـوون و ناسـنامە و نوێنەرایەتیکـردن و پارێزگاریکـردن لـە مافەکانیـان.

3 - میدیـای کاریگـەر و چالاکـی تایبـەت بەخۆیـان هەبێـت، بـۆ ئـەوەی زیاتـر گوزارشـت لـە خۆیـان و کۆژانـەکان و تایبەتمەندییەکانیـان بکـەن.

4 - لەسـەر ئاسـتی کەرتـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی، زیاتـر پشـتیوانییان بکرێـت بـۆ خۆڕێکخسـتنەوەیان و دروسـتکردنی رێکخـراوی کۆمەڵگـەی مەدەنـی تـازە و چـالاک و کارا و کۆمەککردنیـان لەلایـەن حکومـەت و ناوەنـدە نێودەوڵەتییـەکان و جەمـاوەرەوە.

5 - کۆنفرانسـی سـاڵانەی تایبـەت بـە قووڵکردنـەوەی ئـەم پێکەوەژیانـە و شـۆڕکردنەوەی زیاتـری بـۆ خـوارەوەی کۆمەڵگـە بـە هـاوکاری سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان و سـەرۆکی حکومـەت، سـەرۆکی پەرلەمـان، سـەرۆکی ئەنجوومەنـی دادوەری و سـەرکردەی پارتە سیاسـییەکان و مامۆسـتایانی ئایینـی، بەتایبەت ئایینـی ئیسـلام بکرێـت.

6 - لەڕێگـەی سیسـتمی پـەروەردەوە، میتۆدێکـی تایبـەت بـە پێکهاتـەکان و مێـژوو و تایبەتمەنـدی و بیرکردنـەوە و چەمکەکانـی پێکەوەهەڵکـردن و لێبووردەیـی و پێکەوەژیانی ئاشـتیانە و رێزگرتن لەیەکتـر دابنرێـت و، لـە سـەرجەم ناوەندەکانی خوێنـدن بخوێندرێت و گرنگـی زۆر تایبەتـی پێبدرێـت.

7 - لـە زانکـۆکان وانەیەکـی تایبـەت بـە فرەیـی و پلۆراڵیـزم و لێبووردەیـی و رێزگرتـن لـە پێکهاتـەکان دابنرێـت و وەک وانەیەکـی سـەرەکی بخوێندرێـت و مامۆسـتای پسـپۆڕ و بەتوانـا وانەکـە بڵێنـەوە و بەکردەیـی سـاڵانە قوتابییـان سـەردانی ناوچـە و جوگرافیـای پێکهاتـەکان بکـەن و گفتوگـۆ و بیروڕایـان لەگەڵـدا بگۆڕنـەوە تاوەکـوو تاکێکـی فرەڕەهەنـد و بیرکـراوە و لێبـووردە پـەروەردە بکەیـن و لە توندڕەوی و قبووڵنەکردنـی ئەوانیتر دووری بخەینـەوە. ئـەم پرۆسـەیە لەداهاتـوودا لـەڕووی سـتراتیژییەوە کاریگەرییەکـی قـووڵ لەسـەر رۆڵ و پێگـەی کەمینەکان و شـێوەی مامەڵەکردنیـان لـە کۆمەڵگـەی کوردسـتانیدا دروووسـتدەکات.

# ڕوانگەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان **سەبارەت بە ڕەوش و مافەکانیان لە هەرێمی کوردستان**

عەلی کوردستانی - مەحموود بابان

## سەرەتا

کۆمەڵگەی کوردستانی وەك زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهان، کۆمەڵگەیەکی هەمەڕەنگ و دەوڵەمەندە بە نەتەوە و ئایینی جیاواز. تەنانەت دابەشبوونی شێوەزارەکانی کوردییش پەیوەندییەکی لەگەڵ دابەشبوونە مەزهەبی و عەقیدەییەکان لە کوردستان داناوە. بەشێك لەوانەی کە بە گۆران هەژمار دەکرێن و زیاتر لە بەشی خوارووی کوردستانن، یارسان- کاکەیی، شیعەن و بەشێکیشیان سوننەن. کوردی کورمانج و سۆران (کورمانجی سەروو و نێوەڕاست) بە زۆری سوننەی شافیعین. کوردی زازاش زیاتر عەلەوین، هەرچەندە لە ناوچەی کورمانجەکاندا سوننە مەزهەبیشیان تێدایە. لە کوردستان پێڕەوانی ئایین و ئایینزای جۆراوجۆری زۆر هەن و لەوانەیە هەر لەبەرئەو فرەڕەنگییەش بێت کە هەندێك کوردستان

وەك "هيندسـتانی دنيـای ئيسـلام" نـاو دەبـەن. پێڕەوانـی ئيسـلام بـە مەزهەبـی جۆراوجـۆرەوە، هەروەهـا كريسـتيان و جـوو و نەتـەوەی جياجيـاش لەسـەر خاكـی كوردسـتان دەژيـن.

ئالێـرەوە بابەتـی پێكهاتەكانـی كۆمەڵگـەی كوردسـتان و مامەڵـەی حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان لەگـەڵ مافەكانيـان بابەخێكـی زۆر پەيـدا دەكات. ڕۆژی 21ی نيسـانی 2015 پەرلەمانـی كوردسـتان ياسـای ژمـارە 5 (ياسـای پاراسـتنی مافـی پێكهاتـەكان لـە كوردسـتان ـعێـراق) ی پەسـەند كـرد. بەپێـی ياسـاكە، پێكهاتـەی كۆمەڵـە نەتەوەييەكانـی هەرێمـی كوردسـتان (توركمـان، كلـدان، سـريانی، ئاشـووری و ئەرمـەن)، پێكهاتـەی كۆمەڵـەی ئايينـی و ئايينـزاكان (كريسـتيان، ئێـزدی، سـابيئەی مەندائـی، كاكەيـی، شـەبەک، فەيلـی، زەردەشـتی) كۆمەڵگـەی هەرێمـی كوردسـتان پێكدەهێنـن.

كـورد بـە پێكهاتـە ڕەنگينەكەيـەوە سـاڵانێكی درێـژە قوربانـی ئـەو جـۆرە سيسـتەمانەن كـە سياسـەتی يەكڕەنگكردنـی ناسـنامەيان پێڕەوكـردووە. پرسـياری سـەرەكی ئەوەيـە كـە مامەڵـەی حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان و كۆمەڵگـەی كوردسـتان سـەبارەت پێكهاتـەكان چـۆن بـووە؟ ئـەوە  دووڕيانێكـە كـە ئايا لاسـايی سيسـتەمەكانی ئـەم ناوچەيـە بكرێتـەوە يـان مۆدێلێكـی ديموكراتيـك پێشـكێش بكرێـت كـە مافـی هەمـوو پێكهاتەكانـی تێـدا ڕەچـاو كرابێـت. هەرێمـی كوردسـتان لـە ياسـاكانی خۆيـدا بايەخێكـی زۆری بـە مافـی پێكهاتـەكان داوە، بـەڵام ئەمـە تەنيـا ديوێكـی بابەتەكەيـە و ديـوی دووەمـی ئەوەيـە كـە پێكهاتـەكان چـۆن سـەيری دۆخـی خۆيـان دەكـەن؟

لـە دواييـن ڕاپۆرتـی كۆميسـيۆنی ويلايەتـە يەككگرتووەكانـی ئەمريـكادا بـۆ ئازاديـی ئايينـی (USCIRF) ، سـەبارەت ئـازادی ئايينـی لـە عێـراق و هەرێمـی كوردسـتان هاتـووە: "لـە سـاڵی 2019 دا بارودۆخـی ئـازادی ئايينـی لـە ناوچـەی ژێـر دەسـەڵاتی حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان وەک خـۆی مايـەوە بـەراورد بـە سـاڵانی پێشـتر، كـە زۆرينـە موسـڵمانن و

کەمینـە ئایینیەکانـی دیکـە تاوەکـو رادەیەکـی زۆر ئـازادن بـەراورد بـە ناوچەکانـی دیکـەی عێـراق". بـەڵام سـەبارەت عێـراق دەڵێـت: "لـە سـاڵی 2019 دا، بارودۆخـی ئـازادی ئایینـی لـە عێـراق لـە هەندێـک بـواری گرنگـدا وردە وردە گەشـەی کـردووە، بـەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی جێـی نیگەرانی بـوو". هەروەهـا چەنـد راسـپاردەیەکیان خسـتووەتەڕوو کـە گرنگترینیـان ئەوەیـە عێـراق بخریتـە لیسـتی چاودێریـی تایبەتـی وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریـکا بەهـۆی بەشـداریکردن یـان رێگـەدان بـە پێشـێلکردنی ئـازادی ئایینـی و هەروەهـا داوای گوشـار خسـتنە سـەر عێـراق دەکات لەڕێگـەی پەیوەندییـەکان بـۆ سـنووردارکردنی حەشـدی شـەعبی.

گەشـەکردنی پەیوەندییـەکان، شۆڕشـی تەکنەلـۆژی، گۆڕانـی شـێوەی سـەرمایەداری و کەمبوونـەوەی رۆڵـی دەوڵـەت، رێگـەی بۆ هەسـتانەوەی بەهێـزی ناسـنامە گشـتییەکان کردووەتـەوە و بـەوەش، ئایینـزا و نەتەوەگەرایی وەك دوو سـەرچاوەی سـەرەکی ناسـنامەخوازی لە جیهاندا سـەریانهەڵداوە. ئەمـە لـە مـاوەی چەنـد دەیـەی رابـردووی هەرێمـی کوردسـتانیش دا روویـداوە و لەگـەڵ ئـەوەی کـە ململانێـی سیاسـی ناسـنامەخوازیی کـورد هێشـتا بەردەوامـە، چەندیـن هەوڵـی بەکۆمـەڵ و گـرووپ و پێکهاتـەی جۆرجـواری دیکـەی پێکهاتەکانـی کوردسـتان بـۆ گوزارشـتکردن و پاراسـتنی مافەکانیـان هاتووەتـە ئـاراوە کـە هەندێـك جـار، سرووشـتێکی سیاسیشـی وەرگرتـووە.

بەوپێیـەی کـە ئامانجـی سـەرەکی ئـەم بابەتـە تێگەیشـتنە لـە رەهەندەکانـی پرسـی ناسـنامەکان لـە کۆمەڵگـەی کوردسـتان دا، بەشـێوەیەکی ئامانجـدار لەنێـو نوێنـەر و کەسـایەتی پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئایینییەکانـدا لـە مـاوەی نێـوان مانگـی ئـادار بـۆ ئایـاری ئەمسـاڵ، راپرسـییەکمان کـرد کـە تێیـدا پرسـیار سـەبارەت دۆخـی پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئایینییـەکان و رەوشـی ژیانیـان لـە هەرێمـی کوردسـتان کـراوە. ئەمـەش یەکێـك لـە باشـترین رێگەکانـە بـۆ وەرگرتنـی زانیـاری ورد و قـووڵ. لـەم راپرسـییەدا جگـە لـە دواندنـی کەسـانی بەرپرسـیار

و نوێنـەری پێکهاتـەکان لـە دامـەزراوە فەرمـی و کۆمەڵایەتییەکانـدا، گەنجانـی پێکهاتەکانیـش بەشـدارییان کـردووە.

## سەبارەت راپرسییەکە

ئەم راپرسـییە لە سـێ بەش پێکهاتووە. بەشـێوەی مەیدانی (چاوپێکەوتن) و ئۆنلایـن لەنێـو نوێنـەری پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئایینییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان (لـە تەمەنـی سـەرووی 20 سـاڵەوە) لەنێـوان مانگەکانی ئـادار بـۆ ئایـاری 2021 ئەنجامـدراوە. لەبـەر نەبوونـی ئامارێکـی ورد سـەبارەت ژمـارەی پێکهاتـە نەتەوەیی و ئایینیـەکان لەم راپرسـییەدا، پەیڕەوی بنەمای بەشـداری بەلایەنـی کەمـەوە بـۆ هـەر پێکهاتەیەکـی نەتەوەیـی یاخـود ئایینـی لـە هەرێمـی کوردسـتان کـراوە. بـۆ ئـەو پێکهاتانـەی ژمارەیەکـی زیاتـر لەچـاو پێکهاتەیەکـی نەتەوەیـی یاخـود ئایینـی پێکدەهێنـن، زیاتـر لـە 5 کـەس بـە نموونـە وەرگیـراوە. لەڕاسـتیدا بنەمـای دابەشـکاری ژمـارەی بەشـداربووان لەسـەر بنەمـای بەشـدارییان لـە پەرلەمانـی کوردسـتان و بەشـداریی یـەک کـەس لـە هـەر پێکهاتەیـەک کـراوە. دوای کۆکردنەوەیان، زانیارییـەکان شـیکراونەتەوە و ئەنجامەکـەی خراوەتـەڕوو. لـەم راپرسـییەدا دەستنیشـانکردنی بەشـداربووان تایبەتمەنـد بـووە و لـە ڕێگـەی نوێنـەری پێکهاتـەکان لـە دامـەزراوە فەرمییەکانـی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتاندا بـووە. زۆربـەی ئەوانـەی بەشـدارییان کـردووە لە ئاسـتێکی بـاڵا و مامناوەند لـە دامــەزراوە فەرمییەکانــی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتاندا بــوون، یاخـود کاری سـەربەخۆیان کـردووە. لـە کاتـی ئەنجامدانـی راپرسییەکەشـدا زۆربەی بەشـداربووان، سـەرەڕای وەڵامدانەوەی پرسـیارەکانی راپرسـییەکە، تێبینییەکـی زۆریـان خسـتووەتەڕوو کـە هەوڵـدراوە لـە ڕێگـەی ئەنجامـی پرسـیارەکانی راپرسـییەکەوە بخرێنـەڕوو. ئەنجامەکانـی ئـەم راپرسـییەش نیشـاندەری بۆچوونـی بەشـداربووانە سـەبارەت بـە رەوشـی پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئایینییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان.

# خشتەی نێوەڕۆک


لەبارەی راپرسییەکەوە 138

دۆزراو و نیشاندەرە سەرەکییەکانی راپرسی رەوشی پێکهاتە ئیتنی و ئاینییەکان لە هەرێمی کوردستان 140

ئەنجامی راپرسی رەوشی پێکهاتە ئیتنی و ئاینییەکان لە هەرێمی کوردستان 141

بەشی یەکەم: تایبەتمەندی بەشداربووان 142

بەشی دووەم: بارودۆخی پێکهاتە ئیتنی و ئاینییەکان لە هەرێمی کوردستان 145

بەشی سێیەم: رەوشی ژیانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی پێکهاتە ئیتنی و ئاینییەکان لە هەرێمی کوردستان 149

ئەنجام 159

## دۆزراو و نیشاندەرە سەرەکییەکانی راپرسی رەوشی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە هەرێمی کوردستان

### تایبەتمەندی بەشداربووان

- 22.5 ٪ی بەشداربووان لە رەگەزی مێ و 77.5 ٪ی بەشداربوون لە رەگەزی نێر بوون.
- زۆربەی بەشداربووان تەمەنیان لەنێوان 40 بۆ 50 ساڵ بووە، بەڕێژەی 30 ٪.
- زۆربەی بەشداربووان بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەبووە کە 57.5 ٪ی بەشداربووانە و کەمترین بەشداربووانیش بڕوانامەی سەرەتاییان هەبووە کە 2.5 ٪ بووە.
- 35.9 ٪یان خێزانیان پێکهێناوە لەگەڵ هەمان پێکهاتەی خۆیان، 30.8 ٪ خێزانیان پێکهێناوە لەگەڵ پێکهاتەی دیکە.

### پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە هەرێمی کوردستان

- زۆربەی کلدانی و ئاشوورییەکان نیشتەجێی پارێزگای هەولێر و دهۆکن.
- زۆرترین کریستیان کەوتوونەتە پارێزگای هەولێرەوە.
- کاکەییەکان زۆرینەیان کەوتوونەتە و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و هەروەها پارێزگای هەڵەبجە.
- ئێزدییەکان لە پارێزگای دهۆک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانن.

## ڕەوشی ژیانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە هەرێمی کوردستان

- 72.5 ٪ی بەشداربووان رایان وایە لە فەرمانگەکانی حکومەتدا هیچ ئاستەنگێک بۆ راییکردنی مامەڵەکانیان نایێتە پێشەوە، بەڵام 37.5 ٪ رایان وایە لە دادگاکاندا گرفتی یاساییان بۆ دێتە پێشەوە.
- 47.5 ٪ ی بەشداربووان رەوشی ئێستای پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە هەرێمی کوردستان بەباش دەزانن.
- 45 ٪ی پێکهاتە ئیتنی و ئایینییەکان لە رێگەی خێزانەوە هەوڵیانداوە بۆ پاراستنی زمان و کولتووری خۆیان.
- 48.7 ٪ رایان وایە ئاستی پەیوەندییەکان لەگەڵ خەڵکی هەرێمی کوردستان بەرەوپێشچوونی بەخۆوە بینیوە.
- 30 ٪ دەڵێن لە ئەزموونی خۆیانەوە هەستیان بەوە کردووە کە جیاکارییان بەرامبەر کراوە، لەبەرئەوەی سەر بە پێکهاتەیەکی دیکەی هەرێمی کوردستانن.
- 50 ٪ی بەشداربووان لەڕووی سیاسی، 61.5 ٪ لەڕووی ئابووری و 56.4 ٪ لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە رایان وایە رەوشی ئەمڕۆی پێکهاتەکان بەراورد بە پێش 2003 باشترە.

## ئەنجامی راپرسی رەوشی پێکهاتە ئیتنی و ئایینییەکان لە هەرێمی کوردستان


ئەم راپرسییە لەنێو نوخبەیەکی دیاریکراوی نوێنەر و بەشداربووانی نێو کایەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایینی پێکهاتەکان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە. لەم راپرسییەدا هەردوو پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی بەیەکەوە رایان وەرگیراوە و ئەو پرسیارەی تایبەت نەبووە بە پێکهاتەیەکی نەتەوەیی یاخود ئایینی وەڵامنەدراوەتەوە. زۆربەی

بەشداربووان لەگەڵ وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا روونکردنەوەیان داوە و هەوڵدراوە لەگەڵ پرسیارەکاندا سەرنج و تێبینییەکانیان وەربگرێت و بگوازرێتەوە.

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم راپرسییە، 70 ٪ی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان رایان وایە کە مافەکانیان پارێزراوە و ئازادانە مافەکانی خۆیان لە هەرێمی کوردستان پیادە دەکەن. لە خاڵێکی دیکەدا، ٪39.5 رایان وایە درەنگ بەدیهاتنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان لە هەرێمی کوردستان بەهۆی کاریگەریی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە بووە.


## بەشی یەکەم: تایبەتمەندیی بەشداربووان

لەم بەشەی راپرسییەکەدا تایبەتمەندیی بەشداربووانی راپرسییەکە خراوەتەڕوو، لەسەر ئاستی رەگەز 77.5 ٪ی بەشداربووان لە رەگەزی نێر و 22.5 ٪ لە رەگەزی مێ بوون. لەسەر ئاستی تەمەن زۆرترین بەشداربوو تەمەنیان لەنێوان 40 بۆ 50 ساڵە کە رێژەی بەشدارییان 30 ٪ بووە، کەمترین تەمەنی بەشداربوو لەنێوان 20 بۆ 30 ساڵ بووە کە رێژەی بەشدارییان 7.5 ٪ بووە، بۆ زانینی تەمەنی بەشداربوو لە راپرسییەکەدا بڕوانە گرافیکی ژمارە یەک لە خوارەوە.





گرافیکی ژمارە 1: نیشاندەری تەمەنی بەشداربووان

لەسەر ئاستی خوێندن هیچ بەشداربوویەکی ئەم راپرسییە نەخوێندەوار نەبوو و زۆرترینی بەشداربووەکان ئاستی خوێندنیان بەکالۆریۆس بووە کە رێژەکەی 57.5 ٪ بووە. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت ئاستی خوێندنی بەشداربووان بڕوانە گرافیکی ژمارە دوو.





گرافیکی ژمارە 2: نیشاندەری ئاستی خوێندنی بەشداربووان لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان

لەم راپرسییەدا پێکهاتە ئایینییەکانی هەرێمی کوردستان بە رێژەی جیاواز بەشدارییان کردووە، وەک لە گرافیکی ژمارە سێ دا هاتووە، زۆرترین بەشداربوو لە پەیڕەوانی ئایینی کریستیانن بە رێژەی ٪37.5، کاکەیی 25 ٪. ئێزدی 15 ٪، موسڵمانی سوننە ٪12.5، هەریەکە لە پەیڕەوانی ئایینەکانی بەهایی، مەندایی، جوو و زەردەشتی بەڕێژەی 2.5 ٪ بەشدارییان کردووە.




گرافیکی ژمارە 3: نیشاندەری پەیڕەوانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان لەم راپرسییەدا


لـەڕووی بەشـداریی پێکهاتـە نەتەوەییەکانـی دیکـە لـە ڕاپرسـییەکەدا، پێکهاتـەی تورکمـان بەڕێـژەی 23.5 ٪، کلدانـی و ئاشـووری 21.2 ٪، ئەرمـەن 5.3 ٪ و کـورد 50 ٪ بەشـدارییان کـردووە، ئەمـەش دەرخـەری ئـەو ڕاسـتییەیە کـە هەنـدێ پێکهاتـەی ئایینی لەوانەیـە لـەڕووی ئایینەوە جیاوازبـن، بـەڵام لـەڕووی نەتەوەییـەوە خۆیـان بـە کـورد دەزانـن. بـۆ زانیـاری زیاتـر سـەبارەت بەشـداربووانی ئەم ڕاپرسـییە لـەڕووی پێکهاتەی ئایینییـەوە، بڕوانـە گرافیکـی ژمـارە چـوار.




گرافیکی ژمارە 4: نیشاندەری بەشداربووانی پێکهاتەی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان

یەکێکـی دیکـە لـە پرسـیارەکان سـەبارەت بـاری کەسـێتی و ژیانـی خێزانییەوەیـە، کـە بەپێـی ئەنجامـەکان 35.9 ٪ خێزانیـان پێکهێنـاوە و هاوسـەرەکانیان لەهەمـان پێکهاتـەی خۆیانـن، 7.7 ٪ خێزانیـان پێکهێناوە، بـەڵام لەگـەڵ هەمـان پێکهاتـەی خۆیـان نـا، 25.6 ٪ خێزانیان پێکنەهێنـاوە، لەکاتێکـدا 30.8 ٪ خێزانیـان پێکهێنـاوە، بـەڵام لەهەمـان پێکهاتـەی خۆیانـن. لەکاتـی ئەنجامدانـی چاوپێکەوتنـی ڕاپرسـییەکاندا زۆربەیـان باسـیان لـە گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتییـەکان و ئـەو تێکەڵاوبوونـە کـردووە کـە لـەم سـاڵانەی دواییـدا ڕوویـداوە و هـاوکار بـووە بـۆ کەمکردنـەوەی کێشـەکان و لابردنـی ئاسـتەنگەکانی ڕابـردوو لەبـەردەم پێکهێنانـی خێـزان لەنێـوان کەسـانی سـەر بـە دوو پێکهاتـەی جیـاواز.

لـەڕووی داهاتـی مانگانـەوە، بەگوێـرەی ئامارەکانـی ئـەم ڕاپرسـییە 35 ٪ داهاتیـان لـە سـەرووی دوو ملیـۆن دینـارە، 15 ٪ی داهاتیـان لەخـوار 500 هـەزارە، 25 ٪ی داهاتیـان لەنێـوان 500 بـۆ 750 هـەزار دینـارە، بـۆ زانینـی زیاتـر سـەبارەت داهاتـی مانگانـەی بەشـداربووان بڕوانـە گرافیکـی ژمـارە پێنـج. هەروەهـا، لەبەرئـەوەی ئـەم ڕاپرسـییە چینـی نوێنەرانـی پێکهاتەکانـی لەنێـو دامەزراوەکانـی کەرتـی گشـتی و تایبەتـدا گرتووەتـەوە، بەڕێـژەی زۆر ئەوانـە بەشـداربوون کـە داهاتیـان مامناوەنـدە.





گرافیکی ژمارە 5: نیشاندەری داهاتی مانگانەی بەشداربووان

## بەشی دووەم: بارودۆخی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە هەرێمی کوردستان


لـەڕووی جیۆگرافییـەوە دابەشـبوونی پێکهاتـە نەتەوەییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان بـەم شـێوەیە بـووە، زۆرتریـن تورکمـان کەوتوونەتـە پارێزگای هەولێـر و ناوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێمی کوردسـتان. کلدانـی و ئاشـووری لـە پارێـزگای هەولێـر و دهـۆکـن و ئەرمەنیـش لـە پارێـزگای دهـۆک. بڕوانـە گرافیکـی ژمـارە شـەش بـۆ

زانیـاری زیاتـر سـەبارەت دابەشـبوونیان لـەڕووی جیۆگرافییـەوە.





گرافیکی ژمارە 6: نیشاندەری دابەشبوونی پێکهاتە نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان لەڕووی جیۆگرافییەوە

لـەڕووی جیۆگرافییـەوە دابەشـبوونی پێکهاتـە ئایینییـەکان بـەم شـێوەیە بـووە، زۆرتریـن رێـژەی کریسـتیانەکان لـە پارێـزگای هەولێـر و کەمتریـن کاکەیـی لـە پارێزگای سـلێمانین. لەکاتێکـدا زۆرترین کاکەیـی کەوتوونەتە پارێــزگای هەڵەبجــە و ناوچــە کوردســتانییەکانی دەرەوەی ئیــدارەی هەرێمــی کوردســتان و کەمترینیــان لــە پارێــزگای هەولێــرن. بڕوانــە گرافیکــی ژمــارە حــەوت سـەبارەت دابەشـبوونی پێکهاتـە ئایینییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان بەسـەر پارێزگاکانـی هەرێمـی کوردسـتان و ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێمـی کوردسـتاندا.





گرافیکی ژمارە 7: نیشاندەری دابەشبوونی پێکهاتە ئایینییەکانی هەرێمی کوردستان لەڕووی جیۆگرافییەوە

لە پرسیارێکی دیکەدا سەبارەت ڕێژەی زیادبوون لەنێو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی هەرێمی کوردستان، 38.5 ٪ی بەشداربووان رایان وایە زیادبوونیان وەکو پێویست نییە، 23.1 ٪ رایان وایە وەکو پێویستە و 38.5 ٪ رایان وایە وەچەخستنەوە لەنێو پێکهاتەکەی لەچاو پێکهاتەکانی دیکە کەمترە، بڕوانە گرافیکی ژمارە هەشت بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت ڕێژەی زیادبوونی پێکهاتەکان.





گرافیکی ژمارە 8: نیشاندەری ڕێژەی زیادبوون لەنێو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان

سەبارەت ژمارەی ئەندامانی یەک خێزان، زۆربەی خێزانەکانی سەر بە پێکهاتە نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان لە 2 بۆ 4 کەسن، تەنیا تورکمان، ئێزدی و کاکەیی ژمارەی خێزانەکانیان لەسەرووی 6 کەسەوەن. هەروەها سریانی، ئەرمەنی، کلدانی و ئاشووری لە یەک بۆ دوو کەس پێکهاتوون، بڕوانە ژمارەی خێزانی هەر پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و ئایینی بەپێی ژمارەی ئەندامەکانیان لە گرافیکی ژمارە 9 لە خوارەوە.




گرافیکی ژمارە 9: نیشاندەری ژمارەی ئەندامانی خێزانێک لەنێو پێکهاتە ئیتنی و ئاینییەکانی هەرێمی کوردستان

لــە پرســیارێکی دیکــەدا لەبــارەی پاراســتنی مافەکانیــان لــە هەرێمــی کوردســتان، 70 ٪ بڕوایــان وایــە مافەکانیــان لــە هەرێمــی کوردســتان پارێـزراوە و ئازادانـە مافەکانـی خۆیـان بەکاردەهێنـن، بـەڵام 30 ٪ رایـان وایـە مافەکانیـان پارێـزراو نییـە، بڕوانـە گرافیکـی ژمـارە 10.





گرافیکی ژمارە 10: نیشاندەری بۆچوونی بەشداربووان سەبارەت مافەکانیان لە هەرێمی کوردستان

## بەشی سێیەم:
## ڕەوشی ژیانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە هەرێمی کوردستان

لەبارەی ئەوەی ئایا مافەکانیان پارێزراوە و ئازادانە مافەکانیان پیادە دەکەن، چەند سەرنجێکی جیاواز خراونەتەڕوو، یەکێک لەبەشداربووان دەڵێت: "بەڵێ مافەکانمان لە هەرێمی کوردستان پارێزراون، بەڵام کەموکورتی لە جێبەجێکردنیان دا هەیە، بۆ نموونە پێداویستی قوتابخانە تورکمانییەکان دابین ناکرێت، قوتابخانەی نوێ دروست ناکرێن، 8 ساڵە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی تورکمان دانەنراوە و بە بەتاڵی ماوەتەوە"، زۆربەیان ئاماژەیان بە یاسای ژمارە 5ی ساڵی 2015 ی پەرلەمان کردووە لە پاراستنی مافەکانیاندا، بەشداربوویەکی ئێزدی سەبارەت مافەکانیان دەڵێت: "کیشەمان بۆ دێتە پێش لەنێوان هەولێر و بەغدا، بەتایبەتیش لەڕووی مافە ئیدارییەکانمانەوە". بەشداربوویەکی دیکەی کاکەیی دەڵێت: "وەک کاکەیی هیچ مافێکمان پێنەدراوە و تاوەکو ئێستا وەک کەمینەیەک بەشدار نین لە پرۆسەی سیاسیدا"، کاکەییەکی دیکە دەڵێت: "هیچ گەرەنتییەکی یاسایی نییە بۆ پاراستنی هەبوونی کاکەییەکان لە جومگەکانی یاسادانان و وەزارەتی ئەوقاف، شوێنەوارە مێژووییەکانی کاکەیی نۆژەن نەکراونەتەوە"، بەشداربوویەکی دیکە گلەیی لە یاسای ژمارە پێنج هەیە کە ناوی پێکهاتەکەی ئەوی تێدا نەهاتووە، بەڵام دەڵێت بەگشتی مافەکانیان پارێزراوە.


٪38.5ی بەشداربووانی ئەم ڕاپرسییە ڕایان وایە لە دادگاکاندا ئاستەنگیان بۆ دێتەپێشەوە، لەکاتێکدا ٪25 بۆچوونیان وایە لە فەرمانگەکانی دیکەی حکومەتدا ئاستەنگیان بۆ دێتە پێشەوە. سەبارەت دەرفەتی یەکسان لە هەرێمی کوردستان و لەنێو

کۆمەڵگـەدا، 56.4 ٪ رایـان وایـە نەخێـر دەرفەتـی یەکسـان نییـە، بـەڵام 43.6 ٪ رایـان وایـە دەرفەتـی یەکسـان بـۆ هەمـوو پێکهاتـە جیـاوازەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان هەیـە وەکـو لـە گرافیکـی ژمـارە 11دا هاتـووە.





گرافیکی ژمارە 11: نیشاندەری بۆچوونی بەشداربووان لەبارەی هاتنەپێشەوەی گرفت لەنێو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دادگاکان دا

سـەبارەت رەوشـی ئێسـتای پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئاییـنییـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان، بەپێـی ئەنجامـەکان 7.5 ٪ رایـان وایـە زۆرباشـە و 2.5 ٪ رایـان وایـە زۆرخراپـە، 47.5 ٪ رەوشـی ئێسـتای پێکهاتەکانیـان بـە بـاش زانیـوە، بڕوانـە گرافیکـی ژمـارە 12 سـەبارەت رەوشـی ئێسـتای پێکهاتـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان.





گرافیکی ژمارە 12: نیشاندەری بۆچوونی بەشداربووان سەبارەت رەوشی ئێستای پێکهاتەکان.

لەبارەی سیستمی کۆتاوە کە لە پەرلەمانی کوردستان بۆ پێکهاتەکان دانراوە و 11 کورسی پەرلەمانییە، 25 ٪ رایان وایە خراپە و وەکو جیاکارییەک دەیبینن، بەڵام 27.5 ٪ رایان وایە زۆر باشە، چونکە سەرەڕای ئەوەی کەمینەیەکی پەرلەمانی پێکدەهێنن، دەتوانن لە دانانی یاساکاندا رۆڵیان هەبێت و داواکارییەکانیان بگەیێنن، بڕوانە گرافیکی ژمارە 13 لەبارەی بۆچوونیان لەسەر سیستمی کۆتای پەرلەمانی.





گرافیکی ژمارە 13: نیشاندەری بۆچوونی بەشداربووان لەبارەی سیستمی کۆتای پەرلەمان.

سەبارەت بۆچوونیان لەبارەی ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندە پشتیوانی لە جێبەجێکردنی داواکاریی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، 42.5 ٪ی بەشداربووان رایان وایە کە پشتیوان بووە، لەکاتێکدا 22.5٪ی بەشداربووان دەڵێن پشتیوان نەبووە، بڕوانە گرافیکی ژمارە 14، بۆچوونی پێکهاتەکان لەبارەی ئاستی پشتیوانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەدیهێنانی داخوازیی پێکهاتەکان.




گرافیکی ژمارە 14: نیشاندەری بۆچوونی بەشداربووان لەبارەی ئاستی پشتیوانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە داخوازییەکانیان.

لەبارەی هۆکاری بەدینەهاتنی ویست و داخوازیی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان، 39.5 ٪ رایان وایە بەهۆی بارودۆخی سیاسی عێراق و ناوچەکە بووە، لەکاتێکدا 10 ٪ رایان وایە بەهۆی جۆراوجۆری داواکاریی پێکهاتەکان لەنێو خۆیاندا بووە، بڕوانە گرافیکی ژمارە 15 بۆ زانینی هۆکارەکانی دیکە.





گرافیکی ژمارە 15: نیشاندەری بۆچوونی بەشداربووان لەبارەی هۆکارەکانی دواکەوتنی دەستەبەرکردنی مافی پێکهاتەکان

لەبارەی سیستەمی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ئەنجامەکان 67.5 ٪ی بەشداربووان تاڕادەیەک لێی رازین، 20 ٪ لێی ناڕازین، 5 ٪ زۆر ناڕازین و 2.5 ٪ بەهیچ شێوەیەک رازی نین، تەنیا 5٪ی بەشداربووان زۆر لێی رازین. لەڕووی پەروەردەوە، 84.2 ٪ی بەشداربووان رایان وایە دەتوانن بە زمانی خۆیان بخوێنن و فێربن، بەڵام 15.8 ٪ رایان وایە ناتوانن بە زمانی خۆیان بخوێنن. سەبارەت بۆچوونیان لەبارەی سیستەمی پەروەردە لە داهاتوودا بۆ منداڵەکانیان، 75 ٪ی بەشداربووان تاڕادەیەک گەشبینن کە داهاتووی منداڵەکانیان

باش دەبێت، 12.5 ٪ رەشبینن و 12.5 ٪ی بەشداربووان گەشبینن، یەکێک لە هۆکارەکانی رەشبینیشیان بەهۆی گرنگینەدانە بە قوتابخانە گشتییەکان، بەتایبەت ئەوانەی بۆ پێکهاتەکان تەرخانکراون.
بڕوانە گرافیکی ژمارە 16 لەبارەی پێکهاتەکان و داهاتووی منداڵەکانیان و مافەکانیان کە 46.5 ٪ رایان وایە باش دەبێت، بەڵام 42.8 ٪ رایان وایە خراپ دەبێت، لەبارەی ئەوەی بۆچی باش دەبێت، یەکێک لە بەشداربووان دەنووسێت: "باشتر دەبێت، چونکە گۆڕانکاری زۆر باش سەبارەت مافی پێکهاتەکانەوە لە هەرێمی کوردستان روویداوە".
یەکێکی دیکە دەڵێت: " باشتر دەبێ، چونکە رۆژ بە رۆژ خەڵک بەرەوپێش دەچن و پێشدەکەون".
یەکێکی دیکە دەڵێت: "چونکە کاتێک گەورە دەبن بە یاسا مافەکانیان پارێزراو دەبێت".
لەوانەش کە پێیانوایە خراپتر دەبێت، بەشداربوویەک دەڵێت: " منداڵەکانمان خراپتر دەبن، لەبەر کەمبوونەوەی ژمارەمان بەهۆی کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات، هەروەها سەرەڕای تێپەڕبوونی نزیکەی 30 ساڵ لەسەر دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام تاوەکو ئێستا دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان نەیانتوانیوە یان نەیانویستووە دەستوورێکی هەمیشەیی دابنێن کە مافی هەموو تاکێک لەنێو وڵاتدا پارێزراوبێت و خەڵک لە دواڕۆژی خۆیان دڵنیا بن".
هەروەها بەشداربوویەکی دیکە دەڵێت: "خراپتر دەبێت، چونکە زۆربەیان لەڕوویان نایێت بڵێن تورکمانین، هەروەها زۆربەی کەسەکان نایانەوێ ناسنامەی خۆیان وەک تورکمان ئاشکرا بکەن، یاخود دەیشارنەوە و خۆیان بە کورد دەزانن، لەکاتێکدا بۆخۆیان تورکمانن".
یەکێکی دیکە دەڵێت: "رام وایە خراپتر دەبێت، چونکە هەندێک فکری توندڕۆیی بەرەو زیادبوونە لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا، ئەوەش

دەبێتە هۆی ئەوەی بەشێوەیەکی خراپ سەیری پێکهاتەکان بکرێت و کاریگەریی خراپی لەسەر منداڵەکانمان دەبێت".

**کاتێک منداڵەکانتان لە هەرێمی کوردستان گەورە دەبن، پێتوایە لە پاراستنی مافەکانیاندا لە دایک و باوکیان باشتر یاخود خراپتر دەبن؟ بۆچی؟**




گرافیکی ژمارە 16: نیشاندەری بۆچوونی بەشداربووان سەبارەت داهاتووی منداڵەکانیان

لەبارەی ئەوەی ئایا دەتوانن ڕێوڕەسمە تایبەتەکانی خۆیان ئازادانە پەیڕەو بکەن، 87.2 ٪ی بەشداربووان بە بەڵێ و 12.8 ٪ بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە. سەبارەت چۆنیەتی پاراستنی کولتووری نەتەوەیی و ئایینی خۆیشیان، 45 ٪ دەڵێن لە ڕێگەی خێزان، 5 ٪ دەڵێن لە ڕێگەی پەیمانگە و ناوەندی تایبەت بەخۆیان و 10 ٪ یان دەڵێن لە ڕێگەی ناساندنی کولتووری خۆیان بە نەوەکانیان و دەرەوەی خۆیان، هەروەها 40 ٪ی بەشداربووان دەڵێن بە هەرسێ ڕێگەکەی سەرەوە هەوڵدەدەن کولتووری خۆیان بپارێزن.

لەبارەی ئەوەش کە چ بەربەستێک هەیە بۆ پەیڕەوکردنی ڕێوڕەسمە جیاوازەکانی تایبەت بە خۆیان، 35.9 ٪ ڕایان وایە هیچ بەربەستێک نییە، 30.8 ٪ ڕایان وایە بەربەستی کۆمەڵایەتی هەیە، 20.5 ٪ دەڵێن بەربەستی ئابووری هەیە و تەنیا 12.8 ٪ پێیانوایە بەربەستی سیاسی هەیە.

لەبارەی پەیوەندیی پێکهاتەکان لەنێو خۆیان و لەگەڵ کورد و


دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بڕوانە خشتەی ژمارە 1، بۆچوونی بەشداربووانە سەبارەت پەیوەندییەکانیان کە 60 ٪ رایان وایە پەیوەندیی نێوان خۆیان زۆر باشە، 27.5 ٪ رایان وایە پەیوەندییان لەگەڵ کورد زۆر باشە و 20 ٪ رایان وایە پەیوەندییان لەگەڵ دەرەوەی هەرێمی کوردستان زۆر باشە.

**خشتەی ژمارە 1: نیشاندەری بۆچوونی بەشداربووان سەبارەت پەیوەندی پێکهاتەکان لەنێو خۆیان و لەگەڵ دەرەوە**

| پرسیار | وەڵام | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | زۆر باشە | باشە | خراپ | زۆر خراپە | وەڵام نادەمەوە |
| پەیوەندی نێوخۆیی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە هەرێمی کوردستان چۆنە؟ | ٪60 | ٪10 | ٪12.50 | ٪10 | ٪5 |
| پەیوەندی پێکهاتەکان بە دەرەوەی خۆیان (لەگەڵ کورد بەتایبەت) لە هەرێمی کوردستان چۆنە؟ | ٪27.50 | ٪57.50 | ٪2.50 | ٪2.50 | ٪10 |
| پەیوەندی پێکهاتەکان لەگەڵ دەرەوەی هەرێمی کوردستان چۆنە ؟ | ٪20 | ٪52.50 | ٪15 | ٪2.50 | ٪10 |

سەبارەت بە داهاتووی پەیوەندی پێکهاتەکان لەگەڵ خەڵکی دیکە لە هەرێمی کوردستان، 57.5 ٪ هەست بە گەشبینی و 12.5 ٪ هەست بە رەشبینی و 30 ٪ هەست بە گەشبینی و رەشبینی دەکەن. سەبارەت فرەکولتووری لە هەرێمی کوردستان 48.7 ٪ هەست بە گەشبینی، 7.7 ٪ هەست بە رەشبینی و 33.3 ٪ هەست بە گەشبینی و رەشبینی دەکەن.
سەبارەت بەوەی ئایا گرنگی و بایەخ بە کێشە و گرفتەکانی پێکهاتەکان دەدرێت، 27.5 ٪ رایان وایە بەڵێ گرنگی و بایەخی پێدەدرێت. 15 ٪ رایان وایە گرنگی و بایەخی پێنادرێت و 55 ٪ رایان وایە لە ئاستی پێویست نییە، تەنیا 2.5 ٪ وەڵامیان نەداوەتەوە. لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی ئایا هەرێمی کوردستان بەرەوپێشچوونی


بەخـۆوە بینیـوە بەرامبـەر پێکهاتـەکان؟ گرافیکـی ژمـارە 17 بۆچوونـی بەشـداربووان دەخاتـەڕوو.




گرافیکی ژمارە 17: نیشاندەری بۆچوونی پێکهاتەکان سەبارەت خەڵکی هەرێمی کوردستان.

30٪ی بەشـداربووان دەڵێـن لـە ئەزموونـی خۆیانـەوە هەسـتیان بـەوە کـردووە کـە جیاکارییـان بەرامبـەر کـراوە یاخـود نادادپەروەرانـە مامەڵەیـان لەگـەڵ کـراوە لەبەرئـەوەی سـەر بـە پێکهاتەیەکـی دیکـەی هەرێمـی کوردسـتانن. 27.5 ٪ رایـان وایـە جـار جـار روویـداوە. بڕوانـە گرافیکـی ژمـارە 18 بـۆ زانینـی تەواوی بۆچوونی بەشـداربووان سـەبارەت جیـاکاری لـە هەرێمـی کوردسـتان.

سـەبارەت بـە رەوشـی ئێسـتای ئابووریـی پێکهاتەکانـی هەرێمـی کوردسـتان، 25.6 ٪ رایـان وایـە خراپـە، 46.2 ٪ رایـان وایـە مامناوەنـدە، 20.5 ٪ رایان وایە تاڕادەیەک باشـە، 2.6 ٪ رایـان وایـە تاڕادەیـەک خراپـە و 5.1 ٪ رایـان وایـە زۆر باشـە.




گرافیکی ژمارە 18: نیشاندەری بۆچوونی پێکهاتەکان سەبارەت ئەوەی ئایا جیاکارییان بەرامبەر کراوە؟

لەبارەی گۆڕانکارییەکانی دوای 2003 و ڕەوشی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان، بڕوانە خشتەی ژمارە 2 بۆ زانینی تەواوی بۆچوونی پێکهاتەکان لەوبارەیەوە. ٪61.5 رایان وایە ڕەوشی ئابوورییان باشتر بووە، 56.4 ٪ دەڵێن لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕەوشیان باشتر بووە و 50 ٪ی بەشداربووان دەڵێن ڕەوشی سیاسی پێکهاتەکان باشتر بووە لە دوای ساڵی 2003.

خشتەی ژمارە 2: بۆچوونی بەشداربووان لەبارەی گۆڕانکارییە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە دوای 2003

| پرسیارەکان | وەڵامی بەشداربووان | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | زۆرباش | باش | وەک خۆی | خراپ | زۆر خراپ |
| بەراورد بە پێش 2003، ڕەوشی ئابووریی ئەمڕۆی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان چۆنە؟ | ٪15.40 | ٪61.50 | ٪10.30 | ٪7.70 | **٪5.10** |
| بەراورد بە پێش 2003، ڕەوشی سیاسی ئەمڕۆی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان چۆنە؟ | ٪22.50 | ٪50 | ٪17.50 | ٪7.50 | **٪2.50** |
| بەراورد بە پێش 2003، ڕەوشی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان چۆنە؟ | ٪20.50 | ٪56.40 | ٪10.30 | ٪10.30 | **٪2.60** |

## ئەنجام

لـەم راپرسـییەدا بەشـێوەیەکی مەیدانـی روانگـەی پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئایینییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان سـەبارەت بـە ڕەوش و مافەکانیـان خرایـەڕوو. بەگشـتی پێکهاتـە ئیتنـی و ئایینیـیـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان دەڵێـن ئازادانـە رێوڕەسـمی تایبەتـی نەتەوەیـی و ئایینـی خۆیـان بەبـێ هیـچ ئاسـتەنگێک ئەنجامـدەدەن. جیاوازیـش لـە بۆچوونـی تاکەکانـی سـەر بـە پێکهاتـەکان لەنێـو خۆیانـدا هەیـە.

سـەبارەت سیسـتمی کۆتـای پەرلەمانـی بـۆ پێکهاتـە ئیتنـی و ئایینییەکان، روانگـەی پێکهاتـەی نەتەوەیـی جیـاوازە لـە روانگـەی پێکهاتـەی ئایینـی، چونکـە پێیانوایـە دەبێتـە هـۆی جیـاکاری و جیاکردنەوەیان لـە نەتەوەکانی دیکـە، بـەڵام ئەوانـەی سیسـتمی کۆتایـان بـە بـاش زانیـوە، دەڵێـن سـەرەڕای ئـەوەی کەمینەیەکـی پەرلەمانـی پێکدەهێنـن، بـەڵام دەتوانـن لـە یاسـاکاندا رۆڵیـان هەبێـت و داواکارییەکانیـان بگەیێننـە شـوێنی خـۆی و لـە دارشـتنی یاسـاکاندا رۆڵیـان هەبێـت.

لەلایەکـی دیکـە و سـەبارەت هـۆکاری درەنـگ وەدیهاتنـی مافـی پێکهاتـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان، زۆرتریـن بەشـداربووی نێـو ئـەم راپرسـییە کـە 39.5 ٪ی بەشـداربووانن، رایـان وایـە بەهـۆی بارودۆخـی سیاسـی عێـراق و ناوچەکـەوە بـووە، لەکاتێکـدا 10 ٪ رایـان وایـە بەهـۆی جۆراوجـۆری داواکاری و داخوازییەکانـی پێکهاتـەکان لەنێوخۆیانـدا بـووە، بڕوانـە گرافیکـی ژمـارە 14 بـۆ زانینـی هۆکارەکانـی دیکـە.

زۆرینـەی بەشـداربووانی ئـەم راپرسـییە رایـان وایـە لـە هەرێمـی کوردسـتان مافەکانیـان پارێـزراوە و رەوشـی ژیانیـان لەچـاو ناوچەکانـی دیکـەی عێـراق باشـترە، هەروەکـو لـە ئەنجامـی راپرسـییەکەوە دەردەکەوێـت، نزیکـەی 70 ٪ی بەشـداربووان رایـان وایـە رەوشـی ژیانیان لـەڕووی سیاسـی، ئابـووری و کۆمەڵایەتـی بـە بـەراورد لەگـەڵ پێـش

ساڵی 2003 لـە هەرێمـی کوردسـتان باشـتر بـووە. بـەڵام سـەبارەت بـە جێبەجێکردنـی مافەکانیـان لـەڕووی پـەروەردە و خوێنـدن و، سـەبارەت بـە ئەنجامدانـی ڕێورەسـمەکانیان ڕێژەیەکـی کەمیـان ڕەخنەیـان هەیـە. هەروەهـا هەندێکیـان مەترسـیان هەیـە لـە زۆربوونـی توندڕۆیـی لـە کۆمەڵگــەی کوردســتان دا .

© هەموو مافەکانی ئەم راپرسییە پارێزراوە بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو،
هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوەو بەکارهێنانەوەیەکی قەدەخەیە.

بەگشتی پێکهاتە ئیتنی و ئایینییەکان لە هەرێمی کوردستان دەڵێن ئازادانە ڕێوڕەسمی تایبەتی نەتەوەیی و ئایینی خۆیان بەبێ هیچ ئاستەنگێک ئەنجامدەدەن. جیاوازیش لە بۆچوونی تاکەکانی سەر بە پێکهاتەکان لەنێو خۆیاندا هەیە.
سەبارەت سیستمی کۆتای پەرلەمانی بۆ پێکهاتە ئیتنی و ئایینییەکان، روانگەی پێکهاتەی نەتەوەیی جیاوازە لە روانگەی پێکهاتەی ئایینی، چونکە پێیانوایە دەبێتە هۆی جیاکاری و جیاکردنەوەیان لە نەتەوەکانی دیکە، بەڵام ئەوانەی سیستمی کۆتایان بە باش زانیوە، دەڵێن سەرەڕای ئەوەی کەمینیەکی پەرلەمانی پێکدەهێنن، بەڵام دەتوانن لە یاساکاندا رۆڵیان هەبێت و داواکارییەکانیان بگەیێننە شوێنی خۆی و لە داڕشتنی یاساکاندا رۆڵیان هەبێت.
رایان وایە لە هەرێمی کوردستان مافەکانیان پارێزراوە و رەوشی ژیانیان لەچاو ناوچەکانی دیکەی عێراق باشترە، نزیکەی 70٪ی بەشداربووانی راپرسییەکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، رایان وایە رەوشی ژیانیان لەڕووی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بە بەراورد لەگەڵ پێش ساڵی 2003 لە هەرێمی کوردستان باشتر بووە، بەڵام سەبارەت بە جێبەجێکردنی مافەکانیان لەڕووی پەروەردە و خوێندن و، ئەنجامدانی ڕێوڕەسمەکانیان ڕێژەیەکی کەمیان رەخنەیان هەیە. هەروەها هەندێکیان مەترسیان هەیە لە زۆربوونی توندڕۆیی لە کۆمەڵگەی کوردستان دا .


ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Centre
www.rudawrc.net